■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فوئاد سـدیق**
Editor-in-Chief
Fuad Sideeq
fuadsdeeq@yahoo.com
تەلەفون: ٠٦٦ ٢٢٣٢٣٨٥
مۆبایل: ٠٧٥٠٤٤٥٢٣٥٨

■ جێگری سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Deputy Editor-in-Chief
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Farhadmohmad@gulan_media.com
تەلەفون: ٢٢٣١٥٢٧

■ بەڕێوەبەری نووسین
**شوان تاڤینگ**
Managing Editors
Shuwan A. Mihemmad
taving@myway.com

■ بەڕێوەبەری هونەری
Art Manager
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ و دیزاین
**لوقمان ڕەشیدی**

■ بەڕێوەبەری پەیوەندیەکان
**سالح عومەر قادر**
Relation`s Manager
Mobil 0750 456 7070
salih_omer2003@yahoo.com

■ فایلەکان
هاوژین عومەر: کۆمەڵایەتی
شەماڵ نووری: ئابووری
مەهدی حاجی ساڵح: ڕەنگاوڕەنگ
سەنگەر شنۆیی: IT
خەلیل بلەیی: هونەری
ئەحمەد عەزیز: وەرزش

■ ناونیشان: هەولێر - شەقامی ٤٠ مەتری
تەنیشت مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی (پ.د.ك)


ڕەزا جەواد تەقی


جاک شاهێن



ستیڤن زۆنس


عەبدوڵڵاهی ئەحمەد


ستیڤن ڤان دیڤارا


**هونەرمەند ئەردەڵان بەکر:**
**تا بازرگانی بە هونەر نەکرێت پێش ناکەوێت**


**ئەمە گەورەترین هێلکەیە لە جیهاندا**


**ئیستیغلالکردنی ئافرەت لە دامودەزگاو شوێنی کارکردندا**

**هەر کاتێک پێویستیت بە هەفتەنامەی گوڵان هەبوو پەیوەندی بەم ژمارەیەی کۆشکی تەتەر بکە تا بۆت دابین بکرێ**
**٠٦٦٢٥٩٢٩٣٨**



# ئایا شەڕی شیعە- شیعە، شەڕێکی خۆجێییە یان....



ئاسۆ کەریم

• ئەو شەڕو پێکدادانەی کە چەند رۆژێکە لەنێوان سوپای مەهدی کە باڵی سەربازیی "کیتلەی موقتەدا سەدر"ە و سوپاو پۆلیسی عێراقی (کە بەشی زۆری لە رێکخراوی بەدر پێکهاتوون) لە شارە شیعەنشینەکانی باشوور (بەسرا و ناسریە) و ناوەڕاست (کوت و بەغدا) کە مالیکی خۆی سەرپەرشتی دەکات، بەڕێوەدەچێ، بەگوێرەی هەندێ چاودێری سیاسیی ئەوە چوارەمین جەولەی شەڕو پێکدادانی حزب و کۆڕو کۆمەڵە جیا-جیاکانی شیعەیە، بۆ ساغکردنەوەی ململانەی سیاسیی و ئابووریی نێوانیان لەو ناوچانەدا بەر لە هەڵبژاردنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگاکان کە بڕیارە ئەمساڵ بکرێتەوەو لە ئاکامی ئەنجامەکانیشدا، رەنگە زۆر پرۆژە خواروو ژووریان تێبکەوێت: لەوانە پرۆژەی پێکهێنانی هەردوو هەرێمی باشوور و ناوەند کە دەمێکە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی بە سەرۆکایەتیی عەبدولعەزیز حەکیم باسیان لێوە دەکات و، هەم "کیتلەی سەدر" و هەم "حزبی فەزیلەی ئیسلامی"یش رەتی دەکەنەوە. ئەمە بێ لە هەڵوێستی هەریەکەیان، لە پرۆسەی سیاسیی لە عێراق و ئەدای حکوومەتی مالیکی، بوونی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و بەستنی پەیماننامەی دوو قۆڵی لەنێوان عێراق و ئەمریکا کە رەنگە بەر لە کۆتایی ئەمساڵ مۆر بکرێ، رایەڵکەو پێوەندیی ژێر بە ژێری هەر یەك لەو کۆڕو کۆمەڵانە بەم لاو ئەو لاو، لە سەرینی ئەمەشەوە، لەناو ئیئتلافی یەکگرتووی شیعەدا کە لە هەڵبژاردنی گشتیی ٢٠٠٥دا، (١٦) حزب و لایەن و گروپی شیعەی گرتبووە خۆی و زۆرینەی پەرلەمانی پێ بردەوەو توانی حوکمڕانی لە عێراقدا بگرێتەدەست، ئەمڕۆ ئەو ئیئتلافە وەکو خۆی نەماوەتەوە و هەردوو کیتلەی سەدری و فەزیلە و هەندێ گروپی بچوکتری لێ بۆتەوەو بەگشتی ئیئتلاف بەدەست دوو هێزی سەرەکی ئەنجوومەنی باڵا و دەعوە بەهەموو باڵەکانیەوە، ماوەتەوە. بەهەرحاڵ، ئەو شەڕە بە موبارەکەی ئیئتلاف کە ئەو دوو لایەنە سەرەکییەی تێداماوە، بەڕێوەدەچێت و هەندەی من ئاگام لێبێت، لایەنەکانی تری ناو عێراق بەتایبەتی سوننەکان، خۆیان بێدەنگ کردووەو چاوەدێری دەکەن بەکام ئاقاردا دەکەوێت. کەواتە مالیکی بێ لە ئەمریکاییەکان و سەرۆکایەتی کۆمار بەئاشکرا تا ئێستا لایەنێکی دی پشتەوانی لێنەکردووە!

• بەقسەی چاودێران، چەندین کۆڕو کۆمەڵی میلیشیایی کۆنترۆڵی بەسرایان کردووە کە تاکە دەراوی عێراقە لەسەر کەنداوو بە پایتەختی نەوتیی عێراق دەناسرێ: سوپای مەهدی، رێکخراوی بەدر، میلیشیای فەزیلە، سارولڵا، حزبولڵای کەریم محەمەداوی، بزووتنەوەی سەییدولشوهەدا، میلیشیاکانی سەر بەدەعوە و هەندێ دەستەو باندی خێڵەکی و دزو جەردەی تر. هەر یەك لەو میلیشیایانە چەند گەڕەك و شوێن و کەرتێکی گرنگیان بەدەستەوەیە و لە رووی چەك و تفاقیشەوە، بەقسەی سەرکردە مەیدانییەکانی بەسرا، لە سوپاو پۆلیسی عێراقی باشترن و تەنانەت هەندێ لە چاودێران پێیانوایە، ئەو شەڕە بەناراستەوخۆ جۆرێکە لە خونواندنی نفووزی ئێرانی لە عێراقدا کە دەیەوێت جێ بە واشنتۆن لە ناوچەکەدا لەق بکات و پلانەکانی لێتێکبدات، پاش ئەوەی واشنتۆن ئامادە نەبووە لە دوای هاتنی سەرکۆماری ئێران مەحموودی ئەحمەد نەژاد بۆ عێراق، درێژە بە وتووێژ لەگەڵ ئێرانییەکان بدات سەبارەت بە رەوشی ئەمنیی عێراق و گرفت و کێشەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە.

• بەپێی هەواڵەکان، ئەو شەڕو پێکدادانە تەنیا لەنێوان شیعەکان خۆیاندایەو هێزەکانی ئەمریکا، لە یەك دوو رۆژی یەکەمدا تەنیا لە دوورەوە چاوەدێرییان دەکردن و بە قسەی بۆش ئەو کردەوەیە، کردەوەیەکی تەواو عێراقییانەیە، بەڵام ئەگەر داوای یارمەتییان لێ بکرێت ئەوا بەهانایانەوە دەچن. لەگەڵ ئەوەشدا، وێناچێ ئەو کردەوەیە وا زوو و بەئاسانی ساغ ببێتەوە، وەکو مالیکی دەڵێ: یان بەسرا کۆنترۆڵ دەکەمەوە، یان رادەستی تاقم و باندە جینایەتکارو جەردەکانی دەکەمەوە. بەڵام لەهەمانکاتدا درێژەکێشانی ئەو شەڕو پێکدادانە: نە بە قازانجی حکوومەتی عێراق و نە بەقازانجی هێزەکانی ئەمریکایە و "سوپای مەهدی" دەبتە قارەمان لە چاوی هەندێ خەڵك بەتایبەت کە ببیندرێ دەتوانێ بەرەنگاری بکات و بەدووریش نازاندرێ مەرجەعیی ئاینیی شیعەکان بێتە ناو هاوکێشەکان و راو بۆچوونێك بدات! بێگومان کاریگەریی خراپیش بەسەر بەغداو ناوچەکانی دی بەجێدەهێڵێت کە چەند مانگێك بوو، تا رادەیەك هێور ببوونەوەو دەرفەت بۆ تاقم و دەستەی تیرۆریستی و تێکدەری تر دەرەخسێنێت کە خۆیان رێکبخەنەوەو دەست بەپەلامار بکەنەوە. بۆیە، ئەگەر لەپاڵ جۆرێ لە "تەمبێکردن" و "تەحجیمکردن"ی سوپای مەهدی و تاقم و باندە لە قانوون بەدەرەکاندا، بواری گفتوگۆ و دوست بەسەرداهێنانەوەو راکێشانەوەی ئەو کیتلەیە بدرێ، لەم هەلومەرجەدا باشترە.

• بەهەرحاڵ، عێراق بە ئاسانی سەقامگیری و تەنایی بە خۆ ناگرێت و نەخشەی هێزەکان و هاوپەیمانی و ئیئتلافە سیاسی و تایەفییەکان زوو زوو دەگۆڕێن، لەم ناوەدا کورد چ دەکات؟ پرسیارێکە زیاتر لە وەڵام و بۆچوونێك هەڵدەگرێت!

Aso2karim@yahoo.com
تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

# دوورتر لە ئاسایشی عێراق لە دانووستانەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێراندا



فەیسەڵ دەباغ

خولی چوارەمی دانووستانەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران لە بارەی رەوشی عێراقەوە دواخرا، ئێران خەتای دواخستنەکە دەخاتە ئەستۆی ئەمەریکا و، ئەمەریکاش دەیخاتە ئەستۆی ئێران و عێراقیش دەڵێ ئەو وادەیەی کە لەلایەن ئێرانەوە سەبارەت بەو خولەوە باسی لێوە دەکرێت دروست نییە و حکومەتی عێراق هیچ وادەیەکی دیاری نەکردووە بۆ ئەو خولە و لایەنی ئێرانی بەر لە ئەنجامدانی سەردانەکەی ئەحمەدی نەژادی سەرۆکی ئێران بۆ عێراق بە مەبەستی گرێدانی گەرێکی دیکەی وتوویژی سێ قۆڵی نێوان ئەمەریکا و ئێران و عێراق، حکومەتی عێراقی ئاگادارکردۆتەوە، بەڵام بەهۆی سەرقاڵی لایەنی عێراقی بە چەند کارێکی دیکەوە نەتوانراوە وادەیەك بۆ دەسپێکردنی ئەو خوولە، دانووستانەکان دیاری بکرێت.

دەست لە کارکێشانەوەی ئەدمیرال فالۆن فەرماندەی سەرکردایەتی ناوەڕاستی ئەمەریکا بە هۆی هەڵوێستەکانی بەرامبەر بە عێراق و ئێران، دووبارە فایلی پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمەریکا لەلایەك و عێراق و ئەمەریکا لەلایەکی دیکەوە خستەڕوو، هەرچەند وتەبێژی کۆشکی سپی ئەوە رەتدەکاتەوە کە دەست لەکارکێشانەوەکەی ئەدیمرال فالۆن پەیوەندی بە مەسەلەی ئێران و عێراقەوە هەبێ، بەڵام چاودێرە سیاسییەکان تەئکید لە بوونی ئەو پەیوەندییە دەکەنەوە، ئەدمیرال فالۆن لەگەڵ کێشانەوەیەکی خێرایی هێزەکانی ئەمەریکایە لە عێراق و هەروەها دژی بەکارهێنانی هێزە دژی ئێران و پێیوایە هیچ سوودێکی بۆ ئەمەریکا نییە و وا بڕیاربوو لە مانگی داهاتوودا راپۆرتێك سەبارەت بەو دوو مەسەلەیەوە پێشکەش بە ئیدارەی ئەمەریکا بکات.

جیاوازی لەدیدی نێوان ژەنەراڵ پاتریو و ئەدمیرال فالۆن گەیشتبووە رادەیەك کە دەبوایە یەك لەو دووە گۆڕەپانەکە بۆ ئەویتر چۆل بکات.

ئیدارەی ئەمەریکا بە پێچەوانەی ئەدمیرال فالۆن بایەخێکی زۆر بە فایلی ئێران دەدات و بە مەترسییەکی گەورە لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی نێویندا دادەنێ.

ناونیشانی گفتوگۆکانی ئەمەریکا و ئێران کەوا چاوەڕوان دەکرێ خولی چوارەمی لە چەند رۆژی داهاتوودا ئەنجام بدرێ، ئاسایشی عێراقە، بەڵام ئەمەریکا و ئێران هەر یەکە و دیدی خۆی سەبارەت بەو مەسەلەیەوە هەیە، لە کاتێکدا لایەنی ئەمەریکی پێداگیری لەسەر مۆرکی تەکنیکی گفتوگۆکان دەکات کە ئامانجە سەرەکییەکەی هێنانەدی سەقامگیرییە بۆ عێراق، لایەنی ئێرانی ئاماژە بەوە دەکات کە ئاسۆی تەسویەکردنی تەنگژەکەی عێراق دەبێ لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی دراوسێ بێت، بەتایبەتی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئێران.

ئەمە راگەیاندراوەکەیە و لە ژێر ناونیشانی ئاسایش و سەقامگیری لە عێراق و ناوچەکەیە، هەرچەند ئەم راگەیاندراوە بایەخی خۆی هەیە، بەڵام کاریگەری گفتوگۆکانی ئێران و ئەمەریکا فرە لایەنە و تەنیا کاروباری عێراق ناگرێتەوە، بەڵکو کاروباری رۆژهەڵاتی نێوینیش، لەوانە فایلی ئەتۆمی ئێران و، تەسویە کردنی کێشەی عەرەب- ئیسرائیل و، بەر لەویش بازرگانی نەوتی جیهانی و هەردوو ئیستیحقاقە ئەمنی و ئابوورییەکەی تاران بەڕاشکاوی دەیەوێت چوارچێوەی وتووێژەکان تەنیا دەربارەی ئاسایشی نەبێت، بەڵکو گشتگیر بێت، دەیەوێت دان بە رۆڵە هەرێمایەتییە رۆژهەڵاتییە نێوینەکەی بنرێ، بەڵام ئەولەویاتی واشنتۆن وەدەستهێنانی خەڵاتە نەوتییەکەی عێراق و رۆژهەڵاتی نێوینە، بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵی ئەوە دەدات لە رێی سەفاقەتی جۆراوجۆرەوە بگاتە ئامانجە ستراتیژییەکانی کە لەوانەیە بۆ گەیشتنی بەو ئامانجە تەنازولاتیش بکات.

لە نێوان ئەو دوو ئامانجە گەورەیەدا، لەوانەیە وتووێژی ئەمەریکا و ئێران و لە ژێر ناونیشانی ئاسایشی عێراق دەست پێ بکاتەوە و لەو پێناوەشدا چەند کۆنگرەیەکی وڵاتانی دراوسێ و بە بەشداری ئێران ببەسترێ کە ئامانجی گشت ئەو وڵاتانە هێنانەدی بەرژەوەندییەکانیەتی.

ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا لەو کاتەی کە پلانە ستراتیژییەکەی بۆ گێرانەوەی ئاسایشی لە بەغدا و ناوچەی ئەنباردا راگەیاندووە، دەستی بە گفتوگۆکردن لەگەڵ ئێران کردووە.

هەر چەندە ئەو سەرکەوتنەی کە لەو بوارەدا ئەمەریکا وەدەستی هێناوە لەگەڵ ناوەڕۆك و ئامانجە ئەمەریکییەکە ناگونجێ، بەڵام گفتوگۆی ئەمەریکا و ئێران رانەوەستاوە و تا ئێستا دبلۆماسییەتی ئێران بەردەوامە لە خستنەڕووی ئەلتەرناتیڤە سیاسییەکەی خۆی لەگشت نێوەندە دەوڵەتییەکاندا، ئەوروپی و رووسی و ئەمەریکیدا.

ئەگەر خەڵاتی داواکراو نەوت بێت، ئەوا ئیدارەی ئەمەریکا لە هاوینی ئەمساڵدا دەیەوێ پەیمانێکی دۆستایەتی و هاریکاری لەگەڵ عێراقدا مۆر بکات، بە دەربڕینێکی تر پەیمانە نوێیەکە کە هەر وەکو هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراق دەڵێ: پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی عێراق

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

و هێزەکانی ئەمەریکا و مەسەلەی سەروەری سەرکردایەتی کردنی کردەوە ئەمنی و عەسکەرییەکان و کۆنترۆڵکردنی هێزەکانی عێراق ڕێك دەخات، ئەمە سەرەڕای ماوەی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا.

هەموو ئەو شتانە لە دەرەوەی نێودەوڵەتی بەڕێوە دەچێت، ئەم ئەنجوومەنە لە بڕیارەکانیدا داوای بە بەرنامەکردنی کشانەوەی هێزو فرە ڕەگەزەکانی دەکرد لە عێراقدا، ئەم وڵاتەشی لەبارێکدا داناوە کە لە ژێر داگیرکاریدایە و سەرپەرشتی ئەو دانوستانە ئەمەریکی عێراقییەش ناکات کە چوار چێوەیەکی گشتی بۆ پەیوەندییە دووقۆڵییەکان دادەنێ، بەپێی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا نەك عێراق.

پرسیار ئەوەیە: بۆ ئێران لە بارێکی وادا ڕوو لە دانوستان لەگەڵ واشنتۆن ناکات بۆ زامنکردنی بەرژەوەندییەکانی لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی نێویندا؟

ئایا ئەم بارە دەبێتە هۆی لەیەك تێنەگەیشتنی ئەمەریکا و ئێران دەربارەی عێراق، دوور لە ئیرادەی عێراقییەکان؟

ڕەوتی سەدر لە کایەی یەکەمی وتووێژە ئەمنییەکانی نێوان تاران و واشنتۆن ئاماژەی بەو مەسەلەیە کرد و پێی وابوو کە ئەمەی دەکرێ دانپێدانێکی ئێرانییە بە ئەمری واقیع، واتە واقیعی ئینتدابی ئەمەریکی لەسەرعێراقدا، پێداگیریشی کردبوو لەسەر هاونیشتمانێکی عێراقی بۆ گەیشتنی بە بەرنامەیەکی سیاسی نیشتمانی کە گشت لایەنە ناکۆکەکانی عێراق لەسەریدا ڕێك بن و هەر بەخۆشیان بەرنامەیەك دابنێن بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا.

لەوانەیە ئەو کەشە سیاسییە هەر لەسەرەتایی پارساڵەوە باڵی بەسەرنێوەندێکی فراوانی عێراقدا کێشا بێت، بەڵام بەهۆی ئاڵۆزی تەنگژەکەی عێراقەوە فشارێکی زۆری خستبووە سەر عێراقییەکان بۆ ئەوەی نەگەنە دیدێکی هاوبەش سەبارەت بە سەقامگیری سیستەمە نوێیەکەیان.

با بگەڕێینەوە سەر پرسیاری پێشوو سەبارەت بە زامنکردنی بەرژەوەندییەکانی ئێران پاش ئەوەی کۆنگرەکانی وڵاتانی دراوسێ بوو بە (مقاصە)یەکی ئەمنی و سیاسی و ئابووری و هەر لایەنێکیش بوو بە خاوەن بەرنامە و داواکاری خۆی.

تورکیا دەیەوێ چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ کێشەکەی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستاندا بدۆزێتەوە و لە ژێر هەر بە هانەیەکیش دروستبوونی قەوارەی کوردستانی سەربەخۆ لە عێراق ڕەت دەکاتەوە، کە پێی وایە لە دوا ڕۆژدا هەڕەشە لە یەکێتی خاکی تورکیاش دەکات.

سوریا کە پارساڵ میوانداری کۆنگرەی شارەزایانی ئاسایش لە وڵاتانی دراوسێی عێراق کرد، زۆر بە وردی لە ئاسایشی سنوور و قاچاخی چەك و پەڕینەوەی چەکدارانی کۆڵیەوە، دانپێدانێکی ئەمەریکی دەوێ بە ڕۆڵە هەرێمایەتییەکەی و توانای وتووێژکردن لەسەر چارەنووسی جۆلانی داگیرکراو.

وڵاتانی ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداویش لە خاڵی سەقامگیری ناوچەی کەنداوەوە دەست پێ دەکات، بەتایبەتی لە ڕووی نەوت و ئاسایشەوە، زۆریش لە توندبوونی کێشەی تایفی لە عێراقدا دەترسێ، چونکە پێی وایە کە ئەمە کاریگەری سلبی دەکاتە سەر ئەویش.

ئەمما ئیسرائیل، ئەویش لە هەوڵی ئەوەدایە بەلاگیری ڕاستەوخۆی ئەمەریکا، بەتایبەتی پاش هەرەسهێنانی هێزە سەربازییەکەی عێراق بەشداری لە ئەمنیەتی ڕۆژهەڵاتی نێویندا بکات.

عێراقیش لە باری ئەو دەوڵەتەدایە کە سەروەری خۆی لە دەست دابێ.

دوور لە وڵاتانی دراوسێ، هێزە نێودەوڵەتییەکان خەریکی زامنکردنی بەرژەوەندییەکانیان لە عێراق و ناوچەی کەنداو.

ڕووسیا ڕەزامەندی دەدات لەسەر سڕینەوەی زۆربەی قەرزەکانی لەسەر عێراقدا،واتە نزیکەی (١٢) ملیار دۆلار لە کۆی ١٢,٩ ملیار دۆلار کە سەرجەمی قەرزەکەیە ئەویش بەرامبەر بە زیندووکردنەوەی گرێبەستێکی کۆمپانیای لوك ئۆیل کە لە ساڵی ١٩٩٧ دا و لەسەردەمی ڕژێمی پێشوودا ئەنجام درابوو، ئەمە سەرەڕای ئامادەیی ڕووسیا بە وەبەرهێنانی نزیکەی چوار ملیار دۆلار لە پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەی عێراقدا، بۆ ئەوەی ئەم سەقفە گەورەیە بێتە ئەنجام ، وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا باسی لە گەیشتنی عێراقییەکان بۆ شێوازێکی گشتگیری ویفاقی نیشتمانی دەکات بەر لەوەی قسە لەسەر کشانەوەی ئەمەریکا لە عێراق بکەن.

ئەمە دیمەنێکە لەو دیمەنانەی کە بەپێی بەرژەوەندییەکانی نێودەوڵەتی ئاڵوگۆڕ دەکرێن.

لەوانەیە(مقاصە)یەکی تر لەگەڵ وڵاتانی یەکێتی ئەورووپاش ئەنجام بدرێ لە چوار چێوەی کێبڕکێیەکی نێودەوڵەتی گەرم لەسەر نەوتی عێراق و ئەمنیەتی وزە لە ناوچەی کەنداوا.


ئەو هەموو شتانە لەبەرچاوی سەرکردایەتی ئێران دەکرێ، بۆیە ئەویش لە هەوڵی ئەوەدایە ڕۆڵی خۆی لەو بوارەدا پتەوتر بکات و بەرژەوەندییەکانی زامن بکات.

لەسەرەتای مانگی ئاداردا سەرۆك کۆماری ئێران سەردانی بەغدای کرد و وتووێژی دەربارەی ئاسایش و بەرژەوەندییە ئابووری و نەوتییەکانی کرد و سەردانەکەشی بەر لە دانیشتنێکی فراوان لەگەڵ ئەمەریکییەکاندا هات، لە ڕاستیدا ئامانجەکەی لەمەسەلەی سەقامگیری عێراق دوورتر بوو.

●●●
**لەوانەیە وتووێژی ئەمەریکا و ئێران و لە ژێر ناونیشانی ئاسایشی عێراق دەست پێ بکاتەوە و لەو پێناوەشدا چەند کۆنگرەیەکی وڵاتانی دراوسێ و بە بەشداری ئێران ببەسترێ کە ئامانجی گشت ئەو وڵاتانە هێنانەدی بەرژەوەندییەکانیەتی**
●●●

●●●
**تەنگژەکەی عێراق بووەتە ماددەیەکی سەرەکی سەودایەکی نێودەوڵەتی، هەر لە هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا تا دەگاتە فایلی ئەتۆمی ئێران**
●●●

# کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات، ناوچە شیعە نشینەکانی بەرەو نەهامەتی برد



فوئاد سدیق

گرووپ و پێکهاتەکانی عێراق چەند زۆر و جیاوازن، ئەوەندەش پێکناکۆکن، هەندێ جار بەهۆی کۆمەڵێك هەوڵی سیاسی و دیپلۆماسی، بۆ ماوەیەك کێشە ئاڵۆزو تێکچڕژاوەکان دەوەستێنرێن، بەڵام چارەسەری ریشەیی ناکرێن، رەوتی سەدر ئەو کاتەی لە شاری نەجەف لەگەڵ سوپای ئەمریکییەکان کەوتە شەڕێکی توندەوە ، وەستاندنی شەڕەکە تەنها لەپێنا وەستاندن بوو نەك رێککەوتنێکی سیاسی و چارەسەرێکی ریشەیی بۆیە هەر جارەی لەناکاو وەك پشکۆی ژێر خۆڵەمێش دادەگیرسێتەوە ، لە ماوەی رابردوودا خەریك بوو عێراق جۆرێك لە ئارامی بەخۆوە گرتبوو، بەڵام ئەو جۆرە ئارامییە لەو نەخۆشە دەچوو کە بە دەرمانی موسەکین نەخۆشەکە ئەوەندە هەست بە ئازارە سەختەکەی نەکات، ئەگەرچی راگرتنی ئازارەکە تەنها بۆ ماوەیەکی کاتییەو چاری دەردەکەی نەدەکرد، عێراقیش وابوو، تەنانەت ئەو ئەنبارەی کە پڕکرا لە چەکداری میلیشیایی چاوەڕوانی ئەوە دەکرا دۆخی ئەنبار بە شێوەیەکی دیکە ئاڵۆزی تێبکەوێت، وەك دەبینین ئێستا ململانێی توند لە نێوان حیزبی ئیسلامی و هێزەکانی رابوون(سەحوە) دروست بووە،بە شێوەیەك دوورنییە ئەگەر هەر لە ئێستاوە چارەسەرێکی سیاسییان بۆ نەدۆزرێتەوە ئەوانیش واتە حزبی ئیسلامی و چەکدارانی رابوون(سەحوە) بکەونە ناو یەك، هەروەك دەبینین لە ئێستاوە هەریەکەیان داوای چۆلکردن لە ئەوەی تر دەکات.

دیارە ئەوکاتەی دیك چینی هاتە بەغداو هەولێر، چاوەڕوانی ئەوە دەکرا کە سوپای عێراق روو لەموسڵ بکەن، چونکە تا شەڕی نێوان سەدرو بەدر لە بەسرە نەبووە شەڕێکی خوێناوی، موسڵ تاکە شاری عێراقی بوو کە زۆرترین تیرۆریست خۆیانی تێدا حەشاردابوو، بێگومان زۆرترین نا ئارامیشیان تێیدا دروستکردبوو,لەسەر زاری گەورە بەرپرسانی عێراقیش تەئکید لەوەدەکرایەوە کە کاتی ئەوە هاتووە موسڵ وەکو فەلوجە لە تیرۆریستان پاك بکرێتەوە ،لە لایەکی تریشەوە ئەوەی مەزەندە دەکرا دوای هاتنی دیك چینی کار بۆ فیدراڵیزم بکرێ لە باشووری عێراق، بەڵام بە پێچەوانەی بۆچوونی فەزیلە یان رەوتی سەدر لە بارەی فیدڕالیزمەوە، هەروەك دەمێکە ئەنجوومەنی باڵا خستوویەتیە ناو ئەجێنداو کارنامەی خۆیەوە، بەڵام رووداوەکانی ئەم دواییە هەموو هاوکێشەکانی قڵپ کردەوە ، تەنانەت پریشکی ئاڵۆزییەکانی بەسرە بەغداو تەواوی شارەکانی باشووری عێراقیشی گرتەوەو دەرفەتێکی باشیش بۆ تیرۆریستان لە شارو شوێنەکانی عەرەبنشینی سوننە دروست کرد کە بۆخۆیان هەناسەیەك بدەن و پلانی خۆیان بۆ داهاتوو باشتر رێکبخەن.

ئێستا قسەلەسەر ئەوە نییە، کام لایەن خەتابارەو کام لایەنیش لەسەر هەقە، بەڵکو ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەوەیە ، دەمێکە شاری بەسرە سەرچاوەی نائارامی هێزو لایەنەکان بوو، دەمێکە لەسەر ئاودیوکردنی نەوت ململانێ هەبوو، دەمێکە هەر لایەنەو دەیویست جێگە بە ئەوی تر لەق بکات و بۆ خۆی حاکمی شار بێت ، حاکمی شاریش نەوتی قاچاخی دەستدەکەوت و ئاودیوی دەکرد، دەمێکە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی رەوتی سەدری بە مەترسی گەورە دەزانی بۆ سەر خۆی، نەك هەر لە شاری نەجەف، بەڵکو لە تەواوی شارە شیعییەکان بە شاری بەغدایشەوە، رەوتی سەدر تەنگی بە ئەنجوومەنی باڵا هەڵچنیبوو، ئەمە لە کاتێکدا نابێ ئەوە لەیاد بکەین مالیکی بەیارمەتی رەوتی سەدر و بە جیاوازییەکی زۆر زۆر کەم گەیشتە پلەی سەرۆك ئەنجومەنی وەزیران ، کێشەکە لێرەدایە ئەمریکا راستە پشتگیری مالیکی دەکات بەڵام مالیکیشی تەواو بە دڵ نییە، بەڵام جارێ جێگرەوە(بەدیل )ی مالیکی نییە، بۆیە ئەمریکا دەیەوێت مالیکی تەواو لە ئێران دوور بخاتەوە، تا باشتر پشتی بگرێت، بەڵام ئایا مالیکی جورئەتی ئەوە دەکات لە کاتێکدا ئێران زۆرترین نفوزی لە باشووری عێراق هەیە ،ئەگەر مالیکی پشت بە ئەمریکا ببەستێ وەك ئێستا خەریکە دەیکات، بەم پشت پێ بەستنەش لە رووی سەربازی سەردەکەوێت، بەڵام لە رووی سیاسییەوە تووشی قەیرانێکی سەخت دەبێت، چونکە چی گرووپی شیعە هەیە سۆزو هەواداریان بۆ ئێران هەیە، ئەو کاتە مالیکی تووشی دۆڕانێکی سیاسی و جەماوەری دەبێتەوە، بەهەر حاڵ ئەم پرسە زۆر ئاڵۆزەو وەك یاریکردن بە ئاگر وایە ،هێشتا هەڵوێستی گەورە مەرجەعی شیعییەکان کە سیستانییە ،زۆر روون نییە، بەڵام هەڵوێستی جەعفەری پشتگیریکردنە لە رەوتی سەدر کە جەعفەریش لە بەیتی شیعی نزیکە، بۆیە مالیکی بەهۆی ئەم شەڕەوە هەندێك دەستکەوت بەدەست دەهێنێت بەتایبەت لەلایەن ئەمریکییەکانەوە، بەڵام دوورنییە چەند دەستکەوتێکیش لەدەست بدات، لەکاتێکدا ئەم شەڕە کۆتایی نایەت چونکە تەنها بەسرە نییە، بەڵکو ناو بەغداش گەورەترین ئاڵۆزی تێکەوتووە، بە ناوچەی سەوزیشەوە.

# کۆڕەو

# وێستگەیەکی گرنگ لە مێژوودا



سالار عوسمان

دەمەوێ بەنێو مانا و ئاماژە فرە رەهەندەکانی کۆڕەو (١٩٩١/٣/٣١) گوزەر بکەین، لەم گوزەرکردنەدا سەرنجتان بۆ یەکێك لە وێستگە هەر گرنگەکانی مێژوویی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان رادەکێشم کە بە بڕوای من تائێستا بایەخێکی شایەن باسی پێ نەدراوە، بەر لە ١٧ساڵ لە کوردستانی باشوور گەل بە تێکڕا و لە کۆڕەوێکی فرەمانادا رژێمی بەعسی رەتکردەوە و لە نێو ئەو رەتکردنەوە سیاسییەشدا ماناگەلێك خۆ نمایش دەکەن کە ئەمانە پاژێکن:

-١ کورد نایەوێ چیتر ژێردەست بژی.

-٢ کورد لە کۆڕەودا راپەڕینی کردە هەقیقەت.

-٣ ئەو ئازادییەی لە دەرئەنجامی راپەڕینەوە وەدەست هاتووە کورد دەیپارێزێ و بەرەڤانی لێ دەکات.

-٤ تا رادەی مەرگ ئامادەی قوربانیدانە، بەڵام ئامادە نییە بچێتەوە ژێردەستی بەعس، ئەو گیانی قوربانیدانە دواتر هاوکێشە سیاسی و سەربازییەکانی گۆڕی و رژێمی ناچار کرد داوای دانوستان بکات.

-٥ ترازان و تێپەڕاندنی مەسەلەی کورد لە مەسەلەیەکی ئینسانی بۆ مەسەلەیەکی سیاسی، مەسەلەی میللەتێکی بەشخوراو، نەگەیشتوو بە مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی.. چونکە تا ئەو کاتیش زۆربەی نێوەندە بڕیاربەدەستەکانی دونیا وەك مەسەلەیەکی ئینسانی تەماشای کێشەی کوردیان دەکرد.

-٦ راکێشان و کۆکردنەوەی سۆز و سەرنج و بڕوای نێوەندە بڕیار بەدەستەکانی دونیا بۆلای کورد و مەسەلە سیاسییەکەی، ئەو مەسەلە رەوایەی رژێمی بە ئاگرو ئاسن مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد، دونیاش لە ئاستیدا بێ دەنگ، بێ هەڵوێست!!.. تەنانەت لە زۆربەی وێستگە گرنگەکانی مێژووشدا دژ بە مەسەلەکە و کۆك لەگەڵ دوژمن!

-٧ خۆرێکخستنەوەی بەرەی سیاسیی و باشتر ئامادەکردنەوە و بەهێزکردنەوەی پێشمەرگە بۆ رووبەڕووبوونەوە و پێشهاتەکان!..

-٨رێگەگرتن لە ڕشتنی خوێنی خەڵکی سڤیلی کوردستان بەبێ ئامانج، بە واتایەکی دیکە پارێزگاریکردن لە ئینسانی کورد!

* ئەمانە بەشێکن لەو مانا و ئاماژە سیاسییانەی کە کۆڕەو کردیە پێناسەی خۆی، دواجار سەرجەم ئەو مانا و ئاماژانە چوونە نێو پراکتیزە بوون و ئەوە بوو بەرەی کوردستانی رێکخراوتر و بە بەرنامەتر لەگەڵ پێشهاتەکان بەرخوردی کرد و هاوکێشە سیاسیی و سەربازیی و جەماوەرییەکانی بەلای خۆیدا شکاندەوە، گرنگترینیان.

-١ شکاندنی هێزە سەربازییەکانی بەعس لە کۆڕێ و ئەزمیر و دهۆك.

-٢ ناچارکردنی رژێم بە پاشەکشە و وەستان لە شوێنی خۆی و هێرش نەکردن.

-٣ کشانەوەی دەزگا ئیدارییەکانی رژێم کە بووە مایەی دروستبوونی بۆشاییەکی ئیداری لە کوردستان .

-٤ لاوازکردن و بچووککردنەوەی جوگرافیای هێزەکانی رژێم لە کوردستان کە دواتر وای لە رژێم کرد داوای دانسوتان بکات!

سەر لەبەریی ئەو رۆژانە بە راپەڕینیشەوە وێستگەیەکی هەرە گرنگی مێژوویی بزاڤی سیاسی و رزگاریخوازیی گەلی کوردستانە کە سەرۆك مەسعود بارزانی لە نێو جەرگەی خاکی کوردستان و لە نێو مەیدانەکانی شەڕو لە سەرۆکایەتیکردنی بەرەی کورد لە کوردستاندا رابەرایەتی دەکردو هەموو هێزو توانای سیاسی و عەسکەریی و جەماوەرییەکانی کوردستانی بەرەو لووتکەیەك ئاراستە دەکرد کە دەکرێ ناوی لێنێین(ئازادکردنی کورستان و بەرگریکردن لە نیشتمان)..

وتارە ئاگرین و ئاییندەبین و ئومێدبەخشەکانی سەرۆك لە رۆژانی راپەڕین و کۆڕەو و دوای کۆڕەو، بوون بە بەرنامە و میتۆد بۆ بنیادنانی ژیانی سیاسی لە کوردستان و لە نێو ئەو میتۆدە رۆشنەدا (ئازادیی، هەڵبژاردن ، دیموکراسی، گەڕانەوە بۆ رای گەل، سەروەری یاسا، بە موئەسەسات بوون، فرەیی سیاسی، بەیەکەوە ژیان، لێبووردەیی، پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و کلتووریی، بایەخدان بە جەماوەر و...هتد) بوون بە بنەما و دواتر کوردستانی گەیاندە ئەمڕۆ!!..

ئەمڕۆ هەروا بە ئاسانی کەڵەگەت نەبووە گەورەبوونی ئەمڕۆ کاری دوێنێیە! .. دوێنێیەك پڕاوپڕ لە تەحەدیات- لە سووربوون- لە حیکمەت - لەوڵاتپارێزیی..!! هەر بۆیە دەمەوێ بڵێم نەوەی نوێ هەندێ جار کە قسە دەکات نایەوێ ئەم راستیانە وەك خۆی ببینێ!.. هەندێ جار خۆی کەمی پێیە کەچی زۆری لێدەکا!.. هەندێ کەڕەتیش زۆر دەڕوا ئاوڕناداتەوە!!.. زۆر رەش دەبینێ و کەم سپی!!... کوڕەو رۆژێکی سپی بوو، راپەڕین سپیتر، لە هەموویان سپیتر پاراستنی راپەڕین و دەستکەوتەکانیەتی کە ئەمڕۆ هەموومان لەسایەیدا بە ئازادیی دەژین و هەنگاو دەنێین!!!

Salar osman@yahoo.com

**ئەگەر شەڕەکە لە پێناو گێڕانەوەی دەسەڵاتی حکومەت بێت بۆ بەسرەو دەوروبەری، ئەوا لە هەمان کاتدا شەڕێکە لە پێناو دەست بەسەرداگرتنی سامانی نەوت و بازرگانیی و بە قاچاخ بردنی نەوتی ناوچەکەیە**

لە نێوان چەند حیزب و هێزێکی سیاسیی شیعە. سوپای مەهدی بە هۆی هاوکاریەکانی ئێران لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا نەشونما کردنێکی زۆری بە خۆیەوە دی. خەریك بوو بەم دواییە جێگە بە پێگەکانی حزبی دەعواو لایەنەکانی دیکەو مەرجەعیەتی سیســـتانی لەق دەکرد. جبەخانەیەکی زۆری چەکیشـــی پەیدا کرد بوو. ترســـی ئـــەوە هەبوو لە هەڵبژاردنی داهاتوودا هێزێکی زۆر گەورەتر لەوەی ئێستـــا پەیدا بکات.

دووەم، ئەگەر شـــەڕەکە لە پێناو گێڕانەوەی دەســـەڵاتی حکومەت بێت بۆ بەســـرەو دەوروبەری، ئەوا لە هەمان کاتدا شەڕێکە لە پێناو دەست بەســـەرداگرتنی سامانی نەوت و بازرگانیی و بە قاچاخ بردنی نەوتی ناوچەکەیە. بەرپرسانی وەزارەتی نەوتـــی عیراقی دەوری زۆریان لەو قاچاغچێتیە هەیە. دیارە، بەسرە گەورەترین کێڵگەی بەرهەمهێنانی نەوت و دەرگای فرۆشـــتنی نەوتە لە عیراقـــدا. لەو ناوچەیەدا بـــازاڕی قاچاغچێتی نـــەوت لە ئەوپەڕی بـــرەو دایە بە تایبەتی لە رێگـــەی ئێرانەوە. هەندێك لە ســـەرچاوەکان، رێژەی فرۆشـــرانی نەوتی قاچاغ لەم ناوچەیە، رۆژی بە یەك ملیۆن بەرمیل لە قەڵەم دەدەن.

ســـێیەم، ئەگەر شـــەڕەکە بۆ پاك کردنـــەوەی ناوچەکە بێت لە نفووزو دەســـەڵاتی ئێران، ئەوا هەموو ئەو حیزب و هێزە سیاســـیانەی ئەمڕۆ خەریکی قڕ کردنی یەکترین، بە حزبەکەی ئەلمالیکیشەوە، هەر لە کۆنەوە دەست پێشکەر بوون لە هێنان و بڵاو کردنەوەی دەسەڵاتی ئێران لە ناوچەکەدا.

**ئەگەر شەڕەکە بۆ پاك کردنەوەی ناوچەکە بێت لە نفووزو دەسەڵاتی ئێران، ئەوا هەموو ئەو حیزب و هێزە سیاسیانەی ئەمڕۆ خەریکی قڕ کردنی یەکترین، بە حزبەکەی ئەلمالیکیشەوە، هەر لە کۆنەوە دەست پێشکەر بوون لە هێنان و بڵاو کردنەوەی دەسەڵاتی ئێران لە ناوچەکەدا**

بە هەر حاڵ، نە کات کاتی ئەو جۆرە تۆمەت گۆڕینەوانەیە و نە کوردیش بە شـــێوەو پێوانەی ئەوان سیاســـەت دەکات. لەگەڵ ئەوەش، مەعلوومە رەوتی سەدرو سوپای مەهدی، لە ماوەی چوار ســـاڵی رابردوودا دوژمنایەتیەکی زۆریان لەگەڵ ئەمریکا پەیدا کرد. لە ئەنجامیشدا زۆرتر بەرەو ئێران رۆیشتن. لەوەش بەولاتر، ئەلمالیکی هاوپەیمانی ئەمریکایە ئێمەش وەك بەشـــێکی گرنگ لە حکومـــەت و دەوڵەتی عیراق، بەرژەوەندیمان لەوە دایە پشـــتگیری حکومەتەکەی بکەیـــن. بەڵام بەهۆی ئاڵۆزیەکانـــی ئەمڕۆی بارودۆخی عیراق و نادیاریی دواڕۆژی هەندێك لە مافە گرنگەکانی ئێمـــە لەو وڵاتەدا، هەروەها بە هۆی تێکقڕژانی بارودۆخی ناوچەکەو ســـەختی و زەحمەتیی هەلومەرجی سیاسەت لە دەوروبەرمانـــدا، وا چاکە بۆ کـــورد ئەوەندەی پێی دەکرێت خۆی لەو شەڕە دوور بگرێت.

بێگومـــان، بەرژەوەندیی کورد لەوەدایە پشـــتی ئەمریکا بگرێت. بەڵام لە هەمان کاتـــدا بەرژەوەندیمان لەوەش دایە دوژمنایەتی ئێران نەکەین. تا ئێستا هیچی ئەوتۆ لە ئارادا نیە نیشـــانی ئەوە بدات کە کورد بە تەنگ ئەوەوەیە خۆی بخاتە ناو بازنەی پشـــتگرتنی لایەنێك لە دژی لایەنەکەی دیکە. لەگەڵ ئەوەش، پێویستە بگوترێت کە دەبێت کورد لە ئاســـت ئەو جۆرە شەڕانەی عیراق هوشیارانە بجولێتەوە. بە بەهانەی پشتگیری کردن لە حکومەتی ئەلمالیکی یان هەر لایەنێکی دیکە خـــۆ نەخاتە بەرەی عیراقیە ناکۆکەکانەوە. راســـتە ئێمە لە بـــەرەی حکومەتی عیراق داین. راســـتە، ئێمە لە دژی هەموو دەســـت درێژی کردن و تەدەخولێکی ناوچەیین لە کاروباری ناوخۆی عیراق. راستە ئێمە لەگەڵ دیموکراتی و دەستوورو یاساین. بەڵام لە هەمان کاتدا، ئێمە لەنگەری پاراســـتنی پێکەوەژیانی ئاشتیانەین لە عیراقدا. ئێمـــە لەگەڵ ئەوەین هیچ لـــەو پێکهاتانەی ناو عیراق بە شـــەڕو ناکۆکیی چەکدارانە جیاوازیەکانی خۆیان چارەسەر نەکـــەن. هەروەها لەگەڵ ئەوەین عیراق و حکومەتی عیراق پەیوەندیەکانیان لەگەڵ دەوروپشت تووشی قەیران و ناکۆکی و شەڕو ئەزیەت نەکەن. بەڵام، گرنگ لە ئەمڕۆی عیراقدا ئەوەیە کە ئەم شـــەڕە بە سەرکەوتنی هیچ کام لە لایەنەکان تەواو نەبێت، چونکە ســـەرکەوتنی لایەنێك لەو دوو لایەنانە رەنگە تەرازووەکانی هێز لە نـــاو عیراقدا بە تەواوەتی تێك بدات. وەك مەعلوومـــە، تێکچوونی لەنگەری تەرازووەکان لە عیراقی ئەمڕۆدا رەنگدانەوەی خراپی لێ دەکەوێتەوە بۆ کوردو عەرەبی سوننەو تەواوی پێکهاتەکانی دیکە.

خاڵێکی دیکەش ئەوەیە کـــە ئەلمالیکی تاوەکو ئەمڕۆ بە شێوەیەکی راست و دروست حکومەتەکەی خۆی بەڕێوە نەبردوەو زۆر جار قازانجەکانی عیراقی کردوە بە قوربانیی قازانجە حیزبی و مەزهەبیەکانی خۆی. بۆیە، پرۆســـەی سیاســـی لە عیراقدا هەمیشـــە تەگەرەو گرفتی هاتۆتە پێش. بە هۆی گرفت و کێشەکانی ئەلمالیکی نە سوننەی عەرەب توانیویانە خۆیان لەگەڵ سیســـتەمە سیاسیەکەی ئەمـــڕۆی عیـــراق بگونجێنن و نە کـــورد توانیویەتی بە بەشـــێکی گرنگی مافە دەســـتووریەکانی خۆیان شاد بن و نە دیموکراســـیش بە شـــێوەیەکی رێك و پێك لەو وڵاتەدا دامەزراوە. بۆیە، کەوتنەوەی شـــەڕی لەم جۆرە، زادەیەکی ئاسایی سیاســـەتە هەڵەکانی ئەلمالیکیە. بەرپرسیارێتیی هەڵگیرســـاندن و راگرتنیشـــی هەر تەنیا لە ئەستۆی ئەو دایە.

خۆ ئەگەر بازنە دوورەکەی رووداوەکانی بەسرە لەبەر چاو بگرین و بڵێین شەڕ شەڕی ئێران و ئەمریکایە، ئەوا دیسانەوە دەبێت ئەو راستیە لەبەر چاو بگرین کە هاندەرو هاوپەیمان و پشتگری موقتەدا سەدر لە عیراق دا ئەلمالیکی خۆی بووە. لێرەش هەڵە هەڵەی ئەلمالیکی خۆیەتی و ناکرێت گەلانی عیراق باجی سیاســـەتە هەڵەکانی بـــە خوێن و کاولکاری بدەنەوە. ئەلمالیکی ئەوە دەدورێتەوە کە چاند بووی.

# وا چاکە شەڕی بەسرە رابگیرێت
# وا چاکتریشە کورد نەبێتە لایەن



سامی شۆڕش

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

هەفتەیەکە، شەڕو شۆڕو پێکدادانێکی سەربازیی توندوتیژو خوێناوی لە بەسرەو بەغداو شارەکانی خوارووی عیراق لە نێوان هێزەکانی شیعە، بە تایبەتی لە نێوان حکومەتی نوری ئەلمالکی و سوپای مەهدی بە سەرکردایەتی موقتەدا سەدر لە ئارادا یە. ئەمریکاو عیراق و ناوچەکە بایەخێکی زۆر بە شەڕەکە دەدەن، چونکە زۆربەیان وای لێك دەدەنەوە شەڕەکە لە نێوان دوو بەرە دایە: بەرەی یاساو حکومەت کە ئەلمالکی نوێنەرایەتی دەکات و بەرەی یاخی بووان و یاساشکێنان کە سوپای مەهدی نوێنەرایەتی دەکات.

راستە، شەڕەکە شتێکی لەو مەسەلەیە تێدایە. بەڵام ئەو شتە هەموو ناوەڕۆکی شەڕەکە نیە. هەروەها راستە، لە جەوهەردا شەڕەکە دەربڕی ململانێکانی ئەمریکاو ئێرانە لە عیراق. بەڵام لەوەش راستتر ئەوەیە کە شیعە وەك بونیادی سیاسی بزووتنەوەیەکی یەکگرتوو نیە، بەڵکو چەندین گرێو درزو ناکۆکیی گەورەی تێدایە. ئەم درزو ناکۆکیانە لەو چوار ساڵەی رابردوو زۆر لە جاران زەقتر بووەوە بە تایبەتی دوای ئەوەی ئێران و سوریا دەستیان خستە ناو بزووتنەوەکە.

ئینجا راستە، سوپای مەهدی چەندین گروپی چەتەو دەستدرێژکارو بگرە تیرۆریستیشی تێدایە. بەڵام لە تەك ئەو راستیە، راستیەکی دیکەش هەیە کە دەڵێت وا باشترە بۆ عیراق پێکهاتەیەکی وەکو شیعە تەنیا جڵەوەکەی لە دەست یەك تاکە هێزی سیاسی نەبێت. لەوانەش بەولاتر، راستە بەشێك لە هەوڵەکانی ئەلمالکی بۆ پەخش کردنی دەسەڵاتی دەوڵەت و حکومەتە بەسەر ناوچەکانی خوارووی عیراق. بەڵام لەولاتر راستیەکی دیکەش هەیە کە ماوەیەکە هەموو جیهان باسی لێ دەکات ئەویش مەسەلەی ناکۆکیەکانی نێوان شیعەیە لە سەر بازرگانی و قاچاغچێتی نەوتی بەسرەو دەوروبەری.

لە لایەکی دیکەشەوە دەتوانین رووداوەکان بگێڕینەوەو بڵێین: راستە، ئەلمالکی جێگەی رەزامەندی ئەمریکایە و بۆ کوردیش وا باشە پشتی حکومەتەکەی بگرێت. بەڵام هەر ئەو ئەلمالکیە بوو تا ئێستایشی لەگەڵ دا بێت ملی بۆ جێ بە جێ کردنی دەستوور دانەدا. هەر ئەو ئەلمالکیە بوو رێگەی لە جێ بە جێ کردنی ماددەی ١٤٠ و مەسەلەی کەرکوك دەگرت. هەر ئەویشە تا ئێستا تەگەرە دەخاتە سەر فایلی نەوت و گاز لە عیراق و کوردستاندا.

ئینجا، راستە ئەلمالکی سیاسەتمەدارێکی شیعەی میانڕەوە. سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراقە. کوردیش بەشدارێکی کاریگەرە لە حکومەت و دەوڵەتی عیراق. بەڵام، هەمان ئەو ئەلمالکیە بە هەموو شێوازێکی ئاشکراو نهێنی هەوڵی دەدا دەرگا لەبەردەم فشارەکانی ئەنقەرە بکاتەوە بە سەر کورد. لە کاتی هێرشی سوپای تورکیا بۆ سەر هەندێك لە ناوچەکانی کوردستانی عیراق، بە پەلە خۆی پێچایەوە سەفەری لەندەنی کرد تا هیچی ئەوتۆ لە بارەی هێرشەکەوە نەڵێت. هەر نوێنەرانی ئەو ئەلمالکیە بوون بە زمانێکی شاش هاواریان دەکرد (کورد هەر لە کاتی تەنگانەدا عیراقێتی خۆی بە بیر دێتەوە).

لە لایەکی دیکە، راستە، سوپای مەهدی بۆتە کەناڵێکی سەرەکی بۆ دزە کردنی دەسەڵات و نفووزی ئێران بۆ ناو عیراق. بەڵام، رێگە گرتن لە نفووزی ئێران لە خوارووی عیراق ئەرکی کوردستان نیە بەڵکو ئەرکی هێزە سیاسیەکانی شیعەیە. رێگە گرتن لەو دەسەڵاتە ئەگەر یارمەتیی دیکەی بوێت ئەوا ئەمریکا هەیە با ئەو یارمەتی ئەلمالکی بدات نەك کوردستان. کورد پێویستیی بە دوژمنایەتی کردنی ئێران نیە. چەند ئەلمالکی خۆی تووشی دوژمنایەتی کرد لەگەڵ تورکیا لە بەرامبەر هەڕەشەو هێرشەکانی ئەو وڵاتە، هەقە ئێمەش هەر ئەوەندە خۆمان تووشی دوژمنایەتی بکەین لەگەڵ ئێران لە بەرامبەر دزە کردنی دەسەڵاتی ئەم وڵاتە بۆ خوارووی عیراق.

مەبەست لەم قسانە تۆڵەسەندنەوە نیە لە ئەلمالکی. هەروەها مەبەست لاگرتنی لایەنێك لەو دوو لایەنەی شەڕی خوارووی عیراق نیە چونکە وەك مەعلوومە سوپای مەهدی لایەنە سەرکێشەکەو شەڕفرۆشەکەو لایەنە نەگونجاوەکەیە لەگەڵ یاساو حکومەت و سەقامگیری. بەڵکو قسەکان بۆ ئەوەیە کە بگوترێت هەقە کورد خۆی نەکات بە لایەن لەو شەڕەدا. هەقە پشتگیری هیچ لایەنێك نەبێت، بەڵکو بانگهەڵدێری ئاشتەوایی و چارەسەری سیاسی کێشەکانی بەسرەو خوارووی عیراق بێت.

بۆ زیاتر رۆشنایی خستنە سەر لایەنەکانی ئەو شەڕو شۆڕە، وا چاکە ئاوڕ لەو چەند خاڵەش بدرێتەوە:

یەکەم، ئەگەر شەڕەکە لە مەودای دووردا لە نێوان ئەمریکاو ئێران بێت، ئەوا لە مەودای نزیك و بینراودا




# شەڕی بەسرە

## لە نێوان چەسپاندنی یاسا و جێبەجێکردنی یاسای هەرێمەکان

شەڕی بەسرە کە هەموو لایەنەکانی ناو پەرلەمانی عێراق بەجۆرێك لە جۆرەکان پشتگیری لێدەکەن، بە تەیاری سەدریشەوە، پێدەچێت هەروا بە ئاسانی کۆتایی نەیەت و بە دوای خۆیدا چەند کێشەیەك بوروژێنێتەوە کە ئاستەنگن لەبەردەم پرۆسەی سیاسی عێراقدا.

ئەم شەڕە لەگەڵ ئەوەی لە ژێر ناوی چەسپاندنی یاسا و رووبەڕووبوونەوەی ئەو گروپە یاخبووە پیادە دەکرێت و هەموو لایەنەکانیش پشتگیری خۆیان بۆ سەروەری یاسا و گێڕانەوەی سەقامگیری دووپات دەکەنەوە، بەڵام وەك جابر خەلیفە جێگری سەرۆکی پارتی فەزیلە لەم راپۆرتەدا بە گوڵانی راگەیاندووە، هۆکاری سیاسیشی لە پشتەوە دەخوێندرێتەوە و بە جۆرێك لە یەکلاییکردنەوەی دەسەڵات و فراوانکردنی هێز و باڵادەستی لایەنێك لە قەڵەمی دەدات. بەهەر حاڵ هۆکار و داینەمۆی ئەم شەڕە هەر هۆکارێك بێت، ئەوا بۆ بارودۆخی ئێستای عێراق، هۆکارێکی خراپە و رەوشی سیاسی عێراق بەرگەی ئەو هەموو ناسەقامگیری و ئەو گەندەڵییە فراوانە ناگرێت کە ئێستا لەناو حکومەتی عێراق دا هەیە، هەروەها کێشەکانی عێراقیش کەم نین هەتا کێشەی تریان بێتە سەر.

### بەسرە وەک فاکتەری هێز لە جوگرافیای باشووری عێراقدا

بەسرە دەروازەی سەرەکی عێراقە بۆ گەیشتن بە دەریا و دەروازەی بازرگانی فراوانە لەگەڵ جیهانی دەرەوە، هەروەها بەسرە کە دووەمین شاری گەورەی عێراقە دوای بەغدا خاوەنی سەرچاوەیەکی گەورەی پەترۆڵە بە دڵی ئابووری و ستراتیژی باشووری عێراق دادەنرێت کە هاوبەندی شیعە دەخوازن و هەوڵی بۆ دەدەن بەشێك بێت لە هەرێمی فیدراڵی باشووری بەغدا، لایەنەکانی دیکەش وەك پارتی فەزیلە هەوڵدەدەن بەسرە هەرێمێکی سەربەخۆ بێت، یان لانی کەم تەنیا ناسریە و عەمارەی لەسەر بێت.

هەربۆیە دروستبوونی شەڕ لەناو بەسرە و رەهەندی جیاواز و هەمە جۆری لێدەکەوێتەوە و مەترسی ئەم شەڕەش ئەگەر هێندەی مەترسی ئاڵۆزی بەغدا نەبێت کەمتر نییە.

### سەردانی چینی بۆ عێراق پەیوەندی بەم قەیرانەوە

لایەنی هاوبەندی شیعە ئەوە رەتدەکەنەوە کە سەردانەکەی دیك چینی پەیوەندی بەم قەیرانەوە هەبێت، بەڵام لایەنەکانی دیکە پێیان وایە سەردانی چینی هاوکاتە لەگەڵ وادەی تەواوبوونی ئەو ١٨ مانگەی کە یاسای هەرێمەکانی پێ دواخرابوو، هەربۆیە ئەم قەیرانە دروستکرا بۆ ئەوەی یاسای هەرێمەکان بەگشتی و بوونی پارێزگایەك بە هەرێمێك جێبەجێ نەکرێت.

بێگومان سەردانی دیك چینی جێگری سەرۆکی ئەمەریکا بۆ عێراق بەدواداچوونی بەرەو پێشەوەچوونەکانی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا و هاندانی عێراقییەکانە بۆ پەلەکردنی لە دەرکردنی یاساکانی وەك یاسای نەوت و یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان و یاسای هەرێمەکان، بەڵام دیك چینی لایەنگیری هیچ کام لەو بۆچوونانە نییە کە دەیانەوێت هەرێمی باشووری بەغدا ٩ پارێزگا بێت، یان وەك پارتی فەزیلە کە هەوڵدەدات بەسرە یەك هەرێمی سەربەخۆ بێت.

### هەڵوێستی سیستانی پارسەنگی شەڕەکەیە

لەگەڵ ئەوەی ئایەتوڵڵا سیستانی وەك مەرجەعی باڵای شیعە زۆر تێکەڵاوی وردەکارییەکانی دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا نابێت، بەڵام فەتوا و لێدوانەکانی کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر شەقامی عێراقی بەگشتی و شەقامی شیعە بەتایبەتی هەیە.

لەم قەیرانەدا ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراق، وەك لە دوایین کۆنگرەدا ئاشکرایان کرد کە ئەنجوومەنی باڵا فەتوا و رێنماییەکانی ئایەتوڵڵا سیستانی جێبەجێ دەکات، هەڵوێستی سیستانی بە دژی یاخیبووان و پێشێلکارانی یاسا دەخوێنێتەوە، هەربۆیە راشکاوانە پشتگیری لە حکومەت و دژی ئەو گرووپە رادەوەستن کە حکومەتی عێراق لە بەسرە رووبەڕووی بۆتەوە، ئەم هەڵوێستە ئەوەمان پیشان دەدا کە ئەم شەڕە بەلای حکومەتی عێراقدا دەشکێتەوە، بەڵام ئەوەمان پێناڵێت دوایی کۆتایی و تەواوبوونی ئەم قەیرانە لەسەر ئاستی سیاسی چی روودەدات.

جابر خەلیفە جێگری سەرۆکی پارتی فەزیلە بۆ گوڵان:

# نابێت بە بیانووی لێدانی گروپێک ٣ ملیۆن کەس سزا بدرێت



■ بەڕێز جابر خەلیفە جگێری سەرۆکی پارتی فەزیلە و سەرۆکی لیستی فەزیلەیە لە پەرلەمانی عێراق، ئەو ئاژاوەی بەسرە وا دەبینێت کە هۆکارێکی سیاسی لە پشتەوەیە و پەیوەندداره لەگەڵ وادەی نزیکبوونەوەی جێبەجێکردنی یاسای هەرێمەکان. هەروەها سەبارەت بە بەسرەش، حزبی فەزیلە بەسرە بە بنکەی جەماوەری خۆی دادەنێت، هەربۆیە بە پێویستیمان زانی سەبارەت بە بارودۆخی ئاڵۆزی بەسرە پەیوەندی بە بەڕێز جابر خەلیفە بکەین و بەڕێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.■

**بەسرە پێویستی بە ڕێگە چارەی ئەمنی هەبوونەک ئۆپەراسیۆنی سەربازی**

*** تێڕوانینی بەڕێزت چییە لەسەر تێکچوونی بارودۆخی بەغداو بەسرە؟**

- بەڕای من، هۆکاری تێکچوونی بارودۆخی ئاسایشی شاری بەسرەو پارێزگارەکانی تری عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەڵمەتە سەربازییە کتوپڕەی کرایە سەر شاری بەسرە . بەڕای ئێمە، شاری بەسرە پێویستیی بە ئۆپەڕاسیۆنی سەربازی نەبوو، ئێمەش هەر لەسەر ئەو شتە ڕێککەوتبووین، مەبەستم ئەوەیە، زۆرینەی نوێنەرانی شاری بەسرە لە پەرلەمان و هەروەها لەپەرلەمانتارانی لیستی عێراقی و کوتلەی سەدرو بەرەی تەوافق و حزبی فەزیلە لەگەڵ هەندی برایانی تر لە ئیئتیلاف، هەموومان ڕێککەوتین لەسەر ئەوەی کە شاری بەسرە پێویستیی بە ڕێگاچارەیەکی ئەمنی هەیە، نەك سەربازی، ئەمە لە لایەنێکەوە. لە لایەکی ترەوە، هەر لەگەڵ هاتنی ئەم ئۆپەڕاسیۆنە سەربازییە بۆ شاری بەسرە، برایانمان لە سوپای مەهدی هەستیان کرد کە ئەزموونی پێشتری پارێزگاکانی فوراتی ناوەڕاستیان بەسەردا دووبارە دەبێتەوە، بۆیە بەرپەرچیان دایەوە . ئەمە وێڕای ئەو مەینەتییەی کە کاتی خۆی دووچاری بووبوونەوە، مەبەستم، لە پیشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ و چەوساندنەوەیان، بۆیە، بەڕای ئێمە، ئەوان هەستان بە ڕاوەستان لەدژی ئەم ئۆپەڕاسیۆنە سەربازییە.

**لەگەڵ ئەوەی هۆکارە ئاشکراکان ئەمنی و یاسایین بەڵام هۆکاری سیاسیش لە پشت ئەم شەڕەوە هەیە**

*** بەڕای ئێوە، هۆکاری هەڵایسانی ئەم شەڕە بۆ قاچاخ بردنی نەوت دەگەڕێتەوە لە بەسرە یان نە؟**

- ئەو هۆکارانەی کە ڕاگەیەندراون، هۆکاری یاسایی و ئەوانەی کە بە ئاسایشەوە پەیوەستن، بەڕای من، هەرچەندە ئەم هۆکارانە تا ڕادەیەك دروستن، بەڵام هۆکارێکی سیاسی شاراوەش لەدوواوەی ئەنجامدانی ئەم ئۆپەڕاسیۆنە سەربازییە هەیە، هۆکارە سیاسییەکەش بریتییە لە نزیك بوونەوە لە ڕێکەوتی کۆتایی هاتنی ١٨مانگەکە( لەمانگی نیسانی ٢٠٠٨ ماوەی ئەو ١٨ مانگە

تەواو دەبێت کە پێشـــتر لە پەرلەمانی عێراق یاســای پێکهێنانی هەرێمە فیدرالییەکانی دواخســـتبوو) بۆ جێبەجێکردنی پێکهێنانی هەرێمەکان و ئەوەی دەیانەویت هەرێمەکە لە ٩ پارێزگاو پێکهێنانی هێزێکی سیاســیی فراوان لە باشـــوور، هەروەها پرۆژەیەك هەیە لەدژی پێکهێنانی هەرێم لە یەك پارێزگا، ســـەرەڕای رێککەوتی هەڵبژاردنەکانــی ئەنجوومەنی پارێزگاکان. بەڕای من، هۆکاری سیاســی هەیە لە پشـــتەوەی ئەم رووداوانەو هەرچەند شاراوەیەو نایدرکێنـــن، بەڵام هەر ئەو هۆکارەیە کە بووەتە هۆی رووداني ئەم شەڕە.

## نابێت شارێکی ٣ ملیۆنی وەک بەسرە لەبەر گروپێک سزا بدرێن

*** ئایا چ مەبەســـتێك هەیە لە هەڵگیرســـاندنی ئەم شەڕە؟ ئایا ئەم شـــەڕە لەنێوانی سوپای مەهدی و حکومەتی مالیکییە؟ یان لەنێوانی سوپای مەهدی و هێزەکانی بەدرە؟ هەروەها ئایا مالیکی دەتوانێت ئەم شەڕە کۆنترۆڵ بکات؟ هەروەکو هەموومان دەزانین، ئەمڕۆ پرۆسەی سیاسی بە ناسکترین بارودۆخەکانی تێدەپەڕێت؟**

- بەهیچ شـــێوەیەك ناتوانین ئەوە دەستنیشـــان بکەین کە ئایا ئەم شەڕە لەنێوانی چ لایەنێکە یان لەگەڵ چ لایەنێکە، من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە نیازێك هەبووە بۆ پیادەکردنی یاسا، بەڵام بەشێوەیەکی هەڵە جێبەجێ کراوە، کە لە ئاکامدا بووە هۆی ئیســـتیفزازکردنی کەســـانێکی تر. ئێمە لەگەڵ پیادەکردنی یاســـاین لە ســـەرجەم پارچەکانی عێراق، بەڵام بە مەرجێك یاسا لەسەر هەمووان سەرەوەر بێت، هەروەها بەشێوەیەکی رێك و درووست جێبەجێ بکرێت. لەبەر ئەوەی ئەمە شـــتێکی شـــیاو نییە شـــارێکی گەورە کە ژمارەی دانیشـــتووانی نزیکەی ٣ ملیـــۆن هاوولاتییە، بە هۆی گرووپێك ســـزابدرێن، ئەو گرووپەی کە حکومەت دەستنیشانیان دەکات و بە یاخیبوو ناوزەدیان دەکات. ئەمە درووســـت نییە و ئێستاش شاری بەسرە بە بارودۆخێکی تراژیدییانە تێدەپەڕێت. بە پێی سەرچاوەیەك لە پزیشکەکانی نەخۆشـــخانەی سەدری فێرکاری، هەر دوو رۆژ لەمـــەو پێش لەبەر نەبوونی دەرمان و چارەســـەری پزیشـــکی و نەبوونـــی پزیشـــکەکان، زیاتر لە ٢٠ نەخـــۆش و بریندار گیانیان لەدەست داوە. لە نەخۆشخانەیەکی تر، کە نەخۆشخانەی فەیحایە، تەنیا ٣ پزیشـــکی تێدا کاردەکەن. هەربۆیە زۆر پێویســـتە لەگەڵ ئەم جۆرە ئۆپەڕاسیۆنە ســـەربازییانە، خزمەتگوزاریی لە لایەنی تەندرووستی و مرۆڤایەتیشەوە هەبێت، وەك ئاو و دەرمان و خۆراك و پێداویســـتییەکانی تر. هەر ئەمڕۆ ((مەبەست لە ئەمڕۆ، واتە رۆژی پێنجشـــەممەی رابردوو کە دیمانەکـــەی لەگەڵ دا کراوە، گوڵان)) دوو پەیوەندیمان پێوە کراوە لە شـــاری بەســـرەوەو باسی بارودۆخی بەسرە دەکات کە هاوشێوەیە لەگەڵ بارودۆخەکانی ساڵی ١٩٩١، سەرەوەی شـــارەکە دووکەڵی رەشەو کوشتن لە شەقامەکان دەکرێت و گێرە شـــێوێنی و بێ سەروبەری هەیە، هەروەها رەوشی ئاسایش لە بارێکی زۆر خراپەو بەتەواوەتی تێکچووە.

## ئێمە پشتگیری سەروەریی یاسا دەکەین بەڵام نەک بەو شێوازەی لە بەسرە پیادەدەکرێت

*** شـــاری بەســـرە بنکەی ســـەرەکیی حزبی فەزیلەیە، ئێستاش هەموو چاوەکان ئاڕاستەی بەسرە کراون، ئایا دەرفەتەکان چین لە رزگارکردنی بەسرە لەم بارودۆخە ناخۆشە؟**

- بـــە رای ئێمە، ئێمە وەکو حزبی فەزیلـــە، ئێمە هەردەم جەخت دەکەینەوە لەســـەر پاڵپشـــتیکردن و بەهێزکردنی دامودەزگاکانی حکومەت و سەروەریی یاسا بەشێوەیەکی راست و دروست. هەروەها ئێمە پشـــتگیری دەکەین لە ســـەرکەوتنی حکومـــەت لەڕێگای بەکارهێنانی رێگاچارەی سەربازی، هەروەکو ئەوەی کە لە زۆربەی پارێزگاکانی عێراق و لە ناوچەکانی فوراتی ناوەڕاستیش پیادەکرا. بەڵام ســـەرەڕای ئەوەش قەیرانەکە کۆتایی پێ نایەت، لەبەر ئەوە پێویســـتە رێگاچارەیەکی ئاشـــتییانە هەبێت بۆ چارەسەرکردن و کۆتایـــی پێهێنانی ئـــەم قەیرانە، هەروەها ســـەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەکانی بەســـرە جەخت دەکەنەوە لەسەر ســـەروەریی یاساو پاڵپشتیکردنی یاساو ئەوە درووشمی هەموو لایەنەکانە، بۆیە، لەبەر ئەوەی وتاری گشـــتی لایەن و پارتە سیاسییەکان بەم ئاڕاستەیە، ئەوە ناکرێت هێزی سەربازی بەکاربهێنرێت و پێویستە بەشێوەیەکی ئاشتییانە چارەسەربکرێت. لەڕووی مەیدانییەوە، بارودۆخی شاری بەسرە لە بارودۆخێکی سەخت و زۆر خراپە.

## لەبەر ئەوەی هەموو ئەندامانی پەرلەمان ئامادە نابن هەڵپەساردنی کوتلەی سەدر کاریگەری دەبێت

***»نەســـار ئەل روبەیعی» سەرۆکی کوتلەی سەدر لە پەرلەمان هەڕەشەی کردووە لەسەر هەڵپەساردنی ئەندامەکانی لە ئەنجوومەنی نیشتیمانی. ئایا ئەم هەڵپەساردنە هیچ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر یاســـای نەوت و یاسای پارێزگاکان، هەروەها بەشێوەیەکی گشتی لەسەر پرۆسەی سیاسی و ئاشتەوایی نیشتیمانی لە عێراق؟**

- برایانمان لە کوتلەی ســـەدر تەنیا لە دانیشـــتنی یەکەم ئامادە نەبـــوون، کە نزیکـــەی کاتژمێرێکـــی خایاند. بـــەڵام دواتر لە دانیشـــتنەکانی تر ئامادە بوون، لە دانیشـــتنی دووەم و دانیشتنی ســـێیەم، هەروەها ئەمڕۆش لە دانیشـــتنی پەرلەمان ئامادە بوون. بەڵام بێگومان، گەر بێت و ئەندامێتیی خۆیان رابگرن لە پەرلەمان، ئـــەوە کاریگەرییەکی خراپی دەبێت، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی چەند ئەندامێك لە لیستەکانی تر ئامادەبوونیان نییە.

## من کە ئێستا قسەتان لەگەڵ دەکەم لە ناوچەی سەوز نیم، لە گەڕەکێکم لە ناو شاری بەغدا، پێتان دەڵێم بارودۆخەکە زۆر ناسک و مەترسیدارە

* ئایا ئەم شەڕە تا چەند کاریگەری سلبی لەسەر هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی مالیکی دەبێت؟

- ئەوەی ئەمـــڕۆ دەبینین، گرژییەکـــی جەماوەریی زۆر هەیە، لـــە زۆربەی پارچەکانی عێراق. تەنیا کوردســـتانی لێ دەرچێت. زۆربەی ناوچەکان، کە بریتییە لە ناوچەی شـــیعەکان و ناوەڕاست و باشـــووری عێراق، لەگەڵ شاری بەغدا، هەموو ئەم ناوچانە لە بارودۆخێکی نائارامە، منیش کە ئێســـتا قســـەتان لەگەڵ دەکەم لە ناوچەی ســـەوز نیم، بەڵکو لە گەڕەکێکم لە ناو گەڕەکەکانی شـــاری بەغدا، دەتوانم لێرەوە وەســـفی بارودۆخەکانتان بۆ بکەم، کە بارودۆخێکی زۆر ناســـك و مەترســـیدارە. بۆیە، بەڕای من، حکومەت نەدەبوایە ئەم هەنگاوەی جێبەجێ بکردایە، کە ئەگەری فەشـــەلی هەیەو لە ئاکامدا دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی رەوشی سیاسی و فەشەلی پرۆسەی سیاسی.

●●●

**زۆرینەی نوێنەرانی شاری بەسرە لە پەرلەمان و هەروەها لە پەرلەمانتارانی لیستی عێراقی و کوتلەی سەدرو بەرەی تەوافق و حزبی فەزیلە لەگەڵ هەندی برایانی تر لە ئیئتیلاف، هەموومان رێککەوتین لەسەر ئەوەی کە شاری بەسرە پێویستیی بە رێگاچارەیەکی ئەمنی هەیە، نەک سەربازی**

●●●

●●●

**پرۆژەیەک هەیە لەدژی پێکهێنانی هەرێم لە یەک پارێزگا، سەرەڕای رێککەوتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان. بەڕای من، هۆکاری سیاسی هەیە لە پشتەوەی ئەم رووداوانەو هەرچەند شاراوەیەو نایدرکێنن**

●●●

●●●

**ئێمە لەگەڵ پیادەکردنی یاساین لە سەرجەم پارچەکانی عێراق، بەڵام بە مەرجێک یاسا لەسەر هەمووان سەرەوەر بێت**

●●●

> **شیاو نییە شارێکی گەورە کە ژمارەی دانیشتووانی نزیکەی ٣ ملیۆن هاووڵاتییە، بە هۆی گرووپێک سزابدرێن**

> **منیش کە ئێستا قسەتان لەگەڵ دەکەم لە ناوچەی سەوز نیم، بەڵکو لە گەڕەکێکم لە ناو گەڕەکەکانی شاری بەغدا، دەتوانم لێرەوە وەسفی بارودۆخەکانتان بۆ بکەم، کە بارودۆخێکی زۆر ناسک و مەترسیدارە. بۆیە، بەڕای من، حکومەت نەدەبوایە ئەم هەنگاوەی جێبەجێ بکردایە، کە ئەگەری فەشەلی هەیەو لە ئاکامدا دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ڕەوشی سیاسی و فەشەلی پرۆسەی سیاسی**

> **ئێمە وەکو لیژنەی نەوت تاکو ئێستا نەمانتوانیوە وەزیری نەوت ببینین لە پەرلەمان سەرەڕای ئەو هەموو داواکارییە تاکو ئێستا ئامادە نەبووە**

## سێ جارە وەزیری نەوت بانگهێشتی پەرلەمانی دەکەین بۆ لێپرسینەوە بەڵام تائێستا ئامادە نەبووە

*** پێش ئەم شەڕە گەندەڵی گرفتی سەرەکی عێراق بوو، بەڵام ئەمڕۆ دەبینین ئەمەشی هاتە سەر. ئایا ئایندەی ئەم وڵاتە چۆن دەبێت و چیی بەسەر دێت لەگەڵ ئەم هەموو کێشەیەدا؟**

- پێویستە پابەندبوون هەبێت، هەروەکو ئێوەیش ئاگادارن هەوڵدانێکی زۆر هەیە بۆ بانگێشتکردنی وەزیرەکان و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەگەڵیان، بەڵام هەموو هەوڵەکان فەشەلیان بەدەست هێناوە لە پەرلەمان. تاکو ئێستا چەندین هەوڵ دراوە بۆ بانگێشتکردنی وەزیری نەوت، تاکو ئێستا ٣ جار هەوڵ دراوە بەڵام هیچ جارێکیان سەرکەوتوو نەبوو و **ئێمە وەکو لیژنەی نەوت تاکو ئێستا نەمانتوانیوە وەزیری نەوت ببینین لە پەرلەمان سەرەڕای ئەو هەموو داواکارییە تاکو ئێستا ئامادە نەبووە،** بێجگە بانگێشتکردنی وەزیرەکانی تر. لەڕاستیدا، بڵاوبوونەوەی دیاردەی گەندەڵی لەسەر دەستی چەند هێزێك و بڵاوبوونەوەی لە حکومەت دەبێتە هۆی فەرامۆشکردنی چەند لایەن و هێزێکی تر کە کار دەکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی. ئێمە هەردەم هیواداربووین کە ساڵی ٢٠٠٨ ببێتە ساڵێك بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، بەڵام وادیارە ئەمەیش پەردەیەکی سیاسی بووە، هەروەکو سەردەمی عەباسییەکان لە بەرەنگاربوونەوەی زەندەقە، یان وەکو دیاردەی تەشیوع لە سەردەمی ئەمەوییەکان، یان بزووتنەوەی شیوعییەت لە سەردەمی بەعس و هتد...

## سەردانەکەی دیک چینی بووە هۆی گواستنەوەی شەڕەکە لە شاری موسڵەوە بۆ شاری بەسرە و پەسەندکردنی یاسای پارێزگاکان

***پێش ئەم قەیرانە بە ماوەیکی کەم، دیك چینی جێگری سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سەردانی بەغداو هەولێرو چەند دەوڵەتێکی لە ناوچەکە کرد. ئایا بە تێڕوانینی بەڕێزت ئایا ئەم سەردانە کاریگەری لەسەر ئەم قەیرانە هەبووە؟**

- لەڕاستیدا، من ئەم سەردانە لەگەڵ ئەو ڕووداوانە دەبەستمەوە کە دواتر ڕوویاندا. دوای چەند ڕۆژێك لەو سەردانە، حکومەتی عێراقی تەحەففوزی هەبوو لەسەر یاسای ئەو پارێزگایانەی کە لەگەڵ هەرێمەکە ڕێك نەخراون. ڕاستەوخۆ، هەر لەدوای سەردانەکە، بەرپرسێك لە کوتلەی سەرەکیی پەرلەمان ڕایگەیاند کە یاسای پارێزگاکان لە ٩ی ٤ تێپەڕ دەکرێت، پاشان حکومەت ئاستی تەحەففوزی بەرزتر کردەوەو دوای ٢ یان ٣ ڕۆژ حکومەت هەستا بە ئەنجامدانی هێرشێکی سەربازیی گەورەو فراوان بۆ سەر بەسرە، کە پێشتر دانرابوو بەشێوەیەکی ئاشتییانە بەڕێوە بچێت. بەم شێوەیەش ئاڕاستەکان گۆڕان، بەڕای من، لەتێڕوانینێکی سیاسییەوە، سەردانەکەی دیك چینی بووە هۆی گواستنەوەی جەنگەکە لە شاری موسڵەوە بۆ شاری بەسرە و پەسەندکردنی یاسای پارێزگاکان.

## لەبەر ئەوەی سەرکردایەتی کورد تەبان سەردانەکەی چینی بۆ هەولێر لە بەغدا سەرکەوتوتر بوو

*** ئایا بەڕای ئێوە هیچ جیاوازییەك هەیە لەنێوان هەردوو سەردانەکەی چینی بۆ بەغداو هەولێر؟**

- لەبەر سرووشتیی پەیوەندییەکانی سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی و لایەنەکانی تر، لەوانەیە لە هەرێمی کوردستان یەك لایەن هەبێت، هەرچەندە دوو سەرکردایەتیی کوردی هەیە، بەڵام بە یەك لایەن دەژمێردرێت و ماوەیەکی زۆری بڕیوە لە هەماهەنگی و هاوکاریکردن لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لە هەمان کاتدا، لە شاری بەغدا لایەن و پارت و کوتلەیەکی زۆر هەیەو چەندین بیروبۆچوون و تێڕوانینی جیاواز هەیە، جاروبار یەکن و جاروباریش دژە یەکن، بۆیە جیاوازییەکە جیاوازییەکی تەکنیکییە.

## مەرجی سەرەکیی ئێمە بریتییە لە پیادەکردنی یاسا بەڵام بەشێوەیەکی درووست و لەسەر هەمووان سەرەوەر بێت

*** لەم میانی ئەم قەیرانەدا، ئایا حزبی فەزیلەو هاوپەیمانێتیی کوردستان و بەرەی تەوافق چ ڕۆڵێك دەبینن؟**

- ئەگەر بێت و لە بەیاننامەی هەر سێ کوتلە بڕوانیت، مەبەستم لە حزبی فەزیلەو بەرەی تەوافق و هاوپەیمانێتیی کوردستان، هەر سێ لایەن داواکارن بۆ بەکارهێنانی دانوستاندن و سەروەریی یاسا، ئەوە ڕاو هەڵوێستی هەر سێ کوتلە بوو. بۆیە بۆ ئەوەی زیاتر ڕوونی بکەمەوە، ئێمە لەگەڵ سەروەریی یاساین، بەم شێوەیەش دووچاری سەختترین باردودۆخ بووینەوە، بۆ نموونە لەدوای بڕیاری حکومەت بۆ ئیقالەکردنی پارێزگاری بەسرە، ئێمە هەستاین بە پەنابردن بۆ دادگاو یاساو زۆر بە توندی لەم هەڵوێستەمان جەخت دەکەینەوە، بەڵام هەر وەکو پێشتریش ئاماژەم پێی کرد، مەرجی سەرەکیی ئێمە بریتییە لە پیادەکردنی یاسا بەشێوەیەکی درووست و یاسا لەسەر هەمووان سەرەوەر بێت، بەشێوەیەك، کە نەك بێت و کەسانێك سزابدرێن و کەسانێکی تر ئیستیسنا بکرێن. فەرموودەیەکی پێغەمبەر (د.خ) هەیە دەڵێت: **«هلكت امة إذا سرق فيها الشريف تركوه و إذا سرق فيها الضعيف أقامو عليه الحد»** پێویستە یەکسانی و عەدالەت هەبێت لە پیادەکردنی یاسا.

## هەتا ئێستا کەلتووری سەپاندنی دەسەڵات لەسەر حیسابی کەسانی تر پیادە دەکرێت

*** ئایا پارت و کوتلە سیاسییەکانی عێراق پێویستە چی بکەن بۆ گەڕاندنەوەی ئەمن و ئاسایش و سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسی لە عێراق؟**

- پێش هەموو شتێك و گرنگترین هەنگاو بریتییە لە باوەڕ کردن بە دیموکراسییەت، لەڕاستیدا، ئەوەی کە ئەمڕۆ باوە کەلتوورێکی نادیموکراسییەو کەلتوورێکە کە پشت بە سەپاندنی دەسەڵات دەبەستێت و لەسەر حیسابی کەسانی تر دەبێت. ئەمەش کەلتوورێکە کە هەر پاشماوەی ڕژێمی بەعسی پێشوو ماوەتەوە لە فەرامۆشکردنی کەسانێك و دەسەڵات سەپاندن بەسەریاندا. هەر وەکو کاردانەوەیەکی ئۆتۆماتیکییەو بە بێ هۆشیاری ئەنجام دەدرێت. بەڵام گەر بێت و کەلتووری دیموکراسی بەشێوەیەکی دروست پیادە بکرێت و بێت و پاڵپشتی بکرێت لە دامودەزگاکانی حکومەت و هیچ لایەنێك دەست درێژی نەکات بەسەر لایەنێکی تر، ئەوە بە باشترین و دروستترین ڕێگاچارە دادەنرێت بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی عێراق.

ڕەزا جەواد تەقی ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراق بۆ گوڵان:

# هەڵوێستی ئایەتوڵڵا سیستانی دژی ئەوانەی یاسا پێشێل دەکەن و باری ئاسایشی تێکدەدەن



■ بەڕێز ڕەزا جەواد تەقی ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامییە لە عێراق و پەرلەمانتارە لەسەر لیستی ئیئتیلاف لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق.
بەڕێز تەقی پشتگیری لەم شەڕە دەکات کە بەڕێز نوری مالکی لە بەسرە سەرپەرشتی دەکات و هەروەها تایبەت بە گوڵان ڕایگەیاند کە هەڵوێستی ئایەتوڵڵا سیستانیش پشتگیری ئەم شەڕەیە، بۆ زانینی دیدی هاوبەندی شیعە لەسەر ئەم قەیرانە گوڵان بە پێویستی زانی پەیوەندی بە بەڕێز جەواد تەقی بکات و بەڕێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.■

### حکومەت ناچارە شەڕی یاخیبووان بکات

***لەم بارودۆخەدا تێکچوونی بارودۆخی بەسرەو بەغدا کاریگەرییەکی سلبی لەسەر باری سیاسیی عێراق دەبێت، هۆکاری ئەم شڵەژانە چییە؟**

- ماوەیەکی درێژە، کە نزیکەی چەند مانگێك دەبێت، بە تایبەتی لە پارێزگای بەسرەو بەغدا، لە لایەنی چەند گرووپێکی یاخیبوو، چەندین دیاردە لە پیشێل کردن و سەرپێچیکردن لە یاساو ئاسایش ڕوویدابوو.

لەبەر ئەوەی حکومەتیش بەرپرسیارە لە سەپاندنی ئەمن و ئاسایش و پارێزگاریکردنی گیانی هاووڵاتییان، بۆیە، بڕیاریدا بە بەرەنگاربوونەوەی ئەم یاخیبووانە لە شاری بەسرە و کۆتایی بەو دیاردەیە بێنێ. لەبەر ئەوە، سەرۆك وەزیرانی عێراق چوو بۆ بەسرەو چەند هێزێکی سەربازیشی لەگەڵ خۆی برد، ئەویش لەپێناوی گەڕاندنەوەی ئەمن و ئاسایش و سەقامگیری بۆ پارێزگاکە. کە چەندین دیاردەی لێ ڕوودەدا لە کوشتن و بڕین و بێ سەروبەری و تێکدان و قاچاخی. بۆیە حکومەت ناچارە ئەم کێشەیە چارەسەر بکات، لەبەر ئەوە سەرۆك وەزیرانی عێراق بڕیاریدا لەسەر چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەو بۆیە ئەوە ماوەی چەند ڕۆژێکە حکومەت لە شەڕدایە لەدژی ئەو کەسانەی کە سەرپێچیی یاسایان کردووە.

### ئەم جەنگە نە لەدژی سووپای مەهدییەو نە لەدژی تەییاری سەدرییە ، بەڵکو جەنگی سووپای عێراقی و دامودەزگاکانی ئاسایشە لەدژی یاخیبووکان

***هەندێ کەس دەڵێن ئەم جەنگە لەنێوان سووپای مەهدی و فەیلەقی بەدرە، ئایا ئەم قسەیە تا چەند درووستە؟**

- نەخێر ئەو قسەیە درووست نییە و ئێمەیش لەدژی ئەو

●●●
**ئەم جەنگە نە لەدژی سووپای مەهدییەو نە لەدژی تەییاری سەدرییە، بەڵکو جەنگی سووپای عێراقی و دامودەزگاکانی ئاسایشە لەدژی یاخیبووەکان**
●●●

ئەم جەنگە نە لەدژی ســووپای مەهدییەو نە لەدژی تەییاری ســەدرییە، بەڵکو جەنگی ســووپای عێراقی و دامودەزگاکانی ئاسایشــە لەدژی یاخیبووەکان. تەنانەت سەرۆکی وەزیرانیش ئەو راســتییەی راگەیاندووە. بەڵام ئەوەی کە مایەی سەرسووڕمانە ئەوەیە کە چەند برایەك لە تەییاری سەدر بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەم ئۆپەڕاسیۆنە سەربازییە لەدژی ئەوان ئەنجامدراوە. بەڵام بــە پێی ئەو زانیارییانەی کە پێمان گەیشــتووە، دەڵێن ئامانجی ســەرەکیی ئەم ئۆپەڕاسیۆنە بریتییە لە تاوانبارو دز و یاخیبوو و تێکدەر و قاچاخچییەکانە. بۆیە، ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشــی ئیســلامی و هێزەکانی بەدر بە هیچ شــێوەیەك پەیوەندییان بەم مەسەلەوە نییە.

**هەڵوێستی سیستانی ئاشکرایە ڕێگا بە کەس نادات سەرپێچی لە یاسا بکات یان باری ئاسایش تێک بدات**

*** لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا، رۆڵ و هەڵوێســتی بەڕێز سیستانی چییە؟**

- هەروەکــو چۆن لە ماوەی ٥ ســاڵی رابردوودا هەڵوێســتی سیستانی ئاشکرابووە، ئێستاش هەمان هەڵوێستە. سەرەتا بەڕێزی زۆر دەســتێوەردانی ووردەکارییەکان ناکات. دووەم، هەڵوێســتی لە مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخەکان و شــێوازی چارەســەرکردن هەڵوێستێکی روون و ئاشکرایە. بەڕێزی بڕوای هەیە بە پیادەکردنی رژێم و یاســاو دەوڵەتی یاساو بە هیچ شــێوەیەك ڕێگا بە کەس نادات ســەرپێچی بکات لە یاســا یان باری ئاسایش تێك بدات. هەروەها هەردەم جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێویستە حکومەت خاوەن سەروەریی و دەسەڵات بێت لە بواری سەقامگیری و ڕێکخستنی ئاسایش.

**ئەم جەنگەش کۆتایی پێ دێت و بە هیچ شێوەیەک کاریگەریی نابێت لەسەر پرۆسەی سیاسی و ئاشتەوایی نیشتیمانی**

***ئەم کێشەیە چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر پرۆسەی سیاسی و سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتیمانی لە عێراق؟**

- هەموومــان دەزانین کە حکومەتە پێشــووەکانی عێراق، هەر لــە حکومەتی د.ئەیــاد عەلاوی و دواتــر حکومەتی ئیبراهیم جەعفــەری و ئەم حکومەتــە، هەموویان توانیویانــە ئەم جۆرە کێشانە چارەسەربکەن، کە کێشەیەکی ئاڵۆزتر بوو و لەم کێشەیەی ئەمڕۆمان ترســناکتر بووە. هەموو حکومەتەکان سەرکەوتوو بوون لە سەپاندنی ئارامی و ئاسایش لە چەندین ناوچەو پارێزگاکانی عێراق. بۆیە، ئەم جەنگەش کۆتایی پێ دێت و بە هیچ شێوەیەك کاریگەریی نابێت لەس یەو باری ئاسایشی تیا تێك چووە. منیش دڵنیام کە حکومەتی عێراقی هەڵدەستێت بە بەرەنگاربوونەوەی ئەو سەرپێچییانەی کە لە پارێزگای مووسڵ دەکرێت. بۆیە حکومەت پابەندە بە بەدواکەوتن و لەناوبردنی ئەو کەســانەی کە سەرپێچی دەکەن لە یاساو باری ئاسایشی وڵاتەکە تێك دەدەن.

*** بەڕای تۆ، داواکارییەکانی ســووپای مەهدی و تەییاری سەدر چییە؟**

- لەڕاســتیدا، بەتەواوەتــی نازانــم داواکارییەکانیان چییە، بەڵام ئەوان داواکارن ئەم ئۆپەڕاســیۆنە سەربازییەی کە لەدژی یاخیبووەکان ئەنجام دەدرێت کۆتایی پێ بهێنرێت.

**بە لای ئێمەوە هەڵوێستی ئەمەریکا لەم قەیرانە بە هیچ شێوەیەک گرنگ نییە**

***لەمیانی ئەم قەیرانەدا، هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چییەو ئایا ئێوە رازین لەسەر هەڵوێستەکانیان؟**

- سەبارەت بە هەڵوێســتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەم قەیرانە، بە هیچ شێوەیەك گرنگ نییە بە لای ئێمەوە. ئەوەی گرنگە لە لای ئێمە ســەلامەتی و ئارامیی هاووڵاتییەکانمان و ســەقامگیریی وڵاتەکەمانە. هەروەها حکومەتی عێراقی لایەنی پەیوەندیدارەو پێویستە لەسەری سەقامگیری و ئاسایش بسەپێنێت لە وڵاتەکە، تەنانەت گەر بێت و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشــتگیریی لێ بکات، هانی بدات، یان لەدژی رابوەستێت، ئەوە بە هیچ شــێوەیەك پەیوەندیی بە ئێمــەوە نییە. ئەوەی گرنگە لە لای ئێمە، تەنیا ســەقامگیریی وڵاتەکەمــان و پارێزگاکانمان و سەلامەتی و ئارامی هاووڵاتییە عێراقییەکانمانە.

*** بەڕای بەڕێزت، ســەرۆك وەزیران د. مالیکی دەتوانێت ئەم**



**جەنگە کۆنترۆڵ بکات؟ لەکاتێکدا پرۆسەی سیاسی بە ناسکترین قۆناغەکانی تێدەپەڕێت ...**

- بەڵێ ســەرۆك وەزیــران د. مالیکی دەتوانێــت ئەم جەنگە کۆنترۆڵ بکات و لەم باریەوە سەرکەوتووش دەبێت و دەتوانێت لەم قۆناغە تێپەڕێت.

**دانوستاندن لەگەڵ کوتلەی سەدر بەردەوامە بۆ ئەوەی لە پەرلەمان نەکشێنەوە**

***ئەگەر کوتلەی سەدر هەرەشەکەی «نەسسار ئەل روبەیعی» سەرۆکی کوتلەی سەدر لە پەرلەمان جیبەجێکردو ئەندامەکانی لە ئەنجوومەنی نیشتیمانی هەڵپەسارد . ئایا ئەم هەڵپەساردنە هیچ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر یاسای نەوت و یاسای پارێزگاکان، هەروەها بەشێوەیەکی گشتی لەسەر پرۆسەی سیاسی و ئاشتەوایی**

**نیشتیمانی لە عێراق؟**

- ئێستا دانوستاندن هەیە لەگەڵ تەییاری سەدر بۆ ئەوەی لە پەرلەمان کشانەوە ئەنجام نەدەن. هەروەها ئەوەی کە ئەمڕۆ لە پەرلەمان روویدا ئاشکرای کردەوە کە ئیئتیلافی عێراقی یەکگرتوو و هاوپەیمانیی کوردستانی، لەگەڵ بەرەی ویفاق، هەموویان خاوەن هەڵوێستێکی روون و ئاشکران لەسەر رووداوەکانی پارێزگای بەسرەو ئەمڕۆ لە پەرلەمان ئامادەبوون، ئەمەش ئەو راستییە دەگەیەنێت کە زۆرینەی ئەندامەکان لە ئەنجوومەنی نوێنەران پشتگیرییان هەیە بۆ پرۆسەی سیاسی و پیادەکردنی یاسا لە ئایندە.

### حکومەت بەرپرسە
### لە چارەسەرکردنی کێشەی گەندەڵی و ئەمنی

*** وڵاتێک شەڕو گەندەڵی تیایدا دیاردەیەکی بە رچاو بێت ئایندەی چۆن دەبێت؟**



- دیاردەی گەندەڵی دیاردەیەکە کە پێویستە رێگاچارەی تر بگیرێتە بەر بۆ چارەسەرکردنی، هەروەها کێشەی ئاسایش کێشەیەکی ترە کە پێویستیی بە رێگاچارەی خۆی هەیە لە بەکارهێنانی رێگاچارە ئاسایشییەکان و نەهێشتنی چەکدارە نایاساییەکان و یاخیبووەکان. ئەمڕۆ عێراق چەندین گرفتی جیاوازی تێدایەو وڵاتێکە کە تاکو ئێستا سەقامگیر نییە. هەروەها حکومەت بەرپرسیارە لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانی گەندەڵی و رەوشی ئەمن و ئاسایش، هەروەها هەموو لایەن و هێزە سیاسییەکان پابەندن بە پاڵپشتیکردنی حکومەت بۆ سەرکەوتنی حکومەت لە ئەنجامدانی کارو ئەرکەکانی.

*** ئەم جەنگە چەند مەترسییەکی لێ دەکەوێتەوە، ئەویش بریتییە لەوەی کە مەترسی هەیە لە درووستبوونی هاوپەیمانێتی لەنێوانی سووپای مەهدی و رێکخراوی ئەلقاعیدە. ئایا هیچ ئەگەرێك هەیە بۆ روودانی ئەم جۆرە هاوپەیمانێتییە؟**

- نەخێر، بەهیچ شێوەیەك بڕواناکەین ئەم جۆرە هاوپەیمانێتییە لەنێوانی سووپای مەهدی و رێکخراوی ئەلقاعیدە درووست ببێت. هیچ ئەگەرێك نییە بۆ روودانی.

### سەردانەکەی چینی بۆ عێراق
### پەیوەندیی هەیە بە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و
### ململانێی نێوانی دیموکراتەکان و کۆمارییەکان

*** ئایا بە تێروانینی بەڕێزت هیچ پەیوەندیەك لەنێوان ئەم قەیرانە و سەردانەکەی جێگری سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ عێراق هەیە؟**

- لەڕاستیدا، ئەم سەردانە یەکێکە لەو سەردانە ئاساییانەی کە بەرپرسەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەنجامی دەدەن. ئەمەش دوو هۆکاری هەیە: یەکەمیان: لەبەر هەبوونی هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراق و بۆ بەسەر کردنەوەیان لە بەغداو رووانینی بارودۆخەکانیان. هۆکاری دووەم بریتییە لە زانینی بارودۆخی عێراق و بەسەرکردنەوەی حکومەتی عێراقی. بەڕای من ئەمە بەشێکە لەو زنجیرە سەردانانەی کە بەرپرسەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە بەردەوامی ئەنجامی دەدەن، کە هیچ شتێکی نوێی تێدا نییە، تەنیا بۆ بەسەرکردنەوەی عێراق و دڵنیابوونە لەسەر رەوش و بارودۆخ، سەرەڕای هۆکارێکی تر، کە هەر وەکو هەمووومان دەزانین، سەردانەکانیان پەیوەندیی هەیە بە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و ململانێی نێوانی دیموکراتەکان و کۆمارییەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

### وەک ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی
### پشتگیری لە حکومەتی مالیکی دەکەین بۆ سەپاندنی
### ئاسایش لە سەرجەم پارچەکانی عێراقدا

*** ئایا لەمیانی ئەم قەیرانەدا، هەڵوێستی ئەنجوومەنی باڵا چییەو پێشنیارو راسپاردەکانتان چییە بۆ کۆتایی پێ هێنانی ئەم کێشەیە؟**

- لە ئەنجوومەنی باڵا، ئێمە پشتگیری لە حکومەتی مالیکی دەکەین بۆ سەپاندنی ئاسایش لە سەرجەم پارچەکانی عێراق. هەر سەرپێچییەك لە یاساو دەستوورو شێواندنی ئاسایش و ئارامیی هاووڵاتییەکان، بەتایبەتی کوشتنی بێ تاوان و سڤیلەکان، ئەوە بە هەموو شێوەیەك مەحکومی دەکەین و لەدژی رادەوەستین و لایەنگری حکومەت دەبین بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە، لەبەر ئەوەی حکومەت پابەندە بە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم جۆرە دیاردانەو بەرپرسیارەو پێویستە چارەسەری بکات. هەروەها بە هیچ شێوەیەك قبوول ناکەین تۆمەت ئاراستەی ئەم و ئەو بکرێت، ئێمە لایەنگری حکومەتین لە سەپاندنی ئەمن و ئاسایش. بۆیە گەر خوازیاری عێراقێکی ئارام و سەقامگیرو هێمن بووین، بێجگە لە پاڵپشتیکردن لە حکومەت هیچ چارەیەکی ترمان نییەو پێویستە یارمەتیی حکومەت و دام و دەزگاکانی ئاسایش بدەین بۆ ئەوەی توانای هەبێت لەسەر کۆنترۆڵکردنی وڵاتەکەو سەپاندنی ئاسایش و سەقامگیری. بۆیە، ئێمەو هەموو هێزە سیاسییەکان، هەموو هەوڵ و کۆششێك دەدەین بۆ لەخۆگرتنی قەیرانەکەو کەمکردنەوەی زیانەکان. لەم رۆژانەدا، هەمووومان سەرقاڵی ئەم کارەین بۆ ئەم مەبەستە.

**ئەم جۆرە رووداوانە هێز و شکۆداری بە حکومەت دەبەخشێت**

**ئێستا دانوستاندن هەیە لەگەڵ تەییاری سەدر بۆ ئەوەی لە پەرلەمان کشانەوە ئەنجام نەدەن**



# سەردانی دیک چینی و پێگەی کورد

## لە هاوکێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی ئەمەریکادا



سەردانەکەی دیك چینی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە یەکێك لە وێستگەکانی هەرێمی کوردستان بوو، کۆمەڵێك دۆسێی گرنگ و هاوسەنگی لەخۆی گرتبوو کە هەموویان ئاماژە بوون بۆ بایەخی ئەو دۆسێیانە لە سیاسەتی ئەمەریکادا کە بریتی بوون لە:

١. سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر عێراق و سەرخستنی پرۆسەی سیاسی و پێکهاتنەوەی نیشتیمانی لە نێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراقدا، هەروەها پەلەکردن لە دەرکردنی کۆمەڵێك یاسا وەك یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان و جێبەجێکردنی یاسای هەرێمەکان.

٢. سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر هەرێمی کوردستان و دووپاتکردنەوەی بایەخی واشنتۆن بە هەرێمی کوردستان و سەرۆك بارزانی، هەربۆیە هاوکات لەگەڵ سەردانی بۆ هەرێمی کوردستان داوەتنامەیەکی فەرمی سەرۆك بۆشیشی بۆ سەرۆك بارزانی هێنابوو بۆ ئەوەی بە فەرمی سەردانی واشنتۆن بکات و لەگەڵ سەرۆك بۆش کۆ ببێتەوە.

٣. بۆ بەگەڕخستنەوەی پرۆسەی ئاشتی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین و رێکخستنەوەی بەرەی هاوپەیمانی عەرەب لەگەڵ ئەمەریکا.

٤. بۆ دوورخستنەوەی مەترسی ئێران لەسەر ناوچەکە و دانانی سنوورێك بۆ ئەو هەڕەشانەی ئێران لەسەر ناوچەکەو دەوڵەتانی هاوپەیمانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا هەیەتی.

٥. جەختکردنەوە لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر ئەفغانستان و پێویستی مانەوەی هێزەکانی ناتۆ لە ئەفغانستان.

## هەرێمی کوردستان
## وەک یەکێک لە دۆسێیە گرنگەکانی ئەم سەردانە

باڵیۆزی ئەمەریکا لە ئەنکەرە، دوای سەردانەکەی چینی بۆ تورکیا و کۆبوونەوەی لەگەڵ گەورە بەرپرسانی ئەو وڵاتە، راشکاوانە بە میدیاکانی راگەیاند کە یەکێك لە لایەنە گرنگەکانی وتووێژی نێوان دیك چینی و گەورە بەرپرسانی تورکیا، نیشاندانی بایەخی هەرێمی کوردستان بووە بۆ سیاسەتی ئەمەریکی لە عێراقدا و هەروەها بایەخی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا و بۆ سەقامگیری ناوچەکە بە گشتی.

بێگومان ئەم لێدوانەی باڵیۆزی ئەمەریکا لە تورکیا، زیاتر گەیاندنی پەیامی سەردانەکەی چینی و سیاسەتی ئەمەریکایە بە گەلی تورکیا و دەیەوێت پێیان بڵێت، راستە ئەمەریکا، تورکیا بە هاوپەیمانێکی گرنگ و ستراتیژی خۆی دەزانێت، راستە تورکیا ئەندامی ناتۆیە و هاوکارە بۆ ناردنی هێزەکانی بۆ ئەفغانستان، بەڵام دەبێت ئەم پێگە و شکۆیەی تورکیا لە سیاسەت و ستراتیژیەتی ئەمەریکا لەناوچەکەدا هەیەتی، دەبێت هاوسەنگ و هاوتەریب بێت لەگەڵ هاوپەیمانەکانی دیکەی ئەمەریکا لە ناوچەکە، کە ئێستا هەرێمی کوردستان یەکێکە لە هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا لەچوارچێوەی عێراق و لەسەر ئاستی ناوچەکەش.

ئێمە بۆ زیاتر بەدواداچوونی ئەم پەیامە گرنگەی سەردانەکەی دیك چینی، راستەوخۆ پەیوەندیمان بە بەڕێز رایان کرۆکەر باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق و خاتوو پاولادۆبرۆنسکی جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا کرد، بۆ ئەوەی ئەوانیش وەك باڵیۆزی ئەمەریکا لە ئەنکەرا، پەیامی فەرمی ئەم سەردانە بە گەلی عێراق و گەلی کوردستان بگەیەنن.

جێگەی رێزوسوپاسە کە بەڕێز خاتوو پالاودۆبرۆنسکی جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا زۆر بە گەرمی پێشوازی لەم داوایەی گوڵان کرد، بەڵام بە پێویستی زانی کە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان لەلایەن نووسینگەی رۆژهەڵاتی نزیك لە وەزارەتی دەرەوەو باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە عێراق بدرێتەوە و داوا فەرمییەکەی گوڵان جارێکی دیکە ئاراستەی باڵیۆز کرۆکەرکرد و باڵیۆزخانەی ئەمەریکاش لە بەغدا ئاگاداریان کردینەوە کە باڵیۆز کرۆکەر داوا فەرمییەکەی گوڵانی وەرگرتووە و بە فەرمی وەڵام دەداتەوە، بەڵام لەبەر ئاڵۆزی بارودۆخی عێراق بەگشتی و بەغدا و گرین زۆن «لەوکاتەی کە قسەمان لەگەڵ دەکردن ناوچەی گرین زۆن بە هاوەن بۆردومان دەکرا» فریای ئەم ژمارەی گوڵان ناکەوێت، بەڵام بۆ ژمارەکانی دادێ بە فەرمی وەڵاممان دەداتەوە.

## داوەتنامەی سەرۆک بۆش بۆ سەرۆک بارزانی

لەم بارودۆخەی عێراقی پیاتێدەپەڕێت و ئەمەریکاش بە قۆناغێکی گەرمی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا تێدەپەڕێت، داوەتنامەیەکی سەرۆك بۆش بۆ سەرۆك بارزانی مەغزا و رەهەندی تایبەتی خۆی هەیە. پرۆفیسۆر تۆماس دۆنلی کە ئەندامی لیژنەی خزمەتی سوپایە لە کۆنگرێس و یەکێکە لە ئەندامانی ئامۆژگای ئەنتەرپرایس و بە درێژایی ئەم پێنج ساڵەی دوای ئازادکردنی



عێراق، لەسەر دۆسیێی عێراق و سەرکەوتنی سوپای ئەمەریکا لە عێراقدا کاریکردووە، راشکاوانە لە هەڤپەیڤینێکی تایبەت بەم راپۆرتەی گوڵان پێی راگەیاندین ئەم سەردانەی دیك چینی و هێنانی داوەتی فەرمی سەرۆك بۆش بۆ سەرۆك بارزانی، نیشانەی پەیوەندی بەهێزی نێوان گەل و حکومەتی ئەمەریکایە لەگەڵ گەل و حکومەتی هەرێمی کوردستان.

هەروەها پرۆفیسۆر نادر ئینتساریش لە زانکۆی کالیفۆرنیا کە پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی دەرەوە و بەرگری ئەمەریکا، مانای ئەم داوەتە فەرمییەی سەرۆك بۆش بۆ سەرۆك بارزانی بەو جۆرە دەبێت کە سەرۆك بۆش دەیەوێت سوپاسی حکومەت و گەلی ئەمەریکا راستەوخۆ بە شەخسی سەرۆك بارزانی رابگەیەنێت.

پرۆفیسۆر «ستیڤن بیدل»یش کە یەکێکە لەو کەسانەی لە نزیکەوە لەسەر ستراتیژیەتی «SURGE» زیادکردنی هێزی سەربازی بۆ سەقامگیری لە عێراقدا کاری کردووە و راوێژکاری ستراتیژی سەربازی ژەنەراڵ پەتریۆس بووە لە بەغدا، مانای ئەم داوەتە فەرمییەبەوە دەخوێنێتەوە کە ئەم داوەتنامەیە دەربڕی ئەو ئیعجابەیە کە گەل و حکومەتی ئەمەریکا بەرامبەر ئەو دەسکەوتانەی هەرێمی کوردستان هەیانەو هەروەها ئیعجابی ئیدارەی ئەمەریکایە بەرامبەر ئەو سەرکردایەتییەی کە ئەو بەرەو پێشەوە چوونانەی لەو هەرێمەدا هێناوەتە ئاراوە.

## کورد پێگەی خۆی دەزانێت و دەشزانێت جیهان چۆن سەیری دەکات

لەو کاتەی ژەنراڵەکانی سوپای تورکیا هەوڵیاندەدا بە هەموو جیهان بڵێن تورکیا دەتوانێت پێگەی هەرێمی کوردستان لە هاوکێشە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکاندا بلەقێنێت، سەرکردایەتی کورد بەگشتی و شەخسی سەرۆك بارزانی هەوڵیدەدا بە تورکیا بڵێت زەمەنی هەڕەشە و چارەسەری سەربازی بۆ کێشەکان بەسەرچوو، لەمەش زیاتر هەوڵیدەدا بە تورکیا بڵێت، سەقامگیری و ئاسایش هێندەی بۆ کوردستان پێویستە، هێندە بە تورکیا پێویست نییە، هەربۆیە ئەگەر کێشەی ئێوە دابینکردنی ئاسایشە، فەرموون پێکەوە دابنیشن و بە رێگەی چارەی ئاشتی و دیالۆگ ئاسایش بۆ هەردوولا دابین بکەین.

سەرکردایەتی کوردستان لەم مامەڵەکردنەی لەگەڵ تورکیا کە مەبەستی بوو بە جیهان بڵێت:

١. بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان لە ئاشتی و سەقامگیری دایە، هەربۆیە هەوڵدەدات هۆکارێك بێت بۆ ئاشتی و سەقامگیری لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە.

٢. بۆ هەموو جیهانی بسەلمێنێت کە کورد لە بەرەی شەڕی دژە تیرۆرە و بەڵام قبوڵیش ناکات کێشەی نەتەوەکەی لە ژێر پەردەی شەڕی دژە تیرۆردا پێشێل بکرێت.

٣. کورد لە زمانی سیاسەتی سەردەم تێدەگات و دەیەوێت بە زمانی سەردەم مافەکانی خۆی پیادە بکات و بە زمانی سەردەمیش کێشەکانی لەناوخۆ و دەرەوە چارەسەر بکات.

لە بەرامبەردا تورکیا هەوڵیدەدا ئەم پەیامەی کورد لە سەر ئاستی جیهان بشێوێنێت بەلام بەردەوام بوونی سەرکردایەتی کورد لەسەر ئەم سیاسەتەی کۆمەڵێك ئەنجامی گرنگی بە دوای خۆیدا هێنا کە سەردانی دیك چینی بۆ هەرێمی کوردستان یەکێکیان بوو.

١. جیهان بۆی دەرکەوت کە نابێت کێشەی میللەتێك لە ژێر پەردەی شەڕی دژە تیرۆردا سەرکوت بکرێت، بۆ ئەمەش هەرزوو ئەمەریکا تورکیای ئاگادار کردەوە کە پێویستە لەکوردستان بکشێتەوە و یەکێتی ئەوروپاش نیگەرانی خۆی پیشانداو، وەك بەڕێز خافێر سۆلانا رێکخەری سیاسەتی دەرەوە و بەرگری یەکێتی ئەوروپا لە ژمارەی پێشووی گوڵان راگەیاند بوو کە یەکێتی ئەوروپا هەرگیز لەگەڵ رێگە چارەی سەربازیدا نەبوو.

٢. جیهان بەگشتی و ئەمەریکا بەتایبەتی بە تورکیایان راگەیاند کە هەرێمی کوردستان بۆ عێراق کلیلی ئاشتی و سەقامگیرییە و بۆ ناوچەکەش سەرەتایەکە بۆ مۆدیلی دیموکراسی و هاوپەیمانی شەڕی دژە تیرۆر هەربۆیە ناکرێت ئەم هەرێمە پشتی تێ بکرێت.

٣. لە هەرێمی کوردستاندا پەرە بە بونیادی ژیانی دامەزراوەیی و سەرروەری یاسا و بونیادنانەوە دەدرێت، نەك دامەزراندنی سوپایەکی بەهێز و کڕینی چەك و تەقەمەنی، هەربۆیە هیچ ئاماژەیەکی دوژمنکاری لەم هەرێمە بەدی ناکرێت.

٤. ئەمانەو چەندین ئاماژەی دیکە لەماوەی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەرهەرێمی کوردستان ئاشکرابوون و هاوکێشەیەکی تازەی لە ناوچەکەدا دروستکرد کە هەرێمی کوردستان لەو هاوکێشەیەدا هەم خۆی دەبینێت و هەم تورخم و لایەنەکانی دیکەش.

**پرۆفیسۆر ستیڤن بیدل راوێژکاری ستراتیژی سەربازی ئەمەریکا بۆ گوڵان:**

# سەردانی دیک چینی بۆ هەرێمی کوردستان هەوڵێکە بۆ بەدیهێنانی ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکە



**■ پرۆفیسۆر ستیڤن بیدل کە پسپۆرە لە ستراتیژیەتی سەربازی لە ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە، راوێژکاری ستراتیژی سەربازی هێزەکانی ئەمەریکاشە لە عێراق و هاوکات لەگەڵ پیادەکردنی ستراتیژیەتی «surge» و زیادکردنی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا بیدل لە گەڵ پەتریۆس هاتۆتە عێراق و راوێژکاری ژەنەراڵ پەتریۆس بووە.**
**سەبارەت بە سەردانەکەی چینی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان و ناوچەکە گوڵان پەیوەندی بە پرۆفیسۆر ستیڤن بیدل کرد و بەرێزی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.■**

## رۆڵی ئیجابی و بنیاتنەرانەی کورد نەک تەنیا لە عێراقدا، بەڵکو بۆ تێکرای ناوچەکە گرنگە

***راوبوچونت چییە لەسەر سەردانەکەی بەرێز دیک چینی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەرێمی کوردستان؟**

**- من پێموایە سەرۆك خوازیاری هاندانی ئاشتەوایی و هاوکاریکردنە لە عێراقدا و دەیەوێت ئەم گەشتەی دیک چینی ئاسانکاری بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکە بکات. هەرچەندە من پێموایە ئەوە ئەرکێکە هەوڵ و کۆششی زیاتری دەیەوێت لە تەنیا سەردان و گەشتی جێگری سەرۆك بۆش، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئومێدی ئەوە هەیە کە ئەو سەردانە یارمەتیدەر بێت لەم رووەوە.**
لە لایەکی دیکەشەوە دەبێت ئەو راستییە لەبەر چاو بگرین کە رۆڵی کوردەکان لە ناوچەکەدا رۆڵێکی زۆر زۆر گرنگە، بە تایبەتی بە هۆی بوونی گرژی لە گەڵ تورکیادا بە هۆی بوونی چالاکییە چەکدارییەکانی پەکەکەوە. من پێموایە هاوکاری ئەمەریکا و کوردەکان بووە هۆی کەمکردنەوەی کێشەی توندوتیژی پەکەکە لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیادا. بەو پێیە من پێموایە رۆڵی ئیجابی و بنیاتنەرانەی کوردەکان نەك تەنیا لە عێراقدا، بەڵکو بۆ تێکرای ناوچەکە گرنگە. هەروەها رۆڵی بەرپرسە کوردەکانی عێراقیش لە پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتمانی عێراقیدا رۆڵێکی ئیجابی و بەهادارە و پێویستە ئەم رۆڵەش گەشەی پێبدرێت.

## هەرێمی کوردستان لە زۆر رووەوە هاوکار و یارمەتیدەری ئەمریکا بووە لەو تەحەددایەی لە عێراقدا رووبەڕووی بۆتەوە

***لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا لە دوای رووخانی رژێمی**

**سەدام حوسێنەوە، لە نێو پێکهاتەکانی عێراقدا، کوردەکان سەلماندوویانە کە هاوپەیمانی ژمارە یەکی ئەمەریکان، چۆن ولاَتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەتوانێت سوود لەم هاوپەیمانێتیە وەربگرێت لە گەڵ کوردەکاندا؟**

- هەرێمی کوردستان لە زۆر رووەوە هاوکار و یارمەتیدەر بووە. ئەو تەحەددایەی ولاَتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا رووبەرووی بۆتەوە بریتییە لەوەی دەبێت پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق وەك کورد و شیعە و سوننەکان پێویستە سازش بکەن لە ئاست یەکتریدا بۆ ئەوەی بە یەکجاری ئاسایش و سەقامگیری لە عێراقدا بچەسپێت کە ئەوەش کارێکی سەختە. بەو پێیە ئەو رۆڵە بنیاتنەرەی کوردەکان لە هێنانەدی ئەو سازشە دوولایەنەدا بینویانە، رۆڵێکی بەهادار و گرنگ و جێی تەقدیرە.

**هاوسۆزیەکی زۆر هەیە لە ناو ئەمەریکییەکاندا بەرامبەر بەرژەوەندییەکانی کوردەکان**

## هەموو کەسێک لە ئەمەریکا بە چاوی ئیعجابەوە سەیری ئەو دەسکەوتانە دەکەن کە لە هەرێمی کوردستان بە دەست هاتوون .

***هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی نزیکەی ١٦ ساڵە ئەزموونێکی دیموکراسی بەرێوەدەبات، هەرگیز نەبۆتە سەرچاوەی هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر دەوڵەتە دراوسێکان، بە پێچەوانەوە بۆتە هۆکاری سەقامگیری. تا چەند ولاَتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئامادەیە بۆ هاوکاریکردنی ئەم هەرێمە تاوەکو ببێتە هۆکاری سەرکەوتن لە عێراقدا؟**

- من پێموایە هەموو کەسێك لە ئەمەریکا بە چاوی ئیعجابەوە لەوە دەڕوانن کە کوردەکان خوڵقاندوویانە. هەروەها هاوسۆزیەکی زۆر هەیە لە ناو ئەمەریکییەکاندا بەرامبەر بەرژەوەندییەکانی کوردەکان، ئەمەش لە بەشێکیدا بۆ ئەو بەرەوپێشچوونەی کوردەکان دەگەڕێتەوە کە لە عێراق و تەواوی ناوچەکەدا بەدەستیان هێناوە. لە خوڵقاندنی دیموکراسی و گەشەسەندنی ئابوورییەوە. گرفتەکە ئەوەیە کە ئەگەر ولاَتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە شێوەیەکی بێ پێچ و پەنا بووە هاوپەیمانی یەکێك لە پێکهاتەکانی عێراق ئەوا جێگیرکردنی ئارامی و سەقامگیری لە ولاَتەکەدا زەحمەت دەبێت. واتە دەبێت وەك ناوبژیوانێکی راستگۆ و بێلایەن لە ئەمەریکا بڕوانرێت لە عێراقدا، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر سوننە و شیعەکان ئەو تێڕوانینەیان لە لا دروست بێت کە ئەمەریکا بە تەنیا پشتگیری بەرژەوەندییەکانی کوردەکان دەکات، ئەوا لە راستیدا ئەمە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی کوردەکانیش ناکات. ئەوەش ئەوە دەخوازێت کە هەموو لایەنەکانی ناو عێراق لە گەڵ یەکدیدا سازش بکەن.

**ئەگەر ولاَتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە شێوەیەکی بێ پێچ و پەنا بووە هاوپەیمانی یەکێک لە پێکهاتەکانی عێراق ئەوا جێگیرکردنی ئارامی و سەقامگیری لە ولاَتەکەدا زەحمەت دەبێت**

## ئەمەریکا تا رادەیەکی زۆر هاوکار و پاڵپشتی هەرێمی کوردستان بووە

***سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان، هەوڵدەدات کێشەکان بە شێوەیەکی ئاشتییانە و لە رێگەی دانوستاندنەوە چارەسەر بکەن، بەڵام پێدەچێت زمانی دانوستان و گفتوگۆ لە ناوچەکەدا زمانێکی نوێ بێت، تا چەند ولاَتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئامادەی هاوکاریکردنی سەرکردایەتی کوردە بۆ ئەوەی گرتنەبەری شێوازی ئاشتیانە ببێتە رێگایەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان؟**

- من ناتوانم بە ناوی حکومەتی ئەمەریکاوە هیچ لێدوانێکی رەسمی بدەم، بەڵام وەك شیکەرەوەیەکی سەربەخۆ، راوبۆچوونی من ئەوەیە کە ئەمەریکا تا رادەیەکی زۆر هاوکار و پاڵپشتی کوردەکان بووە و بە ئیعجابەوە لەو بەرەوپێشچوون و پەرەسەندانە دەڕوانن کە کوردەکان بەدەستیان هێناوە. من دووپاتی دەکەمەوە کە ئەگەر ئێمە ببینە پشتیوانێکی بێ پێچ و پەنای کوردەکان ئەوا ئەمە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی کوردەکان ناکات، لەبەر ئەوەی ئەو کاتە دەبینە پاڵپشتێکی ناکارا. ئەوەی کوردستان پێویستی پێیەتی بریتیە لە بەدەستهێنانی ئازادی و فیدراڵی لە چوارچێوەی عێراقێکی ئاشتیخواز و سەقامگیردا. لە راستیدا ئەوە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی کوردەکان دەکات. هەروەك ئاماژەم پێکرد بەدەستهێنانی ئەو دەرئەنجامەش ئەنجامدانی سازشکردنی سەخت و ئازاربەخشی دەوێت لە لایەن هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی عێراقەوە. لەبەر ئەوە دەبێت ولاَتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا زۆر بە وریاییەوە مامەڵە بکات و وەك ناوبژیوانێکی بێلایەن و راستگۆ رەفتار بکات بۆ ئەوەی پێکهاتەکانی عێراق سازشگەلی پێویست بکەن بۆ هێنانەدی سەقامگیری لە ولاَتەکەدا.

## دەبێت بەرەوپێشبردنی و پەرەپێدانی هەرێمی کوردستان هاوشان بێت بە جێگیرکردنی سەقامگیری لە عێراقدا

***ئەگەر کورد دەرفەتی پێبدرێت و پشتیوانی بکرێت ئەوا ئەزموونەکەی دەبێتە مودیلێك بۆ دیموکراسی و بەرەوپێشچوون لە ناوچەکەدا، بۆچی وەکو پێویست پشتیوانی لە کورد ناکرێت؟**

- لە راستیدا ئەوە دەوەستێتە سەر چۆنیەتی بەدەستهێنانی ئەو مودێلە، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر ئەزموونی دیموکراسی و سەقامگیری و بەرەوپێشچوونی ئابووری لە هەرێمی کوردستاندا لە چوارچێوەی عێراقدا بەدیهات، ئەوا رەنگدانەوە و کاریگەرییەکی ئیجابی دەبێت لەسەر تەواوی ناوچەکە. بەڵام ئەگەر دەرئەنجامەکە بریتی بوو لە باڵادەست بوونی پشێوی و نائارامی لە بەشەکانی دیکەی عێراقدا و بە تەنیا کوردستان وەك هەرێمێکی ئارام مایەوە، یاخود دەرئەنجامەکە سەریکێشا بۆ دروست بوونی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ، ئەوا پێموایە رەنگدانەوەیەکی سلبی دەبێت و دەبێتە هۆی خوڵقاندنی نائارامی لە بەشەکانی دیکەی ناوچەکەدا. لەبەر ئەوەی دەوڵەتەکانی دیکەی ناوچەکەش لەم دەرئەنجامە نیگەرانن. لەبەر ئەوە من پێموایە دەکرێت هەرێمی کوردستان ببێتە مودێلێکی بەهێز و ئیجابی بۆ ناوچەکە، یاخود بۆی هەیە ببێتە مودیلێك بۆ ناسەقامگیری و هۆکاری مەترسی کە تەنانەت زیان بە بەرژەوەندییەکانی خودی کوردەکان خۆشیان بگەیەنێت. کەواتە مەسەلە بنەڕەتییەکە ئەوەیە دەبێت بەرەوپێشبردنی و پەرەپێدانی هەرێمی کوردستان هاوشان بێت بە جێگیرکردنی سەقامگیری لە عێراقدا، ئەگەر ئەوە لە مەودای دووردا روونەدات، ئەوا ئەو کاتە کوردەکان نابنە هۆکارێکی یارمەتیدەر بەڵکو کاریگەرییەکی خراپیان دەبێت.



## جێگیرکردنی دیموکراسی و پێکەوە ژیانی ئاشتییانە لە کەلتووری ڕۆژئاوا گرنگترە

***بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کوردەکان بۆ ماوەی چەند دەیەیەکە سەرکوتکراون و بە دەستی دەوڵەتانی ناوچەکە نێوان نەتەوەکانی عـــەرەب و فارس و تورکەکاندا دابەش کراون، ئێســـتا کوردەکان خوازیاری ئەوەن پتر لە کەلتووری ڕۆژئاواوە نزیك ببنەوە، چۆن ڕۆژئاوا پێشوازی لەم خواستەی کوردەکان دەکات؟**

- لە راســـتیدا مەســـەلەی نزیك بونەوەی دانیشتوان و گەلانی ناوچەکە لە کەلتـــووری ڕۆژئاواوە گرنگییەکی کەمتری هەیە بە لای منەوە بە بەراورد بە جێگیرکردنی دیموکراسی و پێکەوە ژیانی ئاشـــتییانە لە گەڵ دەوڵەتە دراوســـێکانیاندا، ئیتر ئەو کاتە گوێ لـــە گۆرانییەکانی مادۆنا دەگرن، یاخود گوێ لە موســـیقای گروپێکی پاکستانی دەگرن. من پێموایە مەسەلەی نزیکبوونەوە لە کەلتووری ڕۆژئاوا جیاوازە لە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریـــکا. ئەمەریـــکا بەرژەوەندییەکی روونـــی هەیە لەوەی خەڵکـــی ناوچەکە بە شـــێوەیەکی دیموکراتی حوکمڕانی بکەن و بە ئاشـــتیانە لە گەڵ یەکیدا بژیـــن و بارودۆخێکی ئارام و خوشـــگوزەرانیان هەبێت، ئیدی خەڵك لە کەلتوورێکی شێوەی کەلتـــووری نیۆیۆرکدا دەژین، یاخود لە کەلتوورێکی شـــێوەی ئیسلام ئابادیدا، ئەوە مەسەلەیەکە بۆ خۆیان دەگەڕێتەوە.

## ئەگەر پەیوەندییەکانی ئەمەریکا لە گەڵ هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقێکی ئارام و سەقامگیریدا بێت کاریگەرییەکی ئیجابی لەسەر تێکڕای ناوچەکە دەبێت

*** ئێســـتا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریـــکا دوو هاوپەیمانی لە ناوچەکەدا هەیە، کە شـــانازیان پێوە دەکات، ئەویش تورکیا و ئیســـرائیلە، بـــەڵام ئەم دوو وڵاتە ناکرێـــت بکرێنە بەڵگەی ســـەرکەوتن بۆ سیاسەتی ئەمریکا لە ناوچەکە، لەبەر ئەوەی تا ئێستاش تورکیا دەستی لە خەونەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەڵنەگرتووە و لە لایەکـــی دیکەوە هەموو دەوڵەتە عەرەبییەکان وەك دوژمن لە ئیسرائیل دەڕوان، ئایا تا چەند کوردەکان دەتوانن ئەو کەلێنە پڕبکەنەوە؟**

- لە راســـتیدا ئەوە تا رادەیەکی زۆر دەوەســـتێتە ســـەر ئەو رۆڵەی کوردەکان دەیبینن لە چوارچێوەی عێراقدا. ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پەرە بـــە پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی بدات لە گەڵ هەرێمی کوردستاندا، ئەوا ئەمە دەبێتە مەترسی بۆ ســـەر ناوچەکە، لەبەر ئەوەی زۆرێـــك لە وڵاتانی ناوچەکە بزوتنەوەی جوداخوازیان تێدایـــە و نیگەرانن لەوەی دەوڵەتێکی ســـەربەخۆی کوردی کاریگەری دەبێت لەســـەر ئـــەوان. کە دەرئەنجامی ئەوەش رەنگە سەرهەڵدانی ناکۆکییەکی گەورە بێت کە زیاتر زیان بـــە بەرژەوەندییەکانی کوردەکان دەگەیەنێت نەك خزمەتی ئەو بەرژەوەندییانە بکات. بەڵام ئەگەر پەیوەندییەکانی ئەمەریکا لە گەڵ هەرێمی کوردســـتان ئارام و گەشەســـەندو لـــە چوارچێـــوەی عێراقێکی ئارام و ســـەقامگیریدا بێت، من پێموایە ئەوە کاریگەرییەکی ئیجابی لەســـەر تێکڕای ناوچەکە دەبێت. لەبەر ئەوە گرنگە پەیوەندییەکانی ئێمە لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا بێت لە گەڵ کوردەکاندا.

## دەبێت هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی عێراق دەست لە هەندێ لە داواکارییەکانیان هەڵبگرن

***ئایا کورد چی بکات بۆ ئەوەی یارمەتیدەر بن لە پرۆســـەی ئاشتەوایی نیشتمانی؟**

- لە راســـتیدا من ئومێدێکی زۆرم هەیە کە کوردەکانن بتوانن رۆڵێکی باش ببینن لە هێنانەدی ئاشـــتەوایی نیشـــتمانی لە عێراقدا و بتوانن بە ســـەرکەوتوویی هەڵبستن بە هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانیـــان لە هەرێمەکەیاندا لـــە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا.

بۆ پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتمانی دەبێت هەموو لایەك سازشی پێویست بکەن، تێکڕای کێشەکەی عێراق ئەوەیە کە پێکهاتەکانی ناو عێراق ناتوانن هەموو خواست و داواکارییەکانیان بهێننەدی ئەگەر ســـازش نەکەن. من پێموایە شتێکی واقیعی نییە ئەگەر داوا لـــە دوو پێکهاتەی وڵاتەکە بکەیت بۆ ئەوەی قوربانی بدەن و دەســـت لە هەندێك لـــە داواکارییەکانیان هەڵبگرن بێ ئەوەی داوا لە پێکهاتەی سێیەم بکرێت کە هەمان قوربانی بدات، واتە دەبێت هەر سێ پێکهاتەکە دەست لە هەندێ داواکاری هەڵبگرن، ئەگەر نا ئەوا لایەنێك دەمێنێتەوە کە هەســـت بە نائاســـوودەیی دەکات و هەست بە پەراوێزبوون دەکات و ئەو کاتەش ناکۆکییەکە درێژە دەکێشێت.

●●●

**ئەمەریکا دوو هاوپەیمانی لە ناوچەکەدا هەیە، کە شانازیان پێوە دەکات، ئەویش تورکیا و ئیسرائیلە، بەڵام ئەم دوو وڵاتە ناکرێت بکرێنە بەڵگەی سەرکەوتن بۆ سیاسەتی ئەمریکا لە ناوچەکە**

●●●

**پرۆفیسۆر نادر ئینتیسار پسپۆر لەسەر دۆسێی کورد لە زانکۆی کالیفۆرنیا بۆ گوڵان:**

# سەردانی دیک چینی بۆ هەرێمی کوردستان و داوەتی سەرۆک بۆش بۆ سەرۆک بارزانی ئاماژەیە بۆ پەیوەندی پتەوی کوردو ئەمەریکا

**■ پرۆفیسۆر نادر ئینتیسار سەرۆکی بەشی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی کالیفۆرنیاو پسپۆڕو تایبەتمەندە لە سیاسەتی بەرگری و دەرەوەی ئەمەریکاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها یەکێکە لەو پسپۆرانەی کە ماوەی زیاتر لە ٢٥ ساڵە کار لەسەر کێشەی کورد دەکات و لە زۆربەی ئەو کۆنفرانسە نێودەوڵەتییانەشدا بەشداری دەکات کە لەسەر کوردو دۆزی کورد دەنووسرێت. پرفیسۆر نادر ئینتیسار لە کۆنفرانسی کوردو گەڕان بە دوای ناسنامەدا کە لە ساڵی ١٩٩٩ لە سەنتەری ئاشتی و مەڵبەندی مستەفا بارزانی لە زانکۆی ئەمەریکا گرێدرا یەکێك بوو لە بەشداربووان و باسێکی تایبەتیشی بۆ ئەو کۆنفرانسە ئامادەکردبوو. سەبارەت بە بایەخی سەردانی دیك چینی بۆ هەرێمی کوردستان و داوەتنامەی فەرمی سەرۆك بۆش بۆ سەرۆك بارزانی گوڵان پەیوەندی پێوەکردو بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.■**



**بانگهێشتەکەی سەرۆک بۆش بۆ سەرۆک بارزانی بانگهێشتێکی گرنگە و بۆش دەیەوێت بە شێوەیەکی شەخسی سوپاسی بارزانی بکات**

***کوردەکان رۆڵێکی بنیاتنەرانە دەبینن لە عێراقدا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش متمانەی بەو رۆڵە هەیە، بەتایبەتی دوای سەردانەکەی دیك چینی بۆ هەرێمی کوردستان و بانگهێشتکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی بە شێوەیەکی رەسمی بۆ ئەوەی سەردانی واشنتۆن بکات و سەرۆك بۆش ببینێت، ئەم رۆڵبینینەی کوردەکان چ کاریگەرییەکی دەبێت بەسەر ناوچەکەوە؟**

- ئەوە راستە کوردەکان رۆڵگێڕێکی گرنگن لە عێراق و لە سیاسەتی ناوچەکەدا، بەڵام وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەیەوێت دەستڕۆیشتووی خۆی لە ناوچەکەدا بپارێزێت، بۆ نموونە بەڕێز چینی لە چوارچێوەی گەشتەکەیدا سەردانی تورکیاشی کرد. واتە لە بنەڕەتدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خوازیارە هەموو کارتەکان لە دەستی خۆیدا بهێڵێتەوە، بە کارتی کوردەکانیشەوە. بەبێ ئەوەی فەزڵی لایەکیان بدات بە سەری ئەوی دیکەدا و بەشێکی دانەبڕاوە لە سیاسەتە گشتییەکەی ئەمەریکا کە هەموو کارتەکان لە دەستی خۆی بهێڵێتەوە. بانگهێشتەکەی سەرۆك بۆش بۆ بەڕێز بارزانی بانگهێشتێکی گرنگە، لەبەر سەرۆك بۆش چەند مانگێکی لە سەرۆکایەتیدا ماوە و رەنگە بیەوێت سوپاسی کوردەکان و بەشێوەیەکی شەخسی سوپاسی بەڕێز بارزانی بکات، لەبەر ئەوەی کوردەکان لە ماوەی شەڕەکەدا یارمەتیدەرێکی باشی وڵاتە یەکگرتووەکان بوون.

**بۆ کورد زۆر گرنگە**

**پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ ئەمەریکا هەبێت**

*** ئایــا تاچەند ئــەم هاوپەیمانییەی نێوان کــوردو ئەمەریکا کاریگەری لەسەر تەواوی عێراق دەبێت ؟**

- لە راســتییدا ئەوە هاوپەیمانێتییەکی سنووردارە، لەبەر ئەوەی وڵاتــە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لــە چوارچێوەی ناوچەیی فراوانتــردا لــەو هاوپەیمانێتییە دەڕوانێــت. گرنگە کوردەکان هاوپەیمانــی ئەمەریکا بن، بەڵام دەبێــت وڵاتە یەکگرتووەکان کێشــە و مەســەلە ناوچەییە فراوانترەکانی دیکــە لەبەرچاو بگرێــت. بۆ نموونە وڵاتی تورکیا کە ئەندامی ناتۆیە رۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینێــت لە پرۆژە ســتراتیژییە دوورمەوداکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لــە ناوچەکەدا. واتە بۆ هیزێکی لۆکاڵی گرنگــە پەیوەندیگەلێکی باشــیان لە وڵاتــە یەکگرتووەکانی ئەمەریــکادا هەبێت، بەڵام دەبێت ئەمەریکا هێزە ناوچەییەکانی دیکــە لە بەرچاو بگرێت لەکاتی داڕشــتن و دەرکردنی بڕیارە ستراتیجییەکاندا. لەبەر ئەوە دەبێت لەو چوارچێوە و سیاقەدا لە رۆڵــی کوردەکان بڕوانێت، کە رۆڵی تورکیا و حکومەتی عێراق و رۆڵگێڕەکانی دیکەش لە خۆدەگرێت.

**هەرێمی کوردستان**
**مۆدیلێکی گرنگە بۆ ئەمەریکا و**
**ئەمەریکا درێژە بە پشتگیریکردنی دەدات**

*** بۆ ماوەی نزیکەی ١٦ ســاڵ دەچێت هەرێمی کوردســتان هۆکاری ســەقامگیرییە لە ناوچەکــەدا . ئایا تا چەند وڵاتە یەکگرتووەکانــی ئەمەریــکا ئامادەیە بــۆ هاوکاریکردنی ئەم هەرێمە تاوەکو ببێتە هۆکاری سەرکەوتن لە عێراقدا؟**

- لە راستییدا ئەوە شــتێکی گرنگە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریــکا لەبەر ئەوەی ئەوە یەکێکە لــەو دەرئەنجامانەی کە ئەمەریکا هەر لە ســەرەتاوە هیوای دەخواست بەدەستی بهێنێت لە سەرانســەری عێراقدا، بەڵام ئێستا روونە کە تەنیا کوردەکان توانیویانە ئەو دەســتکەوتە بهێننــەدی. لەبەر ئەوە مۆدیلێکی گرنگە بــۆ ئەمەریکا و ئەمەریکا درێژە بە پشــتگیریکردنی دەدات. بــەڵام هەروەك پێشــتریش ئاماژەم پێکــرد ئەمەریکا بەرژەوەنــدی ناوچەیــی فراوانتــری هەیە و رەنگــە ئەوەش کاریگەری هەبێت لەســەر سیاســەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەیەك یاخود وڵاتێکی دیاریکــراودا. لەبەر ئەوە ئەگەر لە داهاتوودا ناکۆکییەك ســەرهەڵبدات، ئەوا وڵاتە یەکگرتووەکان هەڵدەستێت لە هەڵسەنگاندنی بەرژەوەندییەکانی خۆی و بە پێی ئەو بەرژەوەندییانە بڕیار دەدات. واتە بە چەشنی وڵاتانی دیکە ئەمەریکا هەوڵی پەرەپێدان و پتەوکردنی بەرژەوندییەکانی دەدات و ئەگەر بکرێت رۆڵگێڕەکانی دیکە بەکار بهێنێت ئەوا ئەو کارە دەکات، بەڵام ئەگەر هەســتی کــرد بەرژەوەندییەکانی دەکەونە مەترسییەوە ئەوا رەنگە زیاتر سڵبکاتەوە و خۆی لەو هاوپەیمانە بە دووربگرێت، بەو پێیە ئەمەریکا بەشــێوەیەکی هەمیشــەیی هاوپەیمانی لایەنێك نابێت و بە شێوەیەکی هەمیشەیش دوژمنی لایەنێــك نابێت، هەروەك جەنەراڵ دیگۆل ســەرۆکی پێشــوی فەڕەنســا جارێکیان گوتی، دۆســتی هەمیشەی و دوژمنی هەمیشەیی لە سیاسەتدا نییە.

**ئەگەر رەوتی ئەم بەرەوپێشچوونەی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی دە ساڵی دیکە بەردەوام بێت، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە ئاڵوگۆڕێک لەو پشتیوانیکردنەدا بەدی بکەین**

***ئەی بۆچی ئەمەریــکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەرفەتی زیاتر بە کورد نادەن ؟**

- لــە راســتییدا هۆکارەکە ئەوەیە کە هێشــتا پەرەســەندنە سیاسییەکانی کوردســتان تەواو جێگیر نەبوونە، ئێوە ئاماژەتان بەوەکرد کە تەمەنی ئەو ئەزموونە نزیکەی ١٦ ساڵە و دەکرێتە بکرێت مۆدیلێك، کە لە راستییدا لە گۆشەنیگای پەرەسەندنی سیاســییەوە ١٦ســاڵ ماوەیەکی زۆر نییە بۆ ئەوەی حوکمی لەسەر بدرێت. واتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، یەکێتی ئەوروپا و وڵاتانی دیکە چاوەڕوان دەکەن بۆ ئەوەی کاریگەری دوورمەودا و درێژخایەنی ئەم پەرەســەندنە ببینن. لەبەر ئەوە ئەگەر رەوتی ئەم بەرەوپێشــچوونە بۆ ماوەی دە ســاڵی دیکە بەردەوام بێت، ئــەوا ئەگەری ئــەوە هەیە ئاڵوگۆڕێك لەو پشــتیوانیکردنەدا بەدی بکەیــن لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە لە ئاســت کوردستاندا.

**من پێم وایە ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکاش**
**پشتگیری لەو رێگاچارەیە دەکات کە کوردەکان**
**گرتوویانەتەبەر**

***تاچەند ئێمە وەکو کــورد لەوە دڵنیابین کە پەیوەندی کورد و ئەمریکا بە گۆڕانی سەرۆکێك گۆڕانی تێنەکەوێت ؟**

- بە دڵنیاییەوە پشتگیریکردنی ئەو رێگاچارەیە بەردەوام دەبێت لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە، تەنانەت دوای ئەوەی ئیدارەی ئێستاشی ئەمەریکاش دەگۆڕێت. لە راستییدا هەر لە ســەرەتاوە ئەمەریکا خوازیار بوو پەرە بە شــێوازی ئاشتییانە و رێگاچارەی گفتوگۆ و دانوســتاندن بــدات. واتە من پێم وایە ئیــدارەی داهاتووی ئەمەریکاش پشــتگیری لەو رێگاچارەیە دەکات کە کوردەکان گرتوویانەتەبەر.

لە بازنەیەکی فراوانترو لەســەر ئاســتی خوێندنەوەی کوردیش لەســەر ئاستی ئیقلیمی لە راستییدا هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد دەبێت ئەوە لەبەرچــاو بگرین کە ئەوەندەی پەیوەندی بە ئەمەریکاوە هەبێــت، ئەوا تورکیــاش رۆڵگێڕێکی گرنگە لە ناوچەکەدا و ئەو کێشــە و مەسەلانەی کاریگەریان هەیە لەسەر تورکیا بــە دڵنیاییەوە رەنگدانەوەیان دەبێت لەســەر ئەمەریکا، بە گوزارشــتێکی دیکــە، من پێم وانییە بــە لای کەمەوە لە داهاتوویەکــی نزیکدا، ئەمەریــکا هەڵوێســتێکی دیاریکراو وەرناگرێت کە بە لای تورکەکانەوە بە هەڵوێســتێکی نادۆستانە بخوێنرێتــەوە، واتــە دەبێت وڵاتە یەکگرتووەکان لە ســیاقێکدا کاربکات کە هەم هەوڵی رازیکردنی تورکیا بدات و هەم هەوڵی پاراستنی پەیوەندییەکانی بدات لەگەڵ کوردەکاندا.

**ئەگەر کوردستان بووە دەوڵەتێکی سەربەخۆ**
**ئەوا ئەوکاتە رۆڵێکی زۆر جیاوازتر دەبینێت**
**لەو رۆڵەی ئێستا هەیەتی.**

***ئەگەر لە دیدی ئەمەریکاوە ســەیری کورد بکەین ئایا کورد تاچەند دەتوانێت هاوکار بێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

●●●

**ئەمەریکا خوازیارە هەموو کارتەکان لە دەستی خۆیدا بهێڵێتەوە، بە کارتی کوردەکانیشەوە. بەبێ ئەوەی فەزڵی لایەکیان بدات بە سەری ئەوی دیکەدا**

●●●

●●●

**لە داهاتوویەکی نزیکدا، ئەمەریکا هەڵوێستێکی دیاریکراو وەرناگرێت کە بە لای تورکەکانەوە بە هەڵوێستێکی نادۆستانە بخوێنرێتەوە**

●●●



**ئەگەر بارودۆخی هەنووکەی عێراق بەردەوام بێت، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە کە کوردەکان زیاتر و زیاتر خۆیان لە عێراق داببڕن و ڕەنگە لە کۆتاییشدا کوردستانێکی سەربەخۆ دروست بێت**

- لە راستییدا کوردەکان دەتوانن کاریگەرییەکی سنووردارییان هەبێت. لەبەر ئەوەی تورکیا و ئیسرائیل دوو وڵاتی بەهێز و دەسترۆیشتوون لە رووی سەربازییەوە. هەروەك پەیوەندی سەربازی درێژخایەنیان هەیە، بۆ نموونە تورکیا لەگەڵ ڕێکخراوی ناتۆدا و ئیسرائیلیش لەگەڵ ئەمەریکادا. واتە ئەو رۆڵەی ئەمەریکا لەو دووڵاتەی چاوەڕوان دەکات زۆر جیاوازە لەو رۆڵەی کە لە هەرێمی کوردستانی چاوەڕوان دەکات. کوردستان تەنها قەوارەیەکی دوای شەڕە کە خۆی حکومڕانی خۆی دەکات. بەڵام ئەگەر لە داهاتوودا بارودۆخە کە گەیشتە ئەو ئاستەی کوردستان بووە دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەری و توانی پەرە بە پەیوەندییەکانی بدات لەگەڵ ئەمەریکادا، ئەوا ئەو کاتە رۆڵێکی زۆر جیاوازتر دەبینێت لەو رۆڵەی ئێستا هەیەتی.

## ٢٠ ساڵ پێش ئێستا زۆر لە ناوەندە ئەکادیمییەکان هیچیان دەربارەی کێشەی کورد و کوردستان نەدەزانی

***بەڕێزتان وەك پسپۆڕێك و ئەکادیمییەك کە بەشداریتان کردووە لە چەندین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی دەربارەی کورد، چۆن لە سیاسەتی کورد دەڕوانن لەسەر ئاستی ناوچەی و نێودەوڵەتی؟**

-لە راستییدا ئێستا زیاتر باس لە کێشەکانی کورد دەکرێت و زیاتر مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت بە بەراورد بە بیست ساڵ پێش ئێستا. من لە یادمە بیست ساڵ پێش ئێستا کاتێك بەشداریم لە کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتیدا کرد دەربارەی کوردستان کە کۆنفرانسێکی زۆر بچووك بوو بە دەگمەن بەشداربووان کێشەی کوردیان بیستبوو. بەڵام لە رۆژگاری ئێستادا کاتێك دەستەواژەی کورد و کوردستان بە کار دەهێنیت ئەوا هەموو کەسێك هۆشیارە پێی. حاڵی حازر بایەخدانێکی ئەکادیمی روو لە زیاد هەیە لە زانکۆکانی ئەمەریکا و ئەوروپا و دەرفەتی خوێندن و لێکۆڵینەوە لە کوردستان دەڕەخسێنن. واتە دان پێدانان و هۆشیارییەك روو لە هەڵکشان هەیە لە ئاست کوردستاندا وەك مەسەلەیەکی نێودەوڵەتی گرنگ.

## ئەگەر بارودۆخی ئێستای عێراق بەردەوام بێت ئەگەری ئەوە هەیە کە کورد زیاتر و زیاتر خۆیان لە عێراق دابڕن

*** ئەی ئێستا چۆن لە ئایندەی کوردستان دەڕوانیت لە عێراقدا؟**

ئێمە هێشتا ناتوانین پێشبینی ئایندەی عێراق بکەین، دوای پێنج ساڵ لە کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی سەدام هێشتا هێزە ناوخۆییەکانی وڵاتەکە نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتنێك و کێشەکانی خۆیان یەکلانەکردۆتەوە. ئەگەر بارودۆخی هەنووکەی عێراق بەردەوام بێت، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە کە کوردەکان زیاتر و زیاتر خۆیان لە عێراق دابڕن و ڕەنگە لە کۆتاییشدا کوردستانێکی سەربەخۆ دروست بێت.

پرۆفیسۆر تۆماس دۆنللی ئەندامی لیژنەی خزمەتی سوپا لە کۆنگرێس بۆ گوڵان:



# داوەتنامەی فەرمی سەرۆک بوش بۆ سەرۆک بارزانی ئاماژەیە بۆ پەیوەندی نێوان گەل و حکومەتی ئەمەریکا و گەل و حکومەتی هەرێمی کوردستان

■ پرۆفیسۆر تۆماس دۆنللی بێجگە لە پۆستە رەسمییەکەی، کە ئەندامی لیژنەی سوپایە لە کۆنگرێس، شرۆڤەکاری سیاسەتی بەرگری و ئاسایشیشە لە ئامۆژگای ئەمەریکان ئەنتەر پرایس. دۆنللی لە بواری رۆژنامەگەریدا لە چەندین بڵاوکراوەی گرنگ کاریکردووە و سەرنووسەری گۆڤاری هێزەکای سوپا Armrd Force Jourmal بووە و جێگری سەرنووسەری DeFense بووە. هەروەها خاوەنی چەندین کتێبە لەسەر عێراق لەوانە:

* ناکۆکییەکان لەسەر عێراق Dissonance on IraQ
* ئۆپەراسیۆنی ئازادی عێراق operation IRAQi Freedom
* ئەو سوپایەی پێویستمانە The military we need

ئەمە بێجگە لە چەندین وتار و کتێبی دیکە کە لە بوارەکانی دیکە بڵاوی کردۆتەوە. هەروەها پرۆفیسۆر دۆنللی چەندین جار بۆ دانیشتنی گوێگرتن بانگهێشتی کۆنگرێس کراوە. بۆ هەڵسەنگاندنی سەردانی دیک چینی جێگری سەرۆکی ئەمەریکا بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان و چەند دوڵەتێکی ناوچەکە، گوڵان پەیوەندی بە پرۆفیسۆر تۆماس کردوو بەرێزی بەمجۆرە لە هەڤپەیڤینێکی تایبەتدا وەڵامی گوڵانی دایەوە.■

**من ئاگادارم ئیدارەکەی سەرۆک بۆش زۆر تەقدیری ئەو رۆڵە دەکات کە کورد و سەرکردە کوردەکان لە دووبارە بنیاتنانەوەی عێراقدا بینویانە سەردانی دیك چینی بۆ هەرێمی کوردستان وەك وێستگەیەك لە گەشتەکەی بۆ عێراق و تورکیاو چەند دەوڵەتێکی دیکەو بانگێشتی فەرمی سەرۆك بۆش بۆ سەرۆك بارزانی بە روویەکی راشکاوی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر کورد دەخوێنرێتەوە، ئایا بەرێزت وەك کەسێکی نزیك لە ئیدارەی ئەمەریکی چۆن سەیری ئەم هاوکێشە تازەیە دەکەیت ؟**

-لە راستییدا سەردانی چینی بۆ هەرێمی کوردستان گوزارشتە لە بەردەوامی بایەخپێدان و نیگەرانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ئاست ئەو گرژی و ئاڵۆزییەی لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا دروست بوو. هەروەها ئەمەریکا بە شێوەیەکی روو لە زیاد نیگەرانە لە ئاست بارودۆخ و درێژەکێشانی توندوتیژی لەو وڵاتەدا. لە لایەکی دیکەوە ئێمە لە بەستنی لوتکەی ناتۆ نزیك دەبینەوە، کە کێشەی بارودۆخی ئەفغانستان و بارووۆدخی پڕ لە سەختی ئەو وڵاتە و مەسەلەی پابەندبوونەکانی ئەندامانی ئەو رێکخراوە یەکێك دەبێت لە گرنگترین باس و خواسەکانی ئەو لوتکەیە. سەردانی دیك چینی بۆ هەرێمی کوردستانیش گوزارشت بوو لە دووپاتکردنەوەی پشتیوانی درێژخایەنی ئەمەریکا بۆ کوردەکان و بۆ باس کردنی ئەو نیگەرانییانەی بە هۆی بەردەوامبوونی چالاکییەکانی پەکەکەوە دروست بوونە، کە تورکیاش هاوپەیمانی ئەمەریکا و ئەندامی ناتۆیە. بە هەمان شێوە نیگەرانی لە ئاست گرژی رۆڵی هەڵکشانی نێوان کورد و عەرەبەکان لە ئارادایە لەسەر ئەو سنوورەی پێی دەڵێن هێڵی سەوز. لەلایەکی دیکەش و سەبارەت بە بانگهێشتی فەرمی سەرۆك

**گرنگە یارمەتی ئەمەریكا بۆ كوردەكان بەردەوام بێت، بۆ ئەوەی كوردەكان بتوانن ئەزموونی سەقامگیری خۆیان بۆ بەشەكانی دیكەی عێراقیش بنێرن**

**ئەو شەڕەی ئێستا لە نێوان گروپە شیعەكانیشدا سەری هەڵداوە فشار لە سەر سیاسەتمەدارە ئەمەریكییەكان دروست دەكات**

بۆش بۆ سەرۆك بارزانی دیسان گوزارشتە لە بەردەوامیپێدان و درێژەپێدانی پەیوەندییە نزیكەكانی نێوان گەل و حكومەتی ئەمەریكا لەگەڵ گەل و حكومەتی هەرێمی كوردستاندا. ئەو پەیوەندییانە پەیوەندیگەلێكی نزیك بوونە لە پانزە ساڵی رابردوودا و بەردەوامیشن. من ئاگادارم ئیدارەكەی سەرۆك بۆش بە قوڵی تەقدیری ئەو رۆڵە دەكات كە كوردەكان و سەركردە كوردەكان لە دووبارە بنیاتنانەوەی عێراقدا بینیویانە لە دوای رووخانی سەددام حوسێنەوە. بەڵام هەرچەندە ئەو پەیوەندییانە لە رابردوودا سەركەوتوو بوونە، ئەوا هێشتا كارێكی زۆر ماوە كە لە داهاتوودا دەبێت ئەنجام بدرێن. لە گۆشەنیگای ئەمەریكاوە، بوونی هەرێمێكی بەهێز لە كوردستاندا بەشێكی بنەڕەتییە لە پێكهێنانی عێراقێكی بەهێز و دامەزراندنی حكومەتێك لە بەغدا كە نوێنەرایەتی هەموو لایەنەكان بكات. كەواتە ئەو سەردانە هەم بۆ یادكردنەوەی پەیوەندییە سەركەوتووەكانی رابردوو بوو و هەم بۆ گفتوگۆیەكی راستگۆیانە بوو دەربارەی ئەوەی دەتوانرێت چ دەستەكەوتێك لە داهاتوودا بەدەستبهێنرێت.

**بەردەوام بوونی هاوكاری نێوان ئەمەریكا و كورد گرنگە بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەكانی ئێستا و ئایندە.**

***ئێمە وا لێكدەدینەوە كە ئامانجی ئەو سەردانە بریتی بووە لە هەوڵدان بۆ ئاسایكردنەوەی پەیوەندییەكانی نێوان عێراق و توركیا لە لایەك، هەروەها لە نێوان توركیا و هەرێمی كوردستان لە لایەكی دیكەوە؟**

- لە راستییدا ئەوە لێكدانەوەیەكی راست و وردە بۆ كارنامەی ئەو سەردانە. من پێم وایە وڵاتە یەككگرتووەكان بەردەوامە لە پشت بەستن بە یارمەتی كوردەكان، لەبەرئەوەی ئەم هەرێمە سەلماندی فاكتەری سەقامگیریی بووە لە ساڵانی رابردوودا و هەروەها ئەمەریكا هاوبەشێكی گرنگ بووە لە ماوەی شانزە ساڵی رابردوودا لە ئەزموونی خۆبەڕێوەبردنیاندا، تەنانەت پێش رووخانی سەددام حوسێنیش. گرنگە یارمەتی ئەمەریكا بۆ كوردەكان بەردەوام بێت، بۆ ئەوەی كوردەكان بتوانن ئەزموونی سەقامگیری خۆیان بۆ بەشەكانی دیكەی عێراقیش بنێرن. ئێمە دەزانین كە هێشتا پاشماوەكانی ئەل قاعیدە لە سەر سنوورەكان ماون و كێشەی و پشێوی لە شاری موسڵدا هەیە و حكومەتی عێراقی لە هەوڵی سەركوتكردنی رەگەزە یاخیەكانی میلیشیا شیعەكاندایە، لەبەر ئەوە بەردەوام بوونی هاوكاری نێوان ئەمەریكا و كوردەكان گرنگە بۆ بەدەست هێنانی ئەو ئامانجانە لە ئێستا و لە ئایندەی نزیكیشدا.

***وڵاتە یەككگرتووەكانی ئەمەریكا بانگەشەی ئەوە دەكات كە ستراتیژییەتی زیادكردنی هێزەكان لە ساڵی پاردا سەركەوتنی بەدەست هێنا، بەڵام هەروەك بینیمان كە هەفتەی رابردوو بەغدا و ناوچەكانی باشور رووبەڕووی شەپۆلی توندوتیژی بوونەوە، ئایا هەڵكشانی ئەم توندوتیژییە زیان بە سیاسەتی ئەمەریكا دەگەیەنێت لە ناوچەكەدا؟**

من پێم وایە سەرهەڵدانەوەی ئەو توندوتیژیانە لە ناوبردن و راماڵینی پاشماوەكانی ئەل قاعیدە و سەركوتكردنی میلیشیا شیعەكان دەخوازێت بە تایبەتی ئەوانەی هاوكاری و پاڵپشتی لە ئێران وەردەگرن. هەر بۆیە پەیوەندییەكی بە تین و پتەو هەیە لە نێوان چەسپاندنی ئاسایش و بەرەوپێشچوونی سیاسی. هێشتا ئەركێكی زۆر ماوە ئەنجام بدرێن بۆ جێگیركردنی ئاسایش لە عێراقدا، لەبەر ئەوە لەو رووەوە رێگەیەكی دوورودرێژمان لە پێشە. هەروەها گرنگە پەرە بە پرۆسە سیاسییەكە بدرێت، بە تایبەتی لەو ناوچانەی كە توندوتیژیان تێدا بەربڵاوە و دەرفەت دروست بكرێت بۆ ئەوەی سوننەكان و ئەو شیعانە لە حكومەتدا بەشداری پێ بكرێن كە خوازیاری پێكەوە ژیانی ئاشتییانەن لەگەڵ عێراقییەكانی دیكەدا.

**دەبێت ئەو توندوتیژییەی لە بەسرە سەری هەڵداوە سەركوت بكرێت و نابێت رێگە بدرێت ئەو دەستكەوتانەی لە ماوی رابردوو بەدەست هاتوون لەلایەن ئەو توندڕەوانەوە تێكبدرێت.**

*** ئەگەر رەوتی توندوتیژی درێژە بكێشێت و پتر بەرەو هەڵكشان بچێت و چیتر عێراقییەكان نەتوانن بە ئاشتییانە پێكەوە بژین، بۆ نمونە ئێستا شەڕ و ناكۆكی لە نێوان شیعە و سوننەكاندا هەیە، ئایا ئەمە چ رەنگدانەوەیكی لە سەر سیاسەتی وڵاتە یەككگرتووەكانی ئەمەریكا دەبێت؟**

- من پێم وایە دەبێت وڵاتە یەككگرتووەكانی ئەمەریكا واقیعبین بێت لە بارەی ئەو بارودۆخەی لە عێراقدا هاتۆتە ئاراوە لە ماوەی ساڵی رابردوودا، هەروەها دەبێت پتر پابەند بێت بە باشتركردنیەوە. توندوتیژی لە هەڵكشان و داكشاندایە، بەڵام مەسەلە گرنگەكە ئەوەیە كە دەرئەنجامەكە چیە. ئەو شەڕ و كوشتارەی ئێستا هەیە جێی داخە، بەڵام لە لایەكی دیكەوە چەند بەرەوپێشچوونێك هەیە لە هەندێ ناوچەی دەورووبەری بەغدا و لە كوردستاندا. من پێم وایە دەبێت ئەو توندوتیژییەی لە بەسرە سەری هەڵداوە سەركوت بكرێت و نابێت رێگە بدرێت ئەو دەستكەوتانەی لە ماوی رابردوودا بەدەست هاتوون لە لایەن ئەو توندڕەوانەوە تێكبدرێت، هەرچەندە جێی داخە كە ئەوەش باجدانی دەوێت هەم بە گیان و هەم بە داهات. ئەو شەڕەی ئێستا لە نێوان گروپە شیعەكانیشدا سەری هەڵداوە فشار لە سەر سیاسەتمەدارە ئەمەریكییەكان دروست دەكات، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین كە هەمو شیعەكان یەك بیربۆوچوونیان نییە، تێیاندایە دۆستی ئەمەریكایە و هەروەها تێیاندایە كە دوژمنی ئەمەریكایە، لەبەر ئەوە نابێت یەك تێڕوانینمان هەبێت لە ئاست هەموو شیعەكاندا، واتە دەبێت هاوكاری دۆستەكانمان بكەین لە ناو شیعەكاندا و دژی دوژمنە شیعەكانیش بوەستینەوە.

**ئەگەر عێراقیش دابەش بێت ئەوا ئەمەریكا ناتوانێت سیاسەت و بەرنامەی خۆی لە عێراقدا جێبەجێ بكات.**

***ئەگەر عێراقییەكان شكست بهێنن لەوەی بە ئاشتییانە پێكەوە بژین بە تایبەتی شیعە و سوننەكان، ئایا ئەو كاتە وڵاتە یەككگرتووەكانی ئەمەریكا پشتگیری لە دابەشكردنی عێراق دەكات؟**

- نەخێر من پێم وایە بە هیچ شێوەیەك ئەمەریكا پشتگیری لە دابەش كرد عێراق ناكات و ئەگەر عێراقیش دابەش بێت ئەوا ئەمەریكا ناتوانێت سیاسەت و بەرنامەی خۆی لە عێراقدا جێبەجێ بكات.

# دوای تێپەڕبوونی پێنج ساڵ بەسەر شەڕدا توندوتیژی و گەندەڵی ئایندەی عێراقی نادیارکردووە

پێنج ساڵ ماوەیەکی کەم نییە بۆ تێپەڕاندنی قۆناغی ئینتیقاڵی و دەسپێکی ژیانی دامەزراوەیی و ڕێکخستنەوەی دەوڵەت لەسەر بنەمای فرەیی و فیدراڵی و پەرلەمانی.

راستە قۆناغی ئینتیقالی لە سیستەمێکی دیکتاتۆری بۆ سیستەمێکی ديموكراتی و فیدرالی کارێکی ئاسان نییە، بەڵام چەق بەستنی عێراقییەکان لە هەنگاو هەڵنەگرتنیان بۆ ژیانێکی نوێ هەموولایەکی دووچاری رەشبینی کردووە و هەتا ئێستاش هەست بەوە ناکرێت رێگەی دووری بونیادی دیموکراسی وپێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە لە عێراقدا لە ئایندەیەکی نزیکدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

ئەزموونی ٨٠ ساڵەی حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق ئەو راستییەیان سەلماند کە سیستەمی سەنترالیزم و پێکەوە ژیانی جەبری ئاکامەکەی لە یوگسلافیای پێشوو باشتر نابێت و لە نێو سنوورە بەخوێن دروستکراوەکاندا دیموکراسییەت پیادە ناکرێت و کامڵ نابێت.

ئەوەی لە هاوکێشەی سیاسی عێراقدا بۆتە مۆتەکە و عێراقییەکان ناتوانن لێی رزگابن، لە خۆبایی بوونی هەردوو پێکهاتەی سوننە و شیعەیە بەمجۆرە:

١. پێکهاتەی شیعە کە لە عێراقدا زۆرینەن، هەتا ئێستاش دەیانەوێت لە بازنەکەی گەمەی زۆرایەتی دیموکراسییدا دەسەڵات بگرنە دەست و حکومەتی ناوەندی وەك حکومەتێکی بەهێز بەدەستی خۆیانەوە بێت.

٢. هەر پێکهاتەی شیعە بۆ ئەوەی قەوارەی زۆرایەتیان هەموو کات هەژموونی بەسەر باڵادەستی حوکمڕانی عێراقەوە دیاربێت، لایەنگیری ئەو سیستەمە فیدرالییە دەکەن کە هەموو شیعە لە ناو هەرێمێکی فیدراڵییدا کۆبکرێتەوە ئەم خواستەی لایەنە سیاسی باڵاکانی شیعە لەگەڵ ئەوەی پەیوەستە بە خودی شیعەکان و بڕیاری لایەنە سیاسییەکانی شیعە، بەڵام دیسان یەکڕیزی ماڵی شیعەی لێکترازاندووە و رەنگدانەوەی سلبی لەسەر بارودۆخی سیاسی عێراق دروستکردووە.

٣. کەمینەی عەرەبی سوننە کە بەدرێژایی دامەرزاندنی دەوڵەتی عێراق کەمینەی حوکمرانی بوون، هێشتا خەون بە حکومڕانییەوە دەبینن و بەناوی یەکێتی نەتەوەی عەرەب و یەکڕیزی عەرەب بانگهێشتە بۆ گێڕانەوەی حکومڕانی سەنترالی دەکەن و بەو ئەمری واقعییە رازی نین کە پرۆسەی ئازادی عێراق هێناویەتە ئاراوە، ئەمەش هۆکاری سەرەکییە لە شکستی پرۆسەی سیاسی لە عێراق.

٤. هەرچی لایەنی هەرێمی کوردستانە، کە لە دەستپێکی پرۆسەی سیاسی عێراقەوە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە رۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت و چەندین جاریش رۆڵی میانگیری لە نێوان لایەنەکانی سوننە و سوننە، شیعە و شیعە، سوننە شیعە گێڕاوە، دەستوری عێراق بە نەخشەی رێگای بونیادناوەی عێراقی نوێ دەزانێت، بەڵام ناتوانێت قەناعەتی هیچ لایەکیان سەددەر سەد بەرەو ئاراستەی دیموکراسی و فرەیی و پەرلەمانی بگۆڕێت، هەر ئەمەش وایکردووە رۆژ لە دوای رۆژ کێشەکانی عێراق لە بازنەیەکی بۆشدا بسوڕێتەوە و چارەسەرەکان لە ئاستەنگ نزیك بێتەوە.

بۆ زیاتر هەڵسەنگاندنی بارودۆخی عێراق پاشی ٥ ساڵی ئەم بەرێزانە لەم تەوەری گوڵاندا بەشدارن:

١. پرۆفیسۆر عەبدوڵڵا ئەحمەد: لە زانکۆی ئەتڵەنتا
٢. پرۆفیسۆر ستیڤن زۆنس: لە زانکۆی سانفرانسیسکۆ
٣. پرۆفیسۆر جاك شاهێن: لە زانکۆی ئیللزی
٤. پرۆفیسۆر ستیڤن ڤان دیڤارا: لە زانکۆی هارڤارد

بێگومان گوڵان لێدوان و قسەکانی ئەم بەرێزانە وەك خۆی بڵاو دەکاتەوە ومەبەستی پیشاندانی هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکانە کە پسپۆڕ و تایبەتمەندان لەسەر کێشەی عێراق هەیانە، هەر بۆیە ئەگەر بۆچوونەکان، جیاوازی لەگەڵ سیاسەتی گوڵان دا هەیە، ئەوەی ئەو بۆچوونانە دەربڕی رای خاوەنەکانیانە و گوڵان لە روانگەی بڕوابوون بە ئازادی رادەربڕین بڵاوی دەکاتەوە.



## پرۆفیسۆر ستیڤن ڤان دیڤارا ئوستادی زانستی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی هارڤارد بۆ گوڵان:



# دەبێت سەرۆک بوش راشکاوانە بە شیعە و سوننە بڵێت واز لە خۆبایبوون بهێنن و بەدابەشکردنی دەسەڵات رازی بن

■ پرۆفیسۆر ستیڤن ڤان دیڤارا بێجگە لەوەی ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی هارڤارد، لە هەمان کاتدا بەڕێوەبەری سەنتەری چارەسەکردنی تەنگژەکانیشە و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەم بوارانە:
١- سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا
٢- ئەمەریکا و پەیوەندییەکانی لەگەڵ جیهانی سێیەم
٣- سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی و ستراتیژییەتی سەربازی
٤- سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.
هەروەها نووسەری کتێبی ستراتیژی ئەمەریکایە لەسەدەی بیست و یەك، سەبارەت بارودۆخی ئەمرۆی عێراق و ئایندەی سیاسەتی ئەمەریکا لە ناوچەکە لە هەڤپەیڤینێکی تایبەتدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.■

### ئامرازی سەرەکی بۆ هێنانەدی ئاشتی و سەقامگیری لە عێڕاقدا دارشتنی رێککەوتنی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانە

***چۆن لە سیاسەتی درەوەی ئەمەریکا دەڕوانیت لە عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

- لە راستیدا من پێم وایە دەستێوەردانەکەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا دەرئەنجامی خراپی لێکەوتەوە، لەبەر چەند هۆکارێك:

هۆکاری یەکەم بریتی بو لە بڕیاری بەرپاکردنی شەڕ بێ ئەوەی نەخشەی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانەوەی عێراقی هەبێت.

هۆکاری دووەم بریتی بوو لە نەبوونی نەخشەیەك بۆ گەیشتن بە رێککەوتنی دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان عێراقییەکاندا لە دوای دەستێوەردانەکەوە. لەبەر ئەوەی ئامرازی سەرەکی بۆ هێنانەدی ئاشتی و سەقامگیری لە عێراقدا بریتییە لە دارشتنی رێککەوتنی دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان عێراقییەکاندا، سەرۆك بۆش هیچ نەخشەیەکی لەو چەشنەی نەبوو.

هۆکاری سێیەم بریتی بوو لە هەڵوەشاندنەوەی سوپای عێراقی کە ئەوە هەڵەیەك بوو لە لایەن ئەمەریکیەکانەوە. ئەمەش بووە هۆی زیادکردنی رێژە و ژمارەی یاخیبووان، کە لەو کاتەوە شەڕی ئەمەریکا دەکەن.

هۆکاری چوارەم بریتی بوو لە زیادەڕەویکردن لە سیاسەتی ریشەکێشکردنی بەعسدا، دەبوو تەنیا بەرپرسە باڵاکانی حزبی بەعس لە سەر کار لاببرانایە، نەك هەموو سوننەکان، لەبەر ئەوەی دەبێت دەسەڵات دابەش بکەیت و سوننەکانیش لە حکومڕانیدا بەشداری بکەن.

هۆکاری پێنجەم ئەوەیە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەڵنەستا بە رونکردنەوەی هۆکاری بوونی ئەمەریکا لە عێراقدا. زۆرێك لە عێراقییەکان لەو باوەڕەدان کە ئەمەریکا بۆ دزینی نەوتی عێراق و بۆ تێکشکاندنی ئیسلام هاتووە بۆ عێراق. سەرۆك بۆش هەڵەیەکی گەورەی کرد کاتێك نەیتوانی هۆکارێکی باشتر بۆ هاتنی ئەمەریکا بۆ عێراق بخاتەڕوو.

هۆکارێکی دیکە ئەوەیە کە هێزە دەرەکییەکان بەشداریان پێنەکراوە لە هێنانەدی رێککەوتنێکی سیاسی ناوخۆی لە عێراقدا، ئێستا ئێمە دەزانین کە شەڕ و توندوتیژی، ئەگەرچی زۆر کاریگەریشیان لەسەر کوردستان نییە، بەڵام بەشەکانی دیکەی عێراقیان وێران کردووە. دەبێت هێزەکانی وەك ئێران و سوریا بەشداریان پێبکرێت لە هێنانەدی ئاشتەواییەکی ناوخۆیی لە عێراقدا، بەڵام ئەمەریکا ئامادە نییە گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات.

### دەبێت کوردستانیش بەشێک بێت لە رێککەوتنی دابەشکردنی دەسەڵات.

*** دیك چینی یەکێکە لە و کەسایەتییانەی ئیدارەی ئەمریکا کە هەنگاوی بێ بەرنامە هەڵناگرێت .ئایا چۆن لە دەرئەنجام و رەنگدانەوەکانی سەردانەکەی بەرێز دیك چینی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانیت؟**

- من پێم وایە ئەو سەردانە پتر بۆ هاندان و دەربڕینی پاڵپشتی بوو بۆ دۆستەکانی و بۆ سەربازە ئەمەریکییەکان.

بەڕێز چینی زۆر لە خۆی دڵنیایە و بیروبۆچوونەکانی جێگیر و نەگۆڕن و هیچ پەندێك وەرناگرێت. چینی خوازیاری هەڵگیرساندنی شەڕە لەگەڵ ئێراندا، راستە ئێران کێشە و گرفت دروست دەکات لە ناوچەکەدا، بەڵام شەڕ چارەسەر نییە، دەبێت وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ هێزەکانی دیکەی ناوچەکەدا هەوڵبدات قەناعەت بە ئێران بهێنێت کە رۆڵێکی بنیاتنەرانە ببینێت لە کێشەی عێراق و مەسەلەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی و کێشەکانی دیکەی ناوچەکە. لە راستیدا سەرۆك بۆش بڕیاری داوە کە هیچ شتێك دەربارەی کێشەی فەلەستین و عێراق نەکات لەو ماوەی کە ماویەتی لە سەرۆکایەتیدا و هەموو کێشەکانی بۆ سەرۆکی دوای خۆی جێدەهێڵێت. لە راستیدا من زۆر نیگەرانم لە ئاست ئایندەی عێراقدا و هێشتا دوو شەڕ ماوە لەو وڵاتەدا دەبێت بکرێن، یەکەمیان شەڕی نێوان شیعەکانە بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانی باشوور و بۆ یەکلاکردنەوەی ئەوەی چ هێز و لایەنێك زاڵ بێت لەو ناوچەیەدا، بە هەمان شێوەی شەڕی نێوان هەردوو گروپی شیعەی لوبنانی لە سەردەمی شەڕی ناوخۆی لوبناندا لە نێوان حزبوڵا و بزوتنەوەی ئەمەل کە بە شکستی ئەمەل کۆتایی هات. حاڵی حازر ئەوەی لە عێراقدا روودەدات. هەروەها شەڕ و ناکۆکی نێوان شیعە و سوننەکان، راستە ئێستا ئەو شەڕە راوەستاوە، بەڵام هێشتا ئەوە یەکلانەکراوەتەوە کە کێ حکومڕانێتی عێراق دەکات و هێشتا لە سەر دابەشکردنی دەسەڵات رێکنەکەوتوون. واتە هێشتا ئەو دوو ناکۆکییە بە چارەسەرنەکراوی ماونەتەوە. لە لایەکی دیکەوە کێشەی کوردەکانیش هەیە کە کێشەیەکی درێژخایەنە، واتە دەبێت کوردستانیش لە چوارچێوەی عێراقدا خۆی بگونجێنێت، من لەو باوەڕەدانیم کە دروست بوونی کوردستانێکی سەربەخۆ کارێکی سەرکەوتوو بێت یاخود ئەگەری هاتنەدی هەبێت، ئەگەر بتوانرێت کوردستانێکی سەربەخۆ پێکبهێنرێت ئەوا من خوازیاری ئەوەم و پشتگیری لێدەکەم، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە وڵاتانی ئێران و تورکیا رێگەی پێنادەن، لەبەر ئەوە من پێم وایە کارێکی کردەنی نییە و دەبێت کوردستانیش بەشێك بێت لە رێککەوتنی دابەشکردنی دەسەڵات.

## باشترین مۆدێل بۆ بنیاتنانی سیستەمی سیاسی لە عێراق بریتیە لەو سیستەمەی لە سویسرا یاخود لە بەلجیکا هەیە

***ئەگەر ئەو شەڕ و کوشتار و توندوتیژیەی نێوان و شیعە و شیعە و شیعە و سوننەکان درێژە بکێشێت ئایا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بیر لە دابەشکردنی عێراق ناکاتەوە؟**

- نەخێر من پێم وانییە بەرپرسەکانی ئیدارەی بۆش پشتگیری لە دابەشکردنی عێراق بکەن. لە راستیدا شیعە و سوننەکانیش خوازیاری دابەشکردنی وڵاتەکەیان نین، ئەوا وڵاتێکی یەکگرتوویان دەوێت بەڵام لە سەر ئەوە ریکناکەون کێ حکومڕانێتی بکات، کوردەکان حاڵەتێکی جیاوازیان هەیە و ئەوان دەیانەوێت لە عێراق جیاببنەوە. لە راستیدا من پێم وایە باشترین مۆدێل بۆ بنیاتنانی سیستەمی سیاسی لە عێراق بریتیە لەو سیستەمەی لە سویسرا یاخود لە بەلجیکا هەیە. بۆ نموونە وڵاتی سویسرا لە سێ پێکهاتەی سەرەکی پێکهاتووە، ئەڵمانییەکان کە زۆرینەن، ئیتاڵییەکان وفەرەنسییەکان بە هەمان شێوەی عێراق. لەو وڵاتەدا دوو رێگە هەیە بۆ دابەشکردنی دەسەڵات یەکێکیان لە سەر ئاستی کابینەی حکومەتەکەیە و ئەویدیکەیان بریتییە لە پێدانی دەسەڵات بە پێکهاتە مەحەلییەکان کە پێیان دەڵێن کانتۆن. کە یانزە کانتۆنی ئەڵمانی هەیە، دوو کانتۆنی فەرەنسی و یەك کانتۆنی ئیتاڵی هەیە لەو وڵاتەدا. دەبێت هەمان شت لە عێراقدا بکرێت، واتە دەسەڵات لە ناوەندا دابەش بکرێت و بە تەنیا لایەنێکی دیاریکراو هەموو دەسەڵاتەکانی بە دەستەوە نەبێت و پێکهاتە مەحەلییەکانیش دەسەڵاتێکی زۆریان پێبدرێت بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی کاروبارەکانی خۆیان بکەن. بە هەمان شێوە لە بەلجیکاش کە لە بەلجیکیە فەرەنسی و بەلجیکیە هۆڵەندییەکان پێکهاتووە و دەسەڵاتیان لە نێو خۆیاندا دابەشکردووە و پەیوەندییەکی دۆستانەیان هەیە و هیچ شەڕ و ناکۆکییەش نییە لە نێوانیاندا. هەروەها لە نێوان ساڵ ١٩٤٣ بۆ ساڵی ١٩٧٦ هەمان سیستەم لە لوبنانیشدا هەبوو، بەڵام دواتر هەرەسی هێنا، نەك لەبەر ئەوەی سیستەمێکی خراپ بوو، بەڵکو لەبەر ئەوەی نوێ نەکرایەوە لەبەر کێشەی فەلەستین. من پێم وایە سەرۆك بۆش هیچ پلانێکی بۆ ئاشتی پێ نییە لە عێراقدا، دەبێت بۆش نەخشەیەکی دیاریکراو و رەوای هەبێت و رای بگەیەنێت و سیاسەتی سزا و پاداشت بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی عێراقییەکان پێوەی پابەندبن. لەبەر ئەوەی عێراقییەکان تەنیا بیر لەوە دەکەنەوە کە چۆن شەڕی یەکتری بکەن، نەك چۆن ئاشتی بەرقەرار بکەن لە نێو خۆیاندا.

## دەبێت سەرۆک بۆش بە سوننە و شیعە رابگەیەنێت دەست لەو لەخۆباییبوونە هەڵبگرن و دابەشکردنی دەسەڵات تەنیا چارەسەرە

*** هەفتەی رابردو بەغدا و ناوچەکانی باشوور رووبەڕووی شەپۆلی توندوتیژی بونەوە، ئایا هەڵکشانی ئەم توندوتیژییە زیان بە سیاسەتی ئەمەریکا دەگەیەنێت لە ناوچەکەدا؟**

سەرۆك بۆش شانازی بەوەوە دەکات و رای دەگەیەنێت کە بڕوانن ئەو ستراتیجیەتە سەرکەوتوو بووە لە کەمکردنەوەی توندوتیژیدا. لە راستیدا داکشانی رەوتی توندوتیژی بۆ سێ هۆکار دەگەڕێتەوە، یەکەمیان بوونی هێزێکی زیاتر ئەمەریکا لە بەغدا، دووەمیان راگەیاندنی ئاگربەستە لەگەڵ موقتەدادا سەدر و سێیەمیان هەڵگەڕانەوەی سوننەکانە لە ئەلقاعیدە.

ئێستا ئەو ئاگربەستەی لەگەڵ موقتەدادا سەدردا هەبوو بەرەو هەرەسهێنان دەچێت. کەواتە ئەو ستراتیژیەتە بەشێکە لە کێشەکە و بە شکستخواردووی دەزانم، لەبەر ئەوەی ئامانجی ئەو ستراتیژییەتە بریتی بوو لە دروستکردنی دەرفەت و رەخساندنی کاتێکی زیاتر بۆ ئەوەی عێراقییەکان بگەنە رێککەوتنێك لە سەر چۆنییەتی دابەشکردنی دەسەڵات، ئەوەش روی نەدا، تەنانەت ئەوەتا شەڕ لە نێوان خودی شیعەکاندا هەیە لەسەر دەسەڵات، واتە ئەو ستراتیجیەتە هەوڵێکی بێهودە و بێئاکام بوو و ئامانجەکەی خۆی نەهێنایەدی و ئێستا شیعەکان لە ناو خۆیاندا و شیعەکان لەگەڵ سوننەکاندا لە سەر چۆنییەتی

●●●
**زۆرێک لە عێراقییەکان لەو باوەڕەدان کە ئەمەریکا بۆ دزینی نەوتی عێراق و بۆ تێکشکاندنی ئیسلام هاتووە بۆ عێراق. سەرۆک بۆش هەڵەیەکی گەورەی کرد کاتێک نەیتوانی هۆکارێکی باشتر بۆ هاتنی ئەمەریکا بۆ عێراق بخاتەڕوو**
●●●

●●●
**سەرۆک بۆش بڕیاری داوە کە هیچ شتێک دەربارەی کێشەی فەلەستین و عێراق نەکات لەو ماوەی کە ماویەتی لە سەرۆکایەتیدا و هەموو کێشەکانی بۆ سەرۆکی دوای خۆی جێدەهێڵێت**
●●●

●●●
**باشترین مۆدێل بۆ بنیاتنانی سیستەمی سیاسی لە عێراق بریتیە لەو سیستەمەی لە سویسرا یاخود لە بەلجیکا هەیە**
●●●

**سەرۆک بۆش تەنیا زمانی هەڕەشە دەزانێت و پێی وایە بە زیادکردنی ژمارەی هێزەکان کێشەکە چارەسەر دەبێت. دەبێت بۆش پلانێکی هاوشێوەی ئەو پلانەی هەبێت کە سەرۆک کلینتۆن لە ساڵی ٢٠٠٠دا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل خستیەڕوو**

**شیعەکان پێیان وایە دەتوانن بەسەر هەموو عێراقدا زاڵ بن ئەوە بیرکردنەوەیەکی شێتانەیە**

**ئەمەریکیەکان پێیان وابوو کە عێراق داگیردەکەن و حکومەتێکی دادەمەزرێنن و لە ماوەی شەش مانگدا دەگەڕێنەوە**

دابەشکردنی دەسەڵات ڕێکنەکەوتون. سەرۆک بۆش تەنیا زمانی هەڕەشە دەزانێت و پێی وایە بە زیادکردنی ژمارەی هێزەکان کێشەکە چارەسەر دەبێت. دەبێت بۆش پلانێکی هاوشێوەی ئەو پلانەی هەبێت کە سەرۆک کلینتۆن لە ساڵی ٢٠٠٠دا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل خستیەڕوو کە پێشنیاری تێدابوو بۆ چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشەی سنوور و ئاوارەکانی فەلەستین و شاری قودس و پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیل، واتە دەبێت سەرۆک بۆش چارەسەرێک بۆ کێشەی عێراق بخاتەڕوو کە چۆنییەتی دابەشکردنی دەسەڵات و سنوورە ناوخۆییەکان و ڕادەی دەسەڵاتی پێکهاتە مەحەلییەکان و چۆنییەتی پیادەکردنی نامەرکەزیەت و چۆنییەتی دابەشکردنی داهاتەکانی نەوتی تێدا ڕون بکاتەوە. سەرۆک بۆش ئەوەی نەکرد و ئێستاش ئەوە ناکات. لەبەر ئەوە بە تێڕوانینی من ستراتیژییەتی زیادکردنی هێزەکان بە هەدەرچوو لەبەر ئەوەی هاوشان نەبوو بە بەرەوپێشچوونی سیاسی و سەرۆک بۆش فشاری نەخستە سەر بەرپرسە و سیاسەتمەدارەکانی عێراق بۆ ئەوەی سازش بکەن. عێراقییەکان سازش ناکەن، شیعەکان پێیان وایە دەتوانن بەسەر هەموو عێراقدا زاڵ بن ئەوە بیرکردنەوەیەکی شێتانەیە، هەروەها سوننەکانیش لە وەهمدا دەژین و پێیان وایە دەتوانن بەسەر عێراقدا باڵادەست بن.
دەبێت سەرۆک بۆش پێیان ڕابگەیەنێت کە دەست لەو لەخۆباییبونە هەڵبگرن و دابەشەکردنی دەسەڵات تەنیا چارەسەرە.



## لەعێراقدا خەریکە گەندەڵی دەبێتە کەلتوور

***ئەو داهاتەی لە بەردەستی حکومەتی عێراقیدایە، بۆتە سەرچاوەی گەندەڵیەکی بەربڵاو و حکومەتێکی شکست خواردو، ئایا چ ئایندییەك چاوەڕوانی وڵاتێکی ئاوا دەکات؟**

- لە ڕاستیدا دابینکردنی ئەو داهاتە بۆ حکومەتی عێراقی بە بێ ئەوەی ووردبینی تێدا بکرێت، هەر وەك ئێوە ئاماژەتان پێکرد دەبێتە سەرچاوەی گەندەڵی و دواتر گەندەڵیش دەبێتە کەلتوور. من پێم وایە تەواوی پرۆسەی داگیرکردنی عێراق بریتی بوو لە گەندەڵی، گەندەڵی لە نێو خودی کۆمپانیا ئەمەریکیەکانیشدا هەیە، بۆ نمونە کۆمپانیای هالیبرتۆن و چەند کۆمپانییەکی دیکە داهاتی باجدەرەکانی ئەمەریکا دەدزن و ئێمەش گەندەڵیمان بۆ عێراق هێنا. هەموو ئەمانە ڕەنگدانەوەی نەبوونی نەخشەن لە سەرەتای داگیرکارییەکەوە. ئەمەریکیەکان پێیان وابوو کە عێراق داگیردەکەن و حکومەتێکی دادەمەزرێنن و لە ماوەی شەش مانگدا دەگەڕێنەوە. پلانەکە لە لایەن وەزارەتی بەرگری ئەمەریکاوە دانراو و بریتی بوو لە داگیرکردن و دامەزراندنی حکومەت و دانانی ئەحمەدی چەلەبی وەك دیکتاتۆری نوێی عێراق و بەجێهێشتنی عێراق و ئەو کاتەش هەموو لایەك ئاسودە دەبن. ئەوەش پلانێکی نابەرپرسیارانەبوو و سەریکێشا بۆ ئەو هەموو گەندەڵییە.

## دەبێت ئەمریکا لەگەڵ تورکیا بگاتە ڕێککەوتنێک کە هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فیدرالییە و خاوەنی هێزی ئاسایشی خۆیەتی

***ڕاسپاردەت چیە بۆ سەرکردەکانی عێراق بۆ ئەوەی ئەم بارودۆخە تێپەڕێنن؟**

- من پێم وایە دەبێت بگەنە ڕێککەوتنێك لەسەر چۆنییەتی دابەشکردنی دەسەڵات هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد. من پێم وایە دەبێت عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە و من پشتگیری لە دابەش بوون ناکەم، زۆر هەل و مەرج هەیە کە لەو باوەڕەدام دابەشکردنی چارەسەرە تێیدا، بەڵام بە تێڕوانینی من دابەشکردن لە عێراقدا سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت. واتە دابەشکردن دەسەڵات لە سەر ئاستی ناوەندی و پێدانی ئۆتۆنۆمی مەحەلی کە تەنانەت تێیدا هەرێمەکان کۆنترۆڵی ئاسایشی خۆشیان بکەن. دەبێت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گەرەنتی ئەوە بکات و لەگەڵ هێزە ناوچەییەکانیشدا بگاتە تێگەیشتن و ڕێککەوتنێك لەو ڕووەوە، بۆ نمونە دەبێت لەگەڵ تورکیا بگاتە ڕێککەوتنێك کە هەرێمی کوردستان هەرێمێکی خاوەنی ئۆتۆنۆمیە و خاوەنی هێزی ئاسایشی خۆیەتی. لەبەر ئەوەی من پێم وایە لەسەر بناغەی دابەشکردنی دەسەڵات نەبێت لە سەر هیچ بنچینەیەکی دیکە عێراقییەکان ناتوانن ئاشتی بەدی بهێنن.

پرۆفیسۆر عەبدوڵڵاهی ئەحمەد ئوستادی یاسا لە زانکۆی ئەتلەنتا بۆ گوڵان:



# گرفتی سەرەکی عێراق ئاژاوە و گەندەڵییە

**گرفتە گەورەکە لە عێراقدا گرفتی سیاسییە**

***دوای پێنج ساڵ بەسەر تێپەربوونی شەری عێراق ئێستا چۆن باردۆخی عێراق هەڵدەسەنگێنن؟**

کێشـــەکە ئەوەیە کە ناکرێت بە بێ لەبەرچاوگرتنی سیاسەتی گشتی ئەمەریکا لە ئاست ناوچەکەدا لەم ســـەردانە بڕوانین. سەرەتا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە بە تەواوەتی بەرهەڵســـتی شەڕی ئەمەریکا دەکەم لە دژی عێراق، هەرچەندە سەددام حوسێن تاوانگەلێکی زۆری لە دژی گەلەکـــەی ئەنجامدابوو، لەبەر ئەوەی دەبێت ئەو جۆرە بڕیارانە لە لایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی وەك نەتـــەوە یەکگرتووەکانەوە دەربچێت، نەك وڵاتان بە شێوەیەکی یەکلایەنە ڕەفتار بکەن. لەبەر ئەوە بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی من دژی شەڕەکە بوومە، ئەوا دژی ئەو کەسانەشم کە ئەو شەڕەیان هەڵگیرساند و دژی هەموو دەرئەنجامەکانی ئەو شەڕەشم.

لە رووی مەبدەئییەوە هەمومان هاوڕاین لەســـەر ئەوەی کە توندوتیژی خزمەتی بەرژەوەندییەکانی عێراقییەکان و بە شێوەیەکی گشتی خزمەتی بەرژەوەندییەکانی مرۆڤایەتیش ناکات. لـــە لایەکی دیکەوە زیادکردنی ژمارەی هێزەکان هەرچەندە تا ڕاددەیەك بەرەپێشـــچوونی بەدی هێنا لە بارودۆخی ئاسایشـــدا، بەڵام تاوەکو کێشە سیاسییەکان چارەسەر نەکرێن ئەوا ناکرێت بەرەوپێشـــچونێکی درێژخایەن بەدەست بهێنرێت، لەبەر ئەوە ڕێگاچارەی ســـەربازی بە تەنیا چارەســـەر نییە و دەبێت لەسەر ئاستی سیاسیش پێشـــکەوتن بەدی بهێنرێت، لەبەر ئەوەی گرفتە گەورەکە لە عێراقدا بریتییە لە گرفتی سیاسی.

**عێراق بە بارودۆخێکی زۆر ناسک و هەستیاردا دەڕوات و تەنیا ئاشتەوایی نیشتیمانی دەتوانێت عێراق ڕزگار بکات**

*** لەڕووی سیاســـییەوە پرۆسەی ئاشـــتەوایی نیشتیمانی کێشەیەکی گەورەیە لە عێراقدا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش ئامانجی ئەوەبوو کە بە باشترکردنی بارودۆخی ئاسایش لە عێراقدا دەرفەتێك بڕەخسێنێت بۆ ئەوەی ئەو پرۆسەیە سەرکەوتوو بێت، ئەگەر بارودۆخی ئاسایش بەرەو تێکچـــوون و ئاڵۆز بوون بچێت، بە چ شـــێوەیەك وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەتوانێت کە هاوکاری و پاڵپشتی لایەنەکانی عێراق بکات بۆ ئەوەی لە پرۆسەی سیاسییدا سەرکەوتن بەدەست بهێنن؟**

- بارودۆخـــی عێراق بارودۆخێکی زۆر نائاســـاییە، کێشـــەکە ئەوەیە کە هێزێکی گـــەورەی دەرەکی لە عێراقدا هەیە کە لە ژێر دەســـەڵات و ســـەرکردایەتی هێزی دەرەکیدان، واتە ئەگەر ئەو هێزە دەرەکیانەی لە عێراقدان لە ژێر دەســـەڵات و بڕیاری عێراقییەکاندا بووایە، ئەوا وامان لێکدەدایەوە کە عێراق پشت بە هێزە دەرەکییەکان دەبەستێت بۆ پاراستنی ئاسایش و ئارامی وڵاتەکەی. بەڵام کاتێك ئەو هێزانە لە لایەن ئەمەریکاوە سەرکردایەتی دەکرێن کە خاوەنی بەرژەوەندییە لە ناوچەکەدا، ئەوا ناکرێت ئەو لێکدانەوەیە بکەین. بە داخەوە عێراق بە بارودۆخێکی زۆر ناســـك و هەستیاردا دەڕوات و تەنیا ئاشتەوایی نیشتیمانی نێوان لایەنە سیاسییەکان دەتوانێت عێراق ڕزگار بکات. من پێم وایە دەبێت بوونی هێزە دەرەکییەکان لە عێراقدا بۆ دابینکردنی ئارامی و ئاســـایش بەکار بهێنرێت بۆ ئەوەی لایەنە سیاسییەکان بتوانن ئەو ئاشتەواییە بەدی بهێنن، ئەگەرنا بوونی ئەو هێزانە دەرئەنجامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە.

***ساڵی پار شەڕ لە نێوان شیعە و سوننەکاندا بوو، بەڵام ئێستا شەڕەکە لە نێوان خودی گروپە شیعەکاندایە، پێت وایە ئەمە دەبێتە هۆی شکست پێهێنانی دەوڵەتی عێراق؟**

- نەخێـــر، لەبەر ئـــەوەی زۆربەی وڵاتان بە حاڵەتی شـــەڕ و ناکۆکیدا تێپەڕیـــون، بۆ نمونە خـــودی وڵاتە یەکگرتووەکانـــی ئەمەریکا خۆی دەرئەنجامی شـــەڕێکی ناوخۆی گـــەورە و خوێناویە. تەنانەت وڵاتە دیموکرات و ســـەقامگیرەکانی ڕۆژئاواش وەك بەریتانیا و فەڕەنســـا بە حاڵەتی شـــەڕ و ناکۆکی نێوان هێزە جیاوازەکاندا تێپەڕیون. واتە کاتێك ئەو توندوتیژی و کێشمەکێشەی عێراق لە چوارچێوەی مێژووی خۆیدا دادەنێین، ئەوا هیچ جیاواز نییە لە کێشە و گرفتەکانی وڵاتانی دیکە. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەمری واقیع قبوڵ بکەین، بەڵکو وامان لێدەکات نائومێد نەبین لەچارەسەرکردنی کێشەکە ئەگەرچی کێشەیەکی گەورەش بێت. واتە دەبێت کێشەکە لە چوارچێوە مێژووییەکەی خۆی دابنێین. لەبەر ئەوەی ئەگەر هێزەکانی عێراق بە کورد و شیعە و سوننەکانەوە گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە بە هۆی ئەمن و ئاســـایش و گەشەکردنەوە دەتوانن بەرژەوەندییەکانیان بپارێزین ئەوا پەنا نابەنە بەر توندوتیژی و ناکۆکی.

■ پرۆفیسۆر عەبدوڵڵاهی بە بنەچە سۆدانییە، بەڵام ئێستا ڕەگەزنامەی ئەمەریکی هەیە و پرۆفیسۆری یاسایە لە زانکۆی ئەتلەنتا و نووسەری کتێبی (دەستوور لە ئەفریقیا و ڕۆڵی ئیسلام لەو دەستوورە) و تایبەتمەندیشە لەسەر پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق. سەبارەت بە کێشەی عێراق و ئایندەی عێراق لەناو گێژاوی نەبوونی سەقامگیری و گەندەڵی بەربڵاودا، گوڵان هەڤپەیڤینێکی لەگەڵدا سازکردووە کە ئەمە دەقەکەیەتی. ■

●●●

**کێشەکە ئەوەیە کە هێزێکی گەورەی دەرەکی لە عێراقدا هەیە کە لە ژێر دەسەڵات و سەرکردایەتی هێزی دەرەکیدان**

●●●

**من ئێستا لە سودانم، شەڕێکی زۆر سەخت لە دارفور ڕوودەدات و هەموو لایەک باس لە پێویستی دەستێوەردان دەکەن بۆ ڕزگارکردنی دارفور، بەڵام من پێم وایە سەرەڕای سەختی بارودۆخەکە، ئەوا چارەسەری کۆتایی لە دەستی هێز و سەرکردە ناوخۆییەکاندایە**

واتە دەبێت کێشـــەی عێراق بخەینـــە چوارچێوە مێژووییەکەی کە هیچ جیاوازیەکی نییە لەگەڵ کێشەی ئەو گەلانەی بە قۆناغی داگیرکاریدا تێپەڕیون بۆ ئەوەی بگەینە ناسنامەیەکی نیشتمانی هاوبەش و لە سەر سیســـتەمی حکومڕانی ڕێکبکەوین. لە لایەکی دیکەوە نابێت سەختی کێشە و بارودۆخەکە بە کەم بگرین. واتە دەبێت ئەو هاوسەنگییە بپارێزین لەبەر ئەوەی ئەگەر لە ڕەوتە مێژووییەکەیدا بۆی بڕوانین ئەوا دەبێت ئارام بگرین و لە لایەکی دیکەشـــەوە دەبێت هەمو تواناکانمان بخەینەگەڕ بۆ ئەوەی بە زووترین کات ئەو گرفتانە چارەسەر بکەین.

**بێجگە لە خودی عێراقییەکان**
**کەس کێشەی عێراقی بۆ چارەسەر ناکرێت**

***ئێســـتا عێراق لە بارودۆخێکی خراپ و لە سەر لێواری هەڵدێرە، ئایا ئەمەریکا هیچ ستراتیجیەتێکی هەیە بۆ ڕزگارکردنی عێراق؟**

-نەخێر من پێم وانییە ئەمەریکا هیچ ستراتیجیەتێکی هەبێت لەو ڕووەوە. لە ڕاستییدا ئەوە مەسەلەیەکە بۆ خودی عێراقییەکان خۆیان دەگەڕێتەوە، واتە هیچ هێزێکی دەرەکی، تەنانەت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش ناتوانێت هەڵبستێت بە چارەسەرکردنی تەنگژەی عێراق ئەگەر عێراقییەکان خۆیان ئیرادەی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانیان نەبێت. من ئێستا لە سودانم، شـــەڕێکی زۆر ســـەخت لە دارفور ڕوودەدات و هەمـــوو لایەك باس لە پێویستی دەستێوەردان دەکەن بۆ ڕزگارکردنی دارفور، بەڵام من پێم وایە سەرەڕای سەختی بارودۆخەکە، ئەوا چارەسەری کۆتایی لە دەستی هێز و سەرکردە ناوخۆییەکاندایە. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە شێوەی دامەزراوەیی نەك بە هۆی چەند دەوڵەتێکی دیاریکراوەوە دەتوانێت ســـەرکردەکانی ئەم وڵاتانە هان بدات بۆ ئەوەی پەنا بۆ عەقڵ و حیکمەت ببەن، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد بڕیاری کۆتایی لە دەستی سەرکردە ناوخۆییەکاندایە.

**سەرکردە عەرەبەکان گەلەکانیان نائومێدکردووەو**
**دەبێت بیر لە دۆزینەوەی بەدیل بکەین**

***بەلەرچاوگرتنی واقیعی تاڵی عێراق ئەوا هەڵویستی وڵاتانی عەرەبی لە ئاستی پێویستدا نییە و بێدەنگییەك هەیە لە ئاست بارودۆخی پڕ لە پشێوی عێراق، ئایا شکستهێنانی عێراق لە بەرژەوەندی جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدایە؟**

**من هیچ ئومێدێکم بە سەرکردە عەرەبەکان نییە بۆ ئەوەی گەلەکانیان بەرەو کەناری ئارامی و پەرەسەندن ببەن**

- نەخێر، بە داخەوە من هیچ ئومێدێکم بە ســـەرکردە عەرەبەکان نییە بۆ ئەوەی گەلەکانیان بەرەو کەناری ئارامی و پەرەســـەندن ببەن، سەرکردە عەرەبەکان شکستی بەردەوامی خۆیان ســـەلماندووە لە چارەسەرکردنی کێشە ناخۆییەکانی وڵاتەکانیان و چارەسەرکردنی کێشە ئیقلیمیەکان بە شێوەیەکی گشتی. بە داخەوە ئەم سەرکردانە گەلەکانیان نائومێدکردووەو دەبێت بیر لە دۆزینەوەی بەدیل بکەین و کێشەکان بسپێرین بەو کەسانەی کە بەرژەوەندیان هەیە لە چارەسەرکردنیاندا، ئەویش گەلانی ئەم ناوچەیەیە نەك ســـەرکردەکانیان کە سیاسەتی داپڵۆسین و سەرکوتکردن دەگرنەبەر. لەبەر ئەوە من پێم وایە دەبێت گەلانی ئەم ناوچەیە جڵەوی کاروبارەکانی خۆیان بگرنە دەست و هیچ چارەسەرێکی دەرەکی قبوڵ نەکەن و هەروەها هیچ چارەسەرێك لەلایەن سەرکردەکانیانەوە قبوڵ نەکەن کە نە ئیرادە و نە تێڕوانینیان هەیە بۆ داهاتوو و نە توانای حکومڕانیکردنیان هەیە.

**عێراق بە دەست گەندەڵی و خراپ بەڕێوەبردن و**
**بە هەدەردانی سامانی گشتی و نەبوونی ئاسایشەوە دەناڵێنێت**

***داهاتێکی زۆر لە بەردەستی حکومەتی عێراقیدایە، بەڵام ئەو داهاتە بۆتە سەرچاوەی گەندەڵییەکی بەربڵاو و حکومەتێکی شکست خواردو، کە ئێستا ئارامی و ئاسایش لە وڵاتەکەدا بوونی نییە، ئایا چ ئایندەیەك چاوەڕوانی وڵاتێکی ئاوا دەکات؟**

- بە داخەوە هەمیشە گێژاوێك هەیە کە وەك بازنەیەکی بەتاڵ دەردەکەوێت، کاتێك داهاتەکان بە بێ لێپرسینەوە خەرجدەکرێن، ئەوا گەندەڵی لە ناو کەرتی کارگێڕیدا دروســـت دەبێت و زیان بە بەرژەوەندی گشتی دەگات، لەبەر ئەوە دەبێت ئەو بازنە بەتاڵە لە ناوەوە بشکێنرێت، مەبەستم ئەوەیە لەلایەن خاوەنەکانی ئەو کێشـــەیەوە. گەلی عێراق بە دەست گەندەڵی و خراپ بەڕێوەبردن و بە هەدەردانی سامانی گشتی و نەبونی ئاسایشەوە دەناڵێنێت. لەبەر ئەوە دەبێت هەموو هێزە نیشتمانییە بەرپرسەکان هەمو هێز و توانای خۆیان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی بەرەنگاری ڕەگ و ریشەی گەندەڵی ببنەوە. کاتێك بەرپرسێك سامانی دەوڵەت دەدزێت و ڕای گشتیش ئەم مەسەلەیە قبوڵ دەکات و زۆر جار دەستخۆشیشـــی لێدەکرێت وپێی دەوترێت کەڕیر بووە لە چارەسەرکردنی کێشەکەیدا، ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی درێژکردنەوەی تەمەنی گەندەڵی، بەڵام کاتێك خەڵکی بە شێوەیەکی گشتی ئەو ڕەفتارە سەرکۆنە دەکات و بە شەرمەزاری دەزانێت، ئەوا ئەو کاتە دەستمان کردووە بە چارەسەرکردنی کێشەکە و چاوەڕێ ناکەین چارەسەرێکمان لە ئاسمانەوە بۆ بەرێتەوە یاخو لە ئەمەریکاوە بۆمان بێت.

**ئەمەریکا دووچاری هەڵەیەکی گەورە بووە و**
**بوێری ئەوەشی نییە دان بە هەڵەکەی خۆیدا بنێت**

*** لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە حکومەتی عێراق شکستی هێناوە، تا کەی وڵاتە یەکگرتووەکانی هاوکاری ئەم حکومەتە دەکات؟**

- ئیدارەی ئێستای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دووچاری هەڵەیەکی گەورە بووە و بوێری ئەوەشی نییە دان بە هەڵەکەی خۆیدا بنێت. من پێم وانییە وڵاتە یەکگرتووەکان ئەو کارە بکات و دان بە هەڵە و تاوانی خۆیدا بنێت دەرهەق بە عێراق لەبەر ئەوەی خۆی بەرپرسیارە لێی. لەبەرە ئەوە من لەو باوەڕەدانیم کە ئەمەریکا لە شەو ڕۆژێکدا بگۆڕدرێت و دان بە هەڵەی خۆیدا بنێت و سیاســـەتەکانی لە بەرژەوەندی عێراقییەکان بگۆڕدرێت. ئیدارەی ئەمەریکا لە هەوڵی هێنانەدی بەرژەوەندی عێراقییەکاندا نییە و نابێـــت ئەوەی لێ چاوەڕوان بکەین کـــە خزمەتی بەرژەوەندی عێراق یاخود هەر بەرژەوەندییەکی نەتەوەیی دیکە بکات، لەبەر ئەوە سروشتییە کە ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا لەو بەرپرسیارێتییە رابکات. نابێت ئێمە چاوەڕوانی چارەسەر بکەین لە دەرەوەی ناوچەکەوە.

**نابێت گلەیی لە قوربانی بکەین کاتێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی**
**پەنا دەباتەبەر چەند هەڵوێستێکی سیاسی دیاریکراو**

***هەتا ئێســـتاش عەرەبەکان کورد بەوە تۆمەتبـــار دەکەن کە هۆکاری شکستهێنان و کاولکارین لە عێراقدا، لە کاتێکدا کوردەکان سەلماندویانە هۆکاری سەقامگیری و ئاسایشـــن لە عێراقدا، لێدوانی ئێوە چیە لەم ڕووەوە؟**

-مـــن پێم وایە کوردەکان بـــۆ ڕۆژگارێکی دورودرێـــژ بونەتە قوربانی مامەڵەی خراپ و کەڵك لێوەرگرتنی خراپ نەك تەنیا لە عێراقدا بەڵکو لە شوێنەکانی دیکەشدا. من باوەڕم بە مافی بڕیاردانی چارەنووس هەیە، بەڵام مەرج نییە ببێتە مایەی لێکجیابونەوە و دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ. ئەگەر کوردەکان بتوانن مومارەسەی مافی بڕیاردانی چارەنووس بکەن لە چوارچێوەی عێراقدا ئەوە من ئومێد دەکەم ئەوە بێتەدی. من پێم وایە نابێت گلەیی لە قوربانی بکەین کاتێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی پەنا دەباتەبەر چەند هەڵوێستێکی سیاسی دیاریکراو. کاتێك بۆ ساڵەهای ساڵە کوردەکان بە ئینسافەوە مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێت لە عێراقدا، ئەوا ناتوانین و مافی ئەوەمان نییە گلەیی لە کوردەکان بکەین کە جموجوڵ بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

## پرۆفیسۆر ستیڤن زۆنس پسپۆر لە بواری سیاسەتی شەڕی دژە تیرۆر و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی سانفرانسیسکۆ بۆ گوڵان:



# تەنیا فیدرالییەت عێراق رزگار دەکات، ئەمەریکا نەیتوانی ئەم سیستەمە فیدراڵییە دابمەزرێنێت

**ئەمەریکا نەیتوانی لە عێراقدا ئەو فیدراڵییە پێکبهێنێت کە خاوەنی حکومەتێکی ناوەندی لاواز بێت**

*** هەندیك لە چاودێران شکستی سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا دەگێڕنەوە بۆ بێ بەرنامەیی، ئایا لای تۆ کە چەندین توێژینەوەت لەسەر ئەم سیاسەتە هەیە هەمان خوێندنەوەت بۆی هەیە ؟**

-لە راستیدا ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی لێکی بدەینەوە، ئامانجی ئەمەریکا لە پیادەکردنی ئەم ستراتیژە بریتییە لە زیاتر چەسپاندنی باڵادەستی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا و بەرەنگاربوونەوەی هەر تەحەددایەك لە لایەن هێزە نەتەوەییە توندڕەوەکانەوە بۆ ئەو باڵادەستییەی ئەمەریکا. کاتێك ئەمەریکا هەڵسا بە رووخاندنی رژێمی سەددام ئامانجەکەی ئەوەبوو کە دەوڵەتێکی نامەرکەزی و فیدراڵی پێکبهێنێت کە خاوەنی حکومەتێکی ناوەندی لاواز بێت. هەروەها ئەوەی پەیوەندی بە کوردەکانەوە هەبێت ئەوا وەك هۆکارێکی هاوسەنگی کاردەکەن و وڵاتە یەکگرتووەکانیش نایەوێت ئەو ئۆتۆنۆمییە سەربکێشێت بۆ سەرهەڵدانی دەوڵەتیکی سەربەخۆ واتە شێوەیەك لە سیاسەتی پەرتکە و زاڵ بە پیادە دەکات. بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە ئەمەریکا ناتوانێت کۆنترۆڵی هەموو ئەو هێزانە بکات، بۆ نمونە ناتوانێت کۆنترۆڵی کوردەکانی تورکیا بکات کە شەڕ لە پێناوی مافی بڕیاردانی چارەنووسدا دەکەن. واتە ئەمە دووپاتکردنەوەی سیاسەتە سەرنەکەوتووەکانی رابردووە کە پێیانوایە دەتوانن دەستێوەردان بکەن و دووبارە نەخشەکان بەپێی بەرژەوەندی خۆیان دابڕێژنەوە. هەروەك ئێستا دەبینین کە پشێوی و ناکۆکیان خوڵقاندووە و ناتوانن کۆنترۆڵی بکەن.

**ئەو توندوتیژییە بەردەوام دەبێت و ئەمەریکاش ناتوانێت کۆنترۆڵی بکات**

***ئامانجی سەرەکی ئەمەریکا لە دارشتنی ستراتیژیەتی زیادکردنی هێزی سەربازی لەعێراقدا بۆ هێنانەدی جۆرێك لە سەقامگیری بوو، بەڵام وا بۆ هەفتەیەك زیاتر دەچێت جارێکی دیکە توندوتیژی سەری هەڵداوەتەوە، ئایا لەم بارودۆخەدا ئەمەریکا هیچی پێدەکرێت ؟**

- ئەوە راستە، ئەمەریکییەکان هەمیشە ئەوە دوپات دەکەنەوە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ستراتیجیەتی زیادکردنی ژمارەی هێزەکان سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە و هەر لەو روانگەیەشەوە درێژە بە پابەندبوونی خۆیان دەدەن بەو ستراتیجیەتەوە. بەڵام لە راستیدا هۆکاری کەمبوونەوەی رادەو رەوتی توندوتیژی بۆ راگەیاندنی ئاگربەست دەگەڕێتەوە لە لایەن موقتەدا سەدرەوە، هەروەها بۆ دروست بوونی ئەنجوومەنەکانی سەحوە دەگەڕێتەوە لە لایەن سوننەکانەوە کە شەڕیان لە دژی ئەلقاعیدەکرد، بە هەمان شێوە بۆ ئەو بەربەست و دیوارانە دەگەڕێتەوە کە لە نێوان گەڕەکەکاندا دروست کراون بۆ رێگەگرتن لە بەردەوامبوونی پاکسازی ئیتنی نێوان شیعە و سوننەکان، واتە ئەوانە بەرەپێشچوونی کاتین و کێشە بنەڕەتییەکانیان چارەسەر نەکردووە. واتە لە بەغدا هیچ پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونێك لە پرۆسە سیاسییەکەدا بەدی نەهاتووە. ئەوەی ئاشکرایە کە ئەو توندوتیژییە بەردەوام دەبێت و ئەمەریکا ناتوانێت کۆنترۆڵی بکات و ئەمەش ئاماژەیە بەوەی کە ئەو ستراتیجییەتەی ئەمەریکا سەرکەوتوو نییە.

**ئەو ململانێیەی ئێستا لە شاری بەسرەدا هەیە شەری دەسەڵاتە و لەسەر کۆنترۆڵکردنی ئەو شارەیە**

***پێشتر شەڕەکە لە نێوان حکومەتی عێراق و رێکخراوی ئەلقاعیدە و یاخیبووە سوننەکاندا بوو، بەڵام ئێستا شەڕەکە لە نێوان حکومەتی عێراق و سوپای مەهدی دایە، واتە لە نێوان شیعە و شیعەدا، ئایا مەترسی ئەمە جۆرە ناکۆکیی و شەڕە لە چیدایە؟**

- لە راستیدا هەمیشە کێشە و ناکۆکی هەبووە لە نێو جوداخواز و رەوتە نەتەوەییەکانی ناو یەك پێکهاتە، لە نێوان ئەوانەی خوازیاری باڵادەستی ئیتنین و ئەوانەی خوازیاری یەکگرتوویی عێراقن، ئەوانەی دەیانەوێت لە گەڵ ئەمەریکادا هاوکاری بکەن و ئەوانەی دەیانەوێت ئەمەریکا عێراق بەجێبهێڵێت. واتە چەند ساڵێکە ئەم ناکۆکی و دابەشبوونانە لە ناو خودی شیعە و سوننەکاندا هەبووە و ئێستاش گەیشتۆتە ئاستی تەقینەوە و پەنابردن بۆ چەك و توندوتیژی. ئەوەی بارودۆخەکەی پتر ئاڵۆزکردووە ئەوەیە کە چەند لایەنێك لە ئێران هاوکاری و پاڵپشتی چەند لایەنێکی دیاریکراو دەکەن لە عێراقدا، بە هەمان شێوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش هاوکاری چەند لایەنێکی دیاریکراوی عێراق دەکات و ئەمەش ئەوەندەی دیکە بارودۆخەکەی ئاڵۆزکردووە چارەسەرکردنیان زەحمەت بووە. بۆ نمونە ئەو ململانێیەی ئێستا لە شاری بەسرەدا هەیە

**■ پرۆفیسۆر ستیڤن زۆنس لەسەر ئاستی جیهان یەکێکە لەو تۆژەرەو شرۆڤەکارە سیاسییانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق کە زۆربەی میدیاکانی جیهان پەیوەندی پێوە دەکەن، هەروەها زۆنس لە بواری کاری نووسین و بڵاوکردنەوەی لەسەرجەم رۆژنامەکانی جیهان بڵاودەکاتەوە و تازەترین وتاریشی لەم مانگەدا بریتییە لە:**
**١- قسەکانی هیلاری کلینتۆن لەسەر عێراق**
**٢- بەبۆنەی ٥ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر شەڕی ئەمەریکا لە عێراقدا نامەیەك بۆ کچەکەم.**
**زۆنس لە شرۆڤەی بۆ دۆسیێی عێراق لەگەڵ ئەوەی رەشبینیە بەڵام واقیعییە، دەربارەی ئایندەی عێراق و سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن. ■**

●●●

**ئەو ململانێیەی ئێستا لە شاری بەسرەدا هەیە لەسەر کۆنترۆڵکردنی ئەو شارەیە لەبەر ئەوەی هەر کەس و لایەنێک بەسەر ئەو شارەدا زاڵبێت، ئەوا دەسەڵات و دەسترۆیشتوویەکی زۆری دەبێت**

●●●

**ڕەوتی سەدر بە شێوەیەکی ڕەسمی ئاگربەستی نەشکاندووە و تەنیا داوای یاخیبوونی مەدەنی و مانگرتنی گشتی کردووە. مالیکی شەعبیەتێکی زۆری نییە لە ناو سوننەکانیشدا لەبەر ئەوەی سوننەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە مالیکی پەیوەندی پتەو و نزیکی هەیە لە گەڵ ئێران**

**ئەمەریکا لە روی مەبدەئیەوە پشتگیری لە بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی ناکات**

**کوردەکان بەرپرسیارانە ڕۆڵێکی هاوسەنگ دەگێڕن و مومارەسەی مافی چارەی خۆنووسین دەکەن بە بێ ئەوەی بارودۆخی ناوچەکە ناسەقامگیر بکەن**

**ئەگەر بارودۆخی هەرێمی کوردستان بەرەو خراپ بوون بچێت، ئەوا ئۆباڵەکە لە ئەستۆی کوردەکان نییە، بەڵکو لە ئەستۆی ئەمەریکییەکانە**

لەسەر کۆنترۆڵکردنی ئەو شارەیە لەبەر ئەوەی هەر کەس و لایەنێك بەسەر ئەو شارەدا زاڵبێت، ئەوا دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویەکی زۆری دەبێت لەبەر ئەوەی ڕێژەیەکی گەورەی داهاتی عێراق بە هۆی نەوتی ئەو شارەوە بەدەست دەهێنرێت. هەر بۆیە بارودۆخەکە زۆر ئاڵۆزە.

**ئەگەر مالیکی لە ڕووی سەربازیشەوە سەرکەوتوو بێت ئەوا لە ڕووی سیاسییەوە شکست دەهێنێت.**

***ئەگەر نەتوانرێت ئەو توندوتیژییانە کۆنترۆڵ بکرێن ئایا حکومەتەکەی مالیکی ڕووبەڕووی هەڕەشەی ڕووخان نابێتەوە؟**

- لە ڕاستیدا زەحمەتە بتوانین بڵێین بارودۆخەکە دەگاتە ئەو ئاستە، لەبەر ئەوەی ڕەوتی سەدر بە شێوەیەکی ڕەسمی ئاگربەستی نەشکاندووە و تەنیا داوای یاخیبوونی مەدەنی و مانگرتنی گشتی کردووە. لە لایەکی دیکەوە مالیکی شەعبیەتێکی زۆری نییە لە ناو سوننەکانیشدا لەبەر ئەوەی سوننەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە مالیکی پەیوەندی پتەو و نزیکی هەیە لە گەڵ ئێران، بەڵام ئەگەر توندوتیژییەکان هەڵکشان بە خۆیانەوە ببینن و کوشتاری زیاتری مەدەنییەکان و تێکدانی دامەزراوە مەدەنیەکانی لێبکەوێتەوە ئەوا ڕەنگە ئەمە سەر بکێشێت بۆ دروست بوونی ناکۆکی و دابەش بوونی شیعەکان و ئەو کاتەش مالیکی تەنیا ئەمەریکیەکانی بۆ دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی پشتیان پێببەستێت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە هەتاوەکو زیاتر پشت بە ئەمەریکییەکان ببەستێت ئەوا زیاتر میسداقیەتی لە ناو دانیشتوانی وڵاتەکەدا کەم دەبێتەوە، ئەو کاتە مالیکیش ئەگەر لە روی سەربازیشەوە سەرکەوتوو بێت ئەوا لە روی سیاسییەوە شکست دەهێنێت.

**کورد لە خۆبەڕێوەبردن توانای خۆیان سەلماندووە و بە بەراورد بە بەشەکانی دیکەی عێراق هەرێمەکەیان سەقامگیرە**

***کوردەکان ڕۆڵێکی بنیاتنەرانە دەبینن لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش متمانەی بەو ڕۆڵە هەیە، ئەم ڕۆڵ بینینەی کوردەکان چ کاریگەرییەکی دەبێت بەسەر ناوچەکەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە کوردەکان توانای خۆیان سەلماندووە لە خۆبەڕێوەبردن و هەرێمەکەیان بە بەراورد بە بەشەکانی دیکەی عێراق سەقامگیرە. بەشێکی کێشەکە ئەوەیە کە بە هۆی پەیوەندی نزیکی کوردەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە ڕەنگە ئەمە زیان بە میسداقیەتیان بگەیەنێت لە ناوچەکەدا. هەروەها نیگەرانی ئەوە لە ئارادایە کە سەرکەوتنی هەرێمی کوردستان ببێتە سەرچاوەی هاندان و جۆشدانی کوردەکانی تورکیا و ئێران و ناوچەکانی دیکە و ئەو کاتەش ئەمەریکا نیگەران دەبێت لە دروست بوونی ناسەقامگیری لە ناوچەکەدا بە تایبەتی لە تورکیادا. لەبەر ئەوەی ئەمەریکا لە روی مەبدەئیەوە پشتگیری لە بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی ناکات، بەڵکو تەنیا وەك ئامرازێك بۆ ناسەقامگیرکردنی وڵاتان، بۆ نمونە ئێران بەکاری دەهێنێت. لەبەر ئەوە کوردەکان لە بارودۆخێکی زۆر سەختدان.

بە تێڕوانینی من کوردەکان خوازیارن مومارەسەی مافی چارەی خۆنووسین بکەن و ئەگەر هەل و مەرجیان بۆ بڕەخسێت ئەوان دەیانەوێت جاڕی سەربەخۆیی بدەن. بەڵام کاتێك دەبینن کە بارودۆخەکە لەبار نییە ئەوا هەوڵ دەدەن بە شێوەیەکی ڕەسمی لە چوارچێوەی عێراقدا بمێننەوە، بەڵام ئاستێکی بەرزی مافی خۆبەڕێوەبردنیان هەبێت. لەبەر ئەوە من پێموایە بە شێوەیەکی گشتی کوردەکان بەرپرسیارانە ڕۆڵێکی هاوسەنگ دەگێڕن و مومارەسەی مافی چارەی خۆنووسین دەکەن بە بێ ئەوەی بارودۆخی ناوچەکە ناسەقامگیر بکەن. هەر وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد کوردەکان لە بارودۆخێکی قورسدان، لەبەرچاوگرتنی سیاسەتی پڕ لە دژایەتی ئەمەریکا، وەك پشتگیرکردنی پژاك لە دژی ئێران و سەرکوتکردنی پەکەکە لە بەرژەوەندی تورکیا و دەستێوەردانی دەوڵەتی تورکیا. لەبەر ئەوە ئەگەر بارودۆخی هەرێمی کوردستان بەرەو خراپ بوون بچێت، ئەوا ئۆباڵەکە لە ئەستۆی کوردەکان نییە، بەڵکو لە ئەستۆی ئەمەریکییەکانە، لەبەر ئەوەی دەیانەوێت بارودۆخەکە لە بەرژەوەندی خۆیان بەکار بهێنن.

**وەکو مەبدەئێکی ئەخلاقی پێموایە نەک تەنیا کوردەکانی عێراق بەڵکو کوردەکانی تورکیا و ئێران و سوریاش مافی سەربەخۆیی و ئازادی و مافی بڕیاردانیان هەیە لە چارەنووسی خۆیان**

***چۆن دەتوانین عێراق لەم بارودۆخە ڕزگار بکەین، بە هۆی فیدراڵیزمەوە، یاخود بە هۆی دابەشکردنەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی پەیوەندی بە عەرەبەکانەوە هەبێت من پێموایە دەبێت عەرەبەکان هەوڵی پێکەوە ژیان بدەن، لەبەر ئەوەی ناکۆکی و پاکسازی تائیفی تەنیا بارودۆخەکەی ئاڵۆز کردووە، بەتایبەتی کە شیعە و سوننەکان پەیوەندی هاوسەرێتیان لە گەڵ یەکدا هەیە و بە تێکەڵی لە چەند ناوچە و گەڕەکێکی دیاریکراودا دەژین. ئەوەی پەیوەندی بە کوردەکانەوە هەبێت من لە لایەکەوە وەکو مەبدەئێکی ئەخلاقی پێموایە نەك تەنیا کوردەکانی عێراق، بەڵکو کوردەکانی تورکیا و ئێران و سوریاش مافی سەربەخۆیی و ئازادی و مافی بڕیاردانیان هەیە لە چارەنووسی خۆیان، بەڵام لە لایەکی دیکەوە بەلەبەرچاوگرتنی بارودۆخی لەرزۆك و نیگەرانی سەرهەڵدانی ناکۆکی زیاتر، من پێموایە باشترە ئەو ئۆتۆنۆمییەی ئێستا کوردەکان هەیانە درێژەی پێدەن، بە ئومێدی ئەوەی لە ئایندەدا کوردستانێکی یەکگرتوو و ئازاد دروست بێت. بەڵام دەبێت ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین کە ئەوە ساڵانێکی زۆری دەوێت و دەبێت پرۆسەیەکی قۆناغ بە قۆناغ بێت و بە شێوەیەکی ناتوندوتیژانە هەوڵی بەدەست هێنانی بدرێت، لەبەر ئەوەی خەباتی چەکداری پاساوێك دەدات بە دەست ئەم وڵاتانەوە، بۆ نمونە تورکیا بۆ ئەوەی پتر کوردەکان سەرکوت بکەن.

**گروپە تیرۆریستی و توندڕەوەکان کەڵک لە تووڕەی و نائومێدی خەڵکەکە وەردەگرن**

***وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا عێراق بە گۆڕەپانی سەرەکی شەڕی دژە تیرۆر دادەنێت، ئایا ئەمەریکا توانای بردنەوەی ئەو شەڕەی هەیە و ئایا ئایندەی ئەو شەڕە چی دەبێت؟**

من پێموایە خراپترین شێوازی تیرۆر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە حکومەتەکانی ئەم ناوچەیەوە سەرچاوەی گرتووە نەك لە یاخیبوانەوە، بۆ نموونە حکومەتی سەددام حوسێن و ڕژێمی ئێران نەك هەر لە سایەی پیاوانی ئاینییەوە، بەڵکو لە سەردەمی حکومڕانی شادا. من پێموایە ئەو سیاسەتەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆتە هۆی خولقاندنی ژمارەیەکی زۆری تیرۆریستەکان کە تەنانەت توانای ئەوەشمان نییە بیان کوژین. گروپە تیرۆریستی و توندڕەوەکان کەڵك لە تووڕەیی و نائومێدی خەڵکەکە وەردەگرن، بۆ نمونە کاتێك ئەمەریکا مەدەنییەکان بۆردومان دەکات و پشتگیری لە داگیرکاری ئیسرائیل دەکات، ئەوا هەموو ئەمانە دەبنە پاڵپشت بۆ بانگەشەکانی تیرۆریستەکان کە ئەمەریکا هەوڵی کۆنترۆڵکردن و باڵادەستبوون و سەرکوتکردنی موسڵمانەکان دەدات. من پێموایە باشترین شێواز بۆ کۆتایی هێنان بە تیرۆریزم بریتیە لە شێوازی هەواڵگری و بەدەستهێنانی هاوکاری لە لایەن دانیشتوانی ناوچەکەوە و ئەو کاتەش دەکرێت کە چەند هێرش و گورزێکی سەربازی لە تیرۆریستان ڕەنگە شتێکی پێویست بێت، بەڵام ئەگەر پەنا ببەیتە بەر داگیرکاری و بۆردومانکردنی گوندەکان ئەوا لە بری ئەوەی بارودۆخەکە باشتر بکەیت، خراپتری دەکەیت.

## پرۆفیسۆر جاک شاهێن راوێژکاری کاروباری سیاسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کەناڵی CBS ی ئەمەریکی بۆ گوڵان:



# تەنیا رێگە بۆ سەرکەوتن لە عێراقدا ئەوەیە کورد و شیعە و سوننە بەسەر جیاوازییەکانیاندا زاڵ بن

■ پرۆفیسۆر جاك شاهێن کە ئوستادی سیاسەتە لە زانکۆی باشووری ئیلینوس، هەروەها راوێژکاری کاروباری رۆژهەڵاتیشە لە کەناڵی CBSی ئەمەریکی و نووسەری کتێبی: هەقیقەتی عەرەبی خراپ: هۆلیۆد چۆن گەلێك دەشکێنێت Real bad Arabs: How hollywood vilifes a people هەروەها کتێبێکی دیکەشی هەیە بەناونیشانی عەرەب و ئیسلام لە میدیای ئەمەریکادا.
بۆ هەڵسەنگاندنی رەوشی ئەمڕۆی بارودۆخی عێراق و سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا گوڵان پەیوەندی بە پرۆفیسۆر جاك شاهێن کردو بەرێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن. ■

### هیچ ئومێدێکم بە ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا نییە کە بتوانێت بارودۆخی عێراق چارەسەر بکات

***جارێکی دیکە شەڕێکی خوێناوی لە عێراقدا سەری هەڵدایەوە، شەڕی ئەمجارە لە نێوان حکومەتی عێراق وهیزەکانی میلیشیادایە، ئایا تا چەند ئەم شەڕە زیان بە عێراق دەگەیەنێت؟**

- لە راستیدا ئەو توندوتیژییە پێش هەموو لایەك زیان بە خودی عێراقییەکان خۆیان دەگەیەنێت. کەس ناتوانێت بە دڵنیاییەوە ئەوە یەکلابکاتەوە کە چ سیاسەتێك لە عێراقدا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت. ئێمە دەزانین کە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێنج ساڵ پێش ئێستا بە هێرشکردنە سەر عێراق بڕیارێکی تەواو ناڕاست بوو و ئەوە هەڵەیەکی زۆر گەورە بوو لە لایەن ئەمەریکاوە، لەبەر ئەوەی نزیکەی سەد هەزار خەڵکی مەدەنی عێراق و چوار هەزار سەربازی ئەمەریکی گیانیان لە دەست داوە. ئەوەی پەیوەندی بە پێشبینیکردنی داهاتووەوە هەیە، لە راستیدا ئەوە تا رادەیەکی زۆر دەوەستێتە سەر بوونی متمانە، مەبەستم ئەوەیە ئایا عێراقییەکان متمانە بە خۆیان دەکەن؟ ئایا متمانە بە ئەمەریکییەکان دەکەن کە ئێستا هێزێکی زۆریان لە عێراقدا هەیە؟ ئایا پێویستە هێزەکانی ئەمەریکا بە شێوەیەکی قۆناغ بە قۆناغ بکشێنەوە؟ ئەمانە ئەو پرسیارە بنەڕەتییانەن کە پێویستە لەبەرچاو بگیرێن و چارەسەر بکرێن، ئەو کاتە ئێش و ئازاری عێراقییەکان کۆتایی دێت و دەتوانن بە شێوەیەکی ئاشتییانە پێکەوە بژین و چیتر خۆکوژەکان نابنە واقیعێك لە عێراقدا. پێش ئەوەی ئێمە بچینە عێراقەوە ئەو خۆکوژانە بوونیان نەبوو، لەبەر ئەوە بارودۆخەکە ئاڵۆزە و من دەمەوێت تەواو راشکاوبم لە گەڵتاندا کە من هیچ ئومێدێکم بە ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا نییە لەبەر ئەوەی تەنیا نائارامی و کاولکاری هێناوە بۆ ئەم وڵاتە، هەر بۆیە تەنیا ئومێدی ئەوە دەکەم کە سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا سیاسەتێك بگرێتەبەر کە رێژەی کوشتار کەم بکاتەوە و پتر وڵاتەکە بەئاراستەی سەقامگیریدا ببات.

### تەنیا رێگە ئەوەیە شیعە و سوننە و کورد بتوانن پێکەوە کاربکەن و بە سەر جیاوازییەکانیاندا زاڵ بن

***ئەگەر رەوتی توندوتیژی درێژە بکێشێت و پتر بەرەو هەڵکشان بچێت و چیتر عێراقییەکان نەتوانن بە ئاشتییانە پێکەوە بژین، بۆ نموونە ئێستا شەڕ و ناکۆکی لە نێوان شیعە و سوننەکاندا هەیە، ئایا ئەو کاتە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشتگیری لە دابەشکردنی عێراق دەکات؟**

**پێش ئەوەی ئێمە بچینە عێراقەوە ئەو خۆکوژانە بوونیان نەبوو، من هیچ ئومێدێکم بە ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا نییە لەبەر ئەوەی تەنیا نائارامی و کاولکاری هێناوە بۆ ئەم وڵاتە**

- ئەگەر راشکاوبم لە گەڵتاندا ئەوا من ناتوانم ئەوە دەستنیشان بکەم کە چۆن دەتوانین بە شێوەیەکی بنیاتنەرانە هاوکاری و پاڵپشتی خەڵکی بکەین بۆ ئەوەی دووبارە ژیانی خۆیان بینادبکەنەوە. لە راستیدا بوونی هێزە سەربازییە دەرەکییەکان نابنە هۆکارێك بۆ بەدەست هێنانی ئەو ئامانجە. من هیوادارم خەڵکی عێراق خۆیان هەڵبستن بە سەقامگیرکردنی بارودۆخەکە.

لە راستیدا من پێموایە دابەشکردنی عێراق دەرئەنجامی کارەساتاوی لێدەکەوێتەوە و هەرگیز دابەشکردن رێگاچارەیەکی سەرکەوتوو نەبووە. من ئومێدێکی زۆرم هەیە کە شیعە و سوننە و کوردەکان بتوانن پێکەوە کاربکەن و بە سەر جیاوازییەکانیاندا زاڵ بن.

## ئارامی هەرێمی کوردستان هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ بەشەکانی دیکەی عێراقیش

***هەرێمی کوردستان ماوەی نزیکەی ١٦ ساڵە خۆی بەڕێوەدەبات، نموونەیەکی سەرکەوتووە لەعێراقدا، ئایا تا چەند وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئامادەیە بۆ هاوکاریکردنی ئەم هەرێمە تاوەکو ببێتە هۆکاری سەرکەوتن لە عێراقدا؟**

- من پێم وایە هەموو ناوچە سەقامگیرەکان پشتگیریان لێدەکرێت و درێژە بەو پاڵپشتییەش دەدرێت، لە راستیدا پشتگیریکردنی سەقامگیری سیاسەتێکی سەرکەتووە. هەروەها بە دڵنیاییەوە ئەو ئارامی و ئاسایشەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە کە خەڵکی بێ ئەوە نیگەرانی ئەوە بن کە رووبەڕووی هێرش و توندوتیژی دەبنەوە دەتوانن ژیانی خۆیان درێژە بدەن، هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ بەشەکانی دیکەی عێراقیش.

## گەندەڵی لە ناو خودی ئەو کۆمپانیا ئەمەریکیانەشدا هەیە کە لە عێراق کاردەکەن

***لە روی سیاسی و سەربازییەوە حکومەتی عێراق شکستی هێناوە، چۆن دەتوانرێت ئەم حکومەتە لە شکست رزگار بکرێت ؟**

- من پێموانییە بیرۆکەیەکی باش بێت کە پشتگیری لە حکومەتێك بکەیت کە تەنیا کوشتار و کاولکاری لە نێو خەڵکەکەیدا دەنێتەوە. بەڵام ئایا کێ دەبێتە بەدیل و هەڵدەستێت بە چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی کێشەکان ئەوا من ناتوانم ئەوە دەست نیشان بکەم. بەڵام دەبێت کاتێك دیاری بکرێت بۆ ئەوەی بەم حکومەتە رابگەیەنرێت کە سەرکەوتوویت یان شکستت هێناوە و دەبێت بڕیاری سەخت بدرێت لەو رووەوە.

ئەوەی پەیوەندی بە پێشبینی کردنی ئایندەوە هەبێت من ناتوانم ئەوە دەستنیشان بکەم کە چ دوارۆژێك چاوەڕوانی ئەم وڵاتە دەکات. بەڵام بۆ مەسەلەی گەندەڵی، لە راستیدا گەندەڵی لە ناو خودی ئەو کۆمپانیا ئەمەریکیانەشدا هەیە کە لە عێراق کاردەکەن، بە هەمان شێوە لە سەردەمی شەڕی ڤێتنامدا هەبوو، هاوکاری و یارمەتییەکان دەکەوتنە بەردەستی سەرکردەکانی ڤێتنامی باشوور نەك دانیشتوانی ڤێتنامی باشوور. لەبەر ئەوە من پێموایە دەبێت بە شێوەیەکی راستەوخۆ ئەو هاوکاری و یارمەتییانە لە ناو خەڵکەکەیدا دابەش بکەین و نەهێڵین بکەوێتە بەردەستی بەرپرسەکان.

## کورد سیاسەتێکی ئاشتیخوازانە پیادەدەکات بوونی مۆدێلێکی ئاشتیخوازیش لە ناوچەکە زۆر گرنگە

***کورد وەك هاوپەیمانی ئەمەریکا تاچەند دەتوانێت هەندێك بۆشایی لە سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراق و ناوچەکە پربکاتەوە ؟**

- وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد کورد سیاسەتێکی ئاشتیخوازانە پیادەدەکات، بوونی مۆدیلێکی ئاشتیخوازیش لە ناوچەکە زۆر گرنگە، راستە تورکیا هاوپەیمانێکی بەهێزی ئەمەریکایە، بەڵام رای گشتی ئەمەریکا لە ئاست تورکیادا بەو شێوەیە نییە، هەروەها تاوەکو ئیسرائیل بەردەوام بێت لە سەر درێژە پێدانی فراوانکردنی کۆمەڵگە نێشتەجێکانی جولەکە و داگیرکردنی فەلەستینیەکان ئەوا نائارامی بەردەوام دەبێت. ناتوانرێت پشت بە تورکیا ببەسترێت لەبەر رای گشتی ئەو وڵاتە کە رای گشتی کاریگەرییەکی زوری هەیە بەسەر سەرکردەکانی تورکیاوە، ئەوەی پەیوەندی بە ئیسرائیلەوە هەبێت، ئەوا هەتا وەکو ئیسرائیل سیاسەتی خۆی نەگۆڕێت ئەوا پتر گۆشەگیر دەبێت و زیاتر زەحمەت دەبێت بۆ ئیسرائیل بۆ ئەوەی بگاتە ئاشتی لە گەڵ عەرەبەکاندا، من پێم وایە زۆربەی عەرەبەکان خوازیاری ئاشتین لە گەڵ ئیسرائیلدا، بەڵام تۆ ناتوانیت ئاشتی لە گەڵ کەسێکدا بکەیت کە بەردەوامە لە سەر فراوانکردنی کۆمەڵگەکانی نیشتەجێکردنی جولەکەکان. ئەمەریکاش دەبێت سیاسەتی خۆی بگۆڕێت. ئێمە کاریگەری و دەستڕۆیشتوویەکی زۆرمان هەیە لە ناوچەکەدا، بەڵام دەبێت خەڵکی ناوچەکە خۆیان بڕیار بدەن، کوردەکان و ئیسرائیلیەکان و عێراقییەکان، ئایا دەیانەوێت بە ئاشتی لە نێو خۆیاندا بژین؟ ئایا چ رێگایەك بۆ ژیان هەڵدەبژێرن؟ یاخود بە پێچەوانەوە دەیانەوێت لە شەڕ و ململانێدا بژین و خەڵکی لە سەر هۆکاری بێمانا بکوژرێن.

**ناتوانرێت پشت بە تورکیا ببەسترێت لەبەر رای گشتی ئەو وڵاتە کە رای گشتی کاریگەرییەکی زوری هەیە بەسەر سەرکردەکانی تورکیاوە**